# بـرەو

گۆڤارێکی بواری پەرەپێدانی مرۆیی گشتییە

ژمارە (4) ئازار 2012


































راوێژکاران

شـەماڵ مـوفـتـی    د.کەریم ئەحمەد

د.سادق عەزیز خۆشناو    د. ئەحمەد وەرتی

خاوەنی ئیمتیاز

نەوزاد سەلام خۆشناو

٠٧٥٠٤٥٣٢٢٢٤

khoshnaw_n@yahoo.com

سەرنوسەر

یاسین ئەحمەد زەنگەنە

٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢ - ٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧

yaseenzangana@yahoo.com

بەڕێوەبەری نوسین

عەلی ئیبراهیم حەسەن

٠٧٥٠٤٦٥٩١٧٢

alizhin@yahoo.com

دەستەی نوسەران

ئومێد مستەفا

ئیحسان برهان الدین

ئەمیر ئەحمەد کۆیی

amirkoy@yahoo.com

بەشی ریکلام

٠٧٥٠٤٢٠٠٦٥٦

تایپیست

هاوڕێ یاسین

ناردنی بابەت و پەیوەندییەکان لەڕێگای سەرنوسەرەوە دەبێت .

نرخی 2500 دینارە

هەولێر- شەقامی ئیسکان- بەرامبەر ڕاین مۆڵ

دیزاین گۆڤاری بڕیار




# لاسایی کردنەوە لەنێوان ئەرێنی و نەرێنیدا !!

پێدەچێت مەسەلەی لاسایی کردنەوە بەکارێکی خراپ و نەرێنی ناوزەد بکرێت، لەبەر ئەوەی لە بنەمایەکی فیکرییەوە دەست پێ ناکات، و پشت بە قەناعەتی کەسەکە نابەستێت . بەلاسایی کردنەوە مرۆڤ دەبێتە دەنگ ورەنگ و ئاوازێك بۆ کەسانی ترو خۆشی خاوەنی هیچ بیرۆکەیەك نابێت تا کاربکاتە سەر گەشەکردنی لایەنی هزری و هەستی و کرداری و ئایندەی خۆی، بۆیە ئەم کەسانە بەپێی قەناعەتی خۆیان و لە روانگەی فیکر و هەستیانەوە هەنگاو نانێن. ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش جەختی لەسەر ئەم بابەتە گرنگە کردۆتەوە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆدا رێژراوو، لەچوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەییدا.

لێرەدا ئاماژە بۆ دوو شێوازی لاسایی کردنەوەی نەرێنی دەدەین:

یەکەم: لاسایی کردنەوەی نەوەکان بۆ باوو باپیرانیان. ئەمەش لەرابردوودا پانتاییەکی فراوانی هەبووە، ئەمە و مەسەلەیەکی عاتیفیە کە نەوەکان وابەستەی باوانەکانیان بن، وا دەکات دواتر متمانەیان بەخۆیان نەبێت، کاتێك نەوەکان شوێنکەوتەی باوانیان بن بەشێوەیەکی هەڵە لە رووی فیکر و هزر و لایەنەکانی تری ژیان ئەوا هیچ داهێنانیان نابێت و چەقبەستوو دەبن ، وا دەکات نەوەکان ئەو بیرۆکەو بۆچونانەی باووباپیرانیان بەچاوی رێز و پیرۆزەوە تەماشا بکەن و بە گەورەی بزانن، بێ ئەوەی بوار بدەن بە خۆیان یان بە کەسانی تر گفتوگۆوتاوتوێی بکات یان رەخنەی لێ بگرێت و رەتی بکاتەوە، وەك بێباوەڕ و موشریکەکان دەیانوت ئێمە شوێنکەوتەی ئایین و نەریتی باو و باپیرانمانین و لێی لانادەین ولەسەری دەڕۆین (انا وجدنا أبائنا على أمة وانا على أثارهم مقتدون) الزخرف ٢٣

دووەم: لاسایی کردنەوەی بەشێکی زۆری کوڕان و کچانی ئەم سەردەمەیە بۆهەندێك لە هونەرمەندان و گۆرانیبێژان و وەرزشەوانان و...، لەجلوبەرگ و قژو هەڵسوکەوتدا، ئەم جۆرە لاسایی کردنەوەش زیانێکی گەورەی بە نەوەکان گەیاندووە وبەهۆیەوە بەشێکی رەوشت و بەهای بەرز و پیرۆزیان لەدەست دەدەن، ئەو ئەستێرانەش تەنها بەرژەوەندی ماددی و خودی خۆیان مەبەستە و کار لەسەر وروژاندنی حەز و ئارەزووەکانی خەڵکی دەکەن، بۆیە بەم لاسایی کردنەوەیە خەڵکی زۆر شت لەدەست دەدەن ، ئەوشتانەش قەرەبوو ناکرێتەوە.

بەڵام لە لاسایی کردنەوەدا دیوی دووەمیشی هەیە کە ئەویش لایەنێکی ئەرێنیە کاتێك لاسایی کردنەوەکە بە نمونە جوان و پێشەنگەکان بێت لەسەر ئاستی رۆحی و رەوشتی و زانستی و سیاسی و ... هتد . بۆیە لاسایی کردنەوە و پەیوەست بوون بەو کەسانەوە و بەگەورە تەماشاکردنیان هانیان دەدات تا وەك ئەوان بڕۆن و کاربکەن و لێیانەوە بەهرەمەند بن، ئەمەمش بەهایەکی ئیجابی و خوازراوە، دواتر وا دەکات کەسەکان بەرگری لەو بەهایانە بکەن لەمیانەی کرانەوەیان بەسەر لایەنی فیکری و هزری پێشەنگەکان، بۆیە شوێنکەوتنی پێشەنگی چاك کارێکی دروست و خوازراوە و فەرمانیشی پێ کراوە ئەوەتا پەروەردگاری مەزن و دلۆڤان فەرموویەتی ( لقد كان لكم رسول الله اسوة حسنة ) وێنە و پێشەنگی جوان سەرەنجی مرۆڤ رادەکێشێت و کاری تێ دەکات و لە ژیانیدا رەنگ دەداتەوە، بۆ ئەم مەبەستە شاعیرێکی عەرەب دەڵێت:

فشبهوا ان لم تكونوا مثلهم
ان التشبه بالكرام فلاح

رەنگە زۆر جار پێویستیمان بەلاسایی کردنەوەی نمونە جوان و باش و زیندووەکان بێت، وەك شێوەیەك لە شێوەکانی پەروەردە، ئەمەش کات و توانایەکی باشمان بۆ دەهێڵێتەوە، بەڵام دەبێت بەووردی و ئاگایی و بەرپرسیارێتیەوە کاری پێ بکەین تا مەسەلەکە نەبێتە مەسەلەی هاندانی لاسایی کردنەوە، بەڵکو هاندانی نمونە و ناوەڕۆکێکی دیاریکراو کە ناتوانیت سەرەتا بچێتە نیو قوڵایی ئەو باس و خواسانەوە بەلاسایی کردنەوەیەکی درووست نەبێت.



شەماڵ موفتی
ئەڵقەی ١

# چۆن پلان بۆ ئایندەمان دابنێین؟

هەندێ کەس – بەداخەوە – نازانن چی ئەکەن و بەرەو کوێ ئەچن و ونبونی ئامانج و پلانیش گرنگ نییە بەلایانەوە.

کاتێکیش کە ڕێگەیەك نادۆزنەوە بیانگەیێنێتە ئایندەیەکی پرشنگدارو روون....... یەکسەر دەڕوخێن!!!

لە ناخەوە ویستیان هەیە بەردەوامبن لە سەرکەوتنی پلیکانەکانی سەرکەوتن...

بەڵام لە واقعدا ناتوانن بەردەوامبن.

هەوڵی چاولێکەری سەرکەوتوەکان ئەکەن چ بە خوێندنی زۆر و چ بە مەشق و خۆڕاهێنان ، بەڵام لە راستیدا حساب بۆ کۆسپی بەر ڕێگایان ناکەن و هیچ کۆسپێك لانابەن و زاڵ نابن بە سەریدا.

خۆیان ماندو ئەکەن بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت و زوو سارد ئەبنەوە !!

زۆر حەز بە گۆڕانکاری ژیانیان ئەکەن ، بەڵام نازانن چۆن ؟ و بە چ شێوازێك؟ بۆ؟

چونکە پلانێکی نوسراویان نییە و توانای پلاندانانیان نییە.

گرنگ ئەوە نییە چیت ئەوێ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چۆن دەستت کەوێ، تا بەیانی ئامانجی جوان بژمێرە و ریزیانکە ... بەهای چییە کە بەدییان نەهێنیت؟

لە زانکۆی هارفرد – لە پەنجاکانی سەدەی پێشو دیراسەتێك کرا لە سەر ١٠٠ خوێندکاری قۆناغی کۆتایی . پرسیاری دیراسەتەکە ئەمە بو: ئایا پاش ١٠ ساڵی تر دە تەوێت ببیت بە چی؟ هەمویان (هەر ١٠٠ خوێندکارەکە) نوسیبویان: دەمانەوێت : دەوڵەمەند و سەرکەوتوبین لە جیهانی کارو کاسبیدا، بەڵام ١٠ قوتابی شێوازی گەیشتن بە و ئامانجەیان دارشتبو بە وردی...... پاش ١٠ ساڵ دراسەتەکە دەڵێ: ئەو ١٠ قوتابییەی پلانیان هەبو دەوڵەمەند بون و ٩٠ قوتابییەکەی تر نەگەیشتنە خەونەکانیان لە بەر نەبونی پلانی کار. شایانی باسە سامانی هەموو١٠٠ قوتابییەکە کۆکەیتەوە ٩٦٪ لای ١٠ قوتابییە سەرکەوتووەکەبوو!!

### هەنگاوەکانت بەرەو کوێ دەتبات؟

١- ئایا دەتەوێ باشتر بیت لە ئیستا؟

٢- ئایا دەتەوێ خەون و ئامانجەکانت بێتە دی؟

٣- ئایا دەتەوێ بزانیت تۆ لە کوێدایت؟ و بەم شێوەیەی ئێستات بەرەو کوێ دەڕۆیت؟

بەڵێ

ئەم ( بەڵێ) یە بە پلاندانان دێتە دی

پلاندانان: دیزاینکردنی ئایندەیەکی ئاواتخواز و گەشەکردن بە و هەنگاوە عەمەلییانەی کە دەتگەیێنێتە ئامانجەکانت.

واتا: بارودۆخی ئیستات چۆنە بەوردی (توانا و هێز و دەرفەت و زانیاری و زانست و شارەزایی ...هتد).

- ئەو بارودۆخەی دەتەوێ بیگەیتێ لە ئایندە دا بەو توانایانەی ئاماژەی پێکراوە تا کۆمەڵێك دەرئەنجامی سەرکەوتوت بداتێ.

بەم شێوەیە ( پێوەرێکت بەدەست ئەبێ) ئەگەری گەیشتن و خێرایی هەنگاوەکانت وماوە و کاتی گەیشتنت بۆ رون ئەکاتەوە ئایا گونجاوە ئەو پلانەت یان نا.

### سودی پلاندانان

١- ئاراستەی هەنگاوی راست و ناڕاست دیاری ئەکات.

٢- هەوڵ و رە نجت ڕێك ئەخات

٣- پێوەرت ئەداتێ

٤- ڕێگەکەت بۆ رون ئەکات

٥- تێڕوانین بۆ دەوروبەر رون و ئاشکرا ئەبێت.

٦- خاوەن پلان ئامادەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخ دا

٧- بونی پلان پاڵنەرە بۆ داهێنان

٨- یاریدەرێکی سەرەکییە بۆ زیابونی بەرهەم.

بۆچی خەڵك پلانی دواڕۆژ بۆ خۆی دانانێت

سەرچاوە: موحازەرەی د. عمر عبد الله سویلم

# ئاهەنگ گێڕان به بۆنه ئاينييەكانەوە

د كريم أحمد



زانایانی ئیسلام میتۆدی جیاجیان گرتۆتەبەر بۆ تێگەیشتن لە دەقەکانی قورئان و سوننە و مامەڵە کردن لە گەڵیاندا ، هەندێکیان لەسەر ڕواڵەتی دەقەکان دەوەستن و لێی لانادەن ، هەندێکیشیان لە پشتی دەقەکانەوە هەوڵدەدەن ئەو میتۆدە بخوێننەوە کە خوای گەورە و پێغەمبەری ڕێزدار ڕەچاویان کردوە. ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی جیاوازی نێوان موسوڵمانان .

یەکێك لەو شتانە ئاهەنگ گێڕانە بە بۆنە ئاینییەکانەوە ، ئەوانەی لەسەر ڕواڵەتی دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکان و کردەوەکانی پێغەمبەر دەوەستن دەڵێن ئەم شتانە بیدعەن، ئەوانەشی کە بە ڕەوای دەزانن پشت بە هەندێك دەق و ڕووداو و بەڵگەی عەقڵی دەبەستن بۆ شەرعییەتدان بەو کارانە.

بەڵگەی ئەوانەی دەڵێن نا بۆ یادکردنەوەی بۆنە ئاینییەکان ڕوون و ئاشکرا و سادەیە ، ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر (د.خ) خۆی نەیکردووە و فەرمانی پێنەداوەو هاوەڵانیشی دوای خۆی نەیانکردووە ،کەواتە ئێمەش بۆمان نییە بیکەین ئەگەر نا دەبێتە بیدعە ، لەم سۆنگەیەشەوە هەموو ئەوانەی یادی بۆنە ئاینییەکان دەکەنەوە هەر لە دایك بوونی پێغەمبەر و کۆچی بۆ مەدینە و ئیسراو میعراج و جەنگەکانی ئیسلام و هتد هەموو ئەوانە بە ئەهلی بیدعەت لە قەڵەم دەدەن و بە گومڕایان دەزانن .

من لێرەدا هەوڵ دەدەم پشتی هیچ لایەنێك نەگرم بەڵکو میتۆدێك بخەمە بەر دەستی خوێنەر خۆی بتوانێت لە ڕوانگەیەوە شتەکان هەڵسەنگێنێت: سەرەتا دەپرسم: ئایا دەکرێ هەردوولا ڕاست بن؟

دەڵێم: بەڵێ ! ئەمیان لەسەر ڕواڵەتی دەقەکان وەستابن و ئەوویانیش ڕۆ چووبن بە ناخی دەقەکاندا و هەوڵیان دابێت لە پشتی ئەو دەقانەوە ئەو میتۆدە بخوێننەوە کە خواو پێغەمبەر گرتویانەتە بەرو هەوڵبدەن لە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو دەقانە و ئامانجی خواو پێغەمبەر لە وتن و کردنی ئەو شتانە تێبگەن، ڕێك هەروەکو ڕووداوی بەنی قورەیزە، کاتێك پێغەمبەر د.خ دوای تەواو بوونی جەنگی ئەحزاب بڕیاریدا بچێتە سەر جوولەکەکانی بەنی قورەیزە ، کە پەیمانەکەیان شکاندبوو و پشتی بێبڕواکانیان گرتبوو دژی موسوڵمانان ، فەرمووی (لایصلین احد العصر الا فی بنی قریظه )١

واتە: هیچ کەسێك جگە لە بەنی قورەیزە نوێژی عەسر لە شوێنی تر نەکات، هەندێك لە موسوڵمانان بە پێی ڕواڵەتی دەقەکە نوێژەکەیان نەکرد تا گەیشتنە بەنی قورەیزە چونکە وتیان پێغەمبەر فەرموویەتی دەبێ

نویژەکانتان لەوێ بکەن ، هەندێکیشیان لە مەبەستی ڕاستەقینەی پێغەمبەر گەیشتن لەو قسەیەی کردی ئەویش ئەوەیە کە پەلە بکەن و دوا نەکەون بۆیە نوێژەکەیان کرد و ئینجا بە پەلە کەوتنە ڕێ بەرەو بەنی قورەیزە، کاتێك گەیشتنە بەنی قورەیزە پێغەمبەر د.خ لۆمەو سەرزەنشتی نەکردن و کاری هەردولایانی پەسەند کرد.

لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەم هەڵوێستەی پێغەمبەر د.خ بکرێتە میتۆدێك لە نێوان موسوڵماناندا زۆر کێشەی لاوەکییان بۆ چارەسەر دەبێت و جیاوازی ڕاو بۆچوون لە یەك قبوڵ دەکەن و پەنا نابەنە بەر (تەکفیر و تەفسیق و تەبدیعی) یەکتر.

پرسیارێکی تر: ئایا ڕاستە ئەوەی پێغەمبەر د.خ نەیکردبێ و فەرمانی پێنەدابێت ئێمەش بۆمان نییە بیکەین؟

دەڵێین: بەڵێ ئەگەر زەرورەتێکی وا نەهاتبێتە پێشەوە پێویستی کردبێت ئەو شتە بکرێت، بەڵام ئەگەر زەرووڕەتێك هاتە کایەوە پێویستی کرد ئەو شتە بکرێت ئەوکاتە نەك هەر دروستە بکرێت بەڵکو لەوانەیە کردنی واجب بێت. بۆ نموونە، پێغەمبەر د.خ لە ژیانی خۆیدا نە قورئانی کۆ کردەوە، وە نەفەرمانیشیدا بە کۆکردنەوەی ٢، چونکە تا خۆی لە ژیاندا بوو هیچ مەترسییەك لە سەر قورئان نەبوو، بەڵام کاتێك دوای خۆی مەترسی لەناوچوونی قورئان سەری هەڵدا خەلیفە ئەبوبەکر بە پێشنیاری عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) بڕیاری کۆکردنەوەی قورئانی دا، ئەگەر ئەو کارەشیان نەکردایە گەورەترین زیان لە ئیسلام دەکەوت ٣.

هەروەها دیاریکردنی مێژوویەك بۆ موسوڵمانان، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی پێغەمبەردا پێویستییان پێی نەبوو دیارییان نەکرد، بەڵام کاتێك پێویستییان پێبوو لە سەردەمی خەلیفە عومەردا (ڕەزای خوای لێ بێت) بڕیاریاندا مێژوویەك دابنێن و دوای پرس و ڕاوێژ بە هاوەڵان و هێنان و بردنێکی زۆر، ڕۆژی کۆچی پێغەمبەریان(د.خ) هەڵبژارد بە سەرەتای ساڵی کۆچی بۆ موسوڵمانان.

پرسیاری سێیەم: ئایا دەکرێ شتێك عەقڵ و ژیری بە شتێکی بەکەڵکی بزانێت ئیسلام قەدەغەی بکات و ڕێگری لێبکات؟

لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر، چونکە ئەوە یەکێکە لە بنەماکانی تێگەیشتنی ڕاست لە ئیسلام کە «دەقی شەرعی ڕوون لەگەڵ ژیری ڕاستدا پێچەوانە نییە «شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییەش کتێبێکی گەورەی لەو بارەیەوە هەیە بەناوی «درء تعارض العقل والنقل».

> ئاهەنگ گێڕانیش بە بۆنەکانەوە یەکێکە لەو شتانەی کە هەموو مرۆڤایەتی کۆکن لە سەر ئەوەی کە شتێکی سوود بەخشەو ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بەستنەوەی مرۆڤ بەو شتەی ئاهەنگەکەی بەبۆنەوە دەگێڕدرێت، ئیتر چ ئەو شتە بۆنەیەکی نیشتمانی بێت، یا بۆنەیەکی ئاینی بێت، یا کەسایەتییەکی نیشتمانی، یا نەتەوەیی، وەیا ئاینی بێت.

پرسیارێکی تر: ئایا هەر شتێك بەرژەوەندی مرۆڤی تێدابێت ئیسلام قەدەغەی دەکات؟

لەوەڵامدا دەڵێین: نەخێر، چونکە ئیسلام هاتووە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان

بۆ مرۆڤ، بەتایبەت ئەگەر ئەو شتە لەو جۆرە شتانە بێت کە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاست ئەنجام بدرێت هیچ زیانێکی تێدا نەبێت بۆ هیچ تاکێکی کۆمەڵگە.

ئاهەنگ گێڕانیش بە بۆنە ئاینییەکانەوە یەکێکە لەو شتانەی کە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاست ئەنجام بدرێت زۆر سودبەخشەو کاریگەری زۆری هەیە لە بەهێزکردنی پەیوەندی مرۆڤ بەو شتەوە کە ئاهەنگەکەی بەبۆنەوە بۆ دەگێڕدرێت.

## پەراوێز:

١- ئەمەش دەقی فەرمودەکەیە کە بوخاری ریوایەتی کردووە: حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ أَسْمَاءَ حَدَّثَنَا جُوَيْرِيَةُ بْنُ أَسْمَاءَ عَنْ نَافِعٍ عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَ الْأَحْزَابِ لَا يُصَلِّيَنَّ أَحَدٌ الْعَصْرَ إِلَّا فِي بَنِي قُرَيْظَةَ ، فَأَدْرَكَ بَعْضَهُمُ الْعَصْرُ فِي الطَّرِيقِ فَقَالَ بَعْضُهُمْ لَا نُصَلِّي حَتَّى نَأْتِيَهَا وَقَالَ بَعْضُهُمْ بَلْ نُصَلِّي لَمْ يُرَدْ مِنَّا ذَلِكَ فَذُكِرَ ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَلَمْ يُعَنِّفْ وَاحِدًا مِنْهُمْ .

٢- مەبەستمان کۆکردنەوەیەتی ئەگینا فەرمانی بە نووسینەوەی دەداو چەندین نووسەری سروشی هەبوو.

٣- شایانی باسە ئەو مشت و مڕەی ئێستا هەیە لە نێوان سەلەفییەکان و موسوڵمانانی تردا لە نێوان ئەبوبەکرو عومریشدا ڕوویدا، ئەبوبەکر ڕەزای خوای لێبێت دەیوت چۆن شتێك بکەین پێغەمبەری خوا نەیکردووە؟

عومەر ڕەزای خوای لەسەر بێت دەیفەرموو: سوێند بەخوا ئەوە ئیشێکی باشە. تەنها ئەوەندە!

چونکە جگە لەو بەڵگە عەقڵییە هیچ بەڵگەیەکی تری پێنەبوو ئەبوبەکری پێ ئیقناع بکات!

ئەوەبوو ئەبوبەکر ڕەزای خوای لێبێت هاتە سەر ڕاکەی عومەرو ناردی بەشوێن زەیدی کوڕی سابتدا و فەرمانی پێدا دەستبکات بە کۆکردنەوەی قورئان، زەیدیش ڕەزای خوای لێبێت هەمان ئەو پرسیارەی عومەری ئاڕاستەکردن، ئەوانیش هەمان وەڵامەکەی عومەریان دایەوە!



# چەند ڕێسایەکی گرنگ بۆ ڕێککردنەوەی ڕەفتارەکانت

وەرگێڕانی: خالید ئەلیاس ڕانیە

- هەڵسو کەوت لەگەڵ خەڵکیدا بکەو شێوەیەیەی کەپێت خۆشە هەڵسو کەوتت لەگەڵدا بکەن.

- ئەوەت بۆخەڵکی پێ خۆش بێ کەبۆ خۆتت پێ خۆشە، وەئەوەت پێناخۆش بێ بۆیان کەبۆ خۆت پێت ناخۆشە.

- بۆت ڕەوا نییە کەوا زروفی خراپی خۆت بکەیتە پاساو بۆ خراپەکردن دەرهەق بەکەسانی تر هەرچەندەلەلای خۆت عوزرت هەبێ.

- ئەگەر ویستت دەروونت چاك بکەیت دەتوانی تێکەڵاوی خەڵکی بکەیت، جا ئەو خووڕەوشتو ڕەفتارانەی پێت خراپ بوو لێی دوور بکەوەوە، چونکەئەوانیش ئەو ڕەوشتو ڕەفتارانەی تۆیان پێ خراپەکەتۆ بۆ ئەوانت پێ خراپە.

- مەچۆ ڕەخنە لەڕەفتاری خەڵکی بگریتو خۆت لەیاد بکەیت، بەڵکوو لەپێشدا ڕەخنە لەڕەفتارەکانی خۆت بگرە، چونکەتۆ لەپێشدا بۆ ئەوەیان ڕاسپێرراوی، ئینجا خۆت خەریك بکەبەچاککردنی ڕەفتاری خەڵکانی تر.

- لەیادت بێ کەوا تۆ کۆمەڵێك ئەرکت لەسەرە، هەروەکوو چۆن کۆمەڵێك مافت هەیە، جا هەمو غەمت ئەوەبێ لێکۆڵینەوە لەو واجبانەبکەیت کەوا لەسەرتنو جێبەجێیان بکەیت، چونکەئەوەمەرجەبۆ دەستخستنی مافەکانت.

- ئەگەر کەسێك خراپەیەکی دەرهەق کردیت ئەوە مەکە پاڵنەر بۆ خراپەکردن لەگەڵی، وەئەگەر کەسێك هەڵەیەکی لەمافەکانت کرد ئەوە مەکە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەڵە لەمافەکانی ئەودا بکەیت.

- قوربانی بەئەدەبی خۆت مەدە لەپێناوی ئەدەبکردنی مناڵەکەت، یاخوود ئەدەبی خۆت تێك مەدەلەپێناوی ئەدەبکردنی مناڵەکەت.

- ئەگەر ویستت تێبکۆشی بۆئەوەی خووڕەوشتی چاك بەدەست بهێنی پێویستە لەسەرت فەزڵو سوودەکانی بزانی لەدونیاو دوارۆژدا، بۆ ئەوەی بزانی چ شتێك داوادەکەی.

- لەوانەیە دەروونت وەکوو ئاوێنە وابێ خووڕەوشتو ڕەفتاری ئەوکەسانەی تێدادەربکەوێ کەوا تێکەڵاوییان دەکەیت، وەئەو بیرو بۆچوونانەی تێدابێ کەدەیانخوێنیەوە، جا هەموو کاتێ شتی چاك لەوانەهەڵبژێرە.

- دەتوانی هەقیقەتی ڕەفتارەکانت بزانی بەسەیرکردنی لەم حاڵەتانەدا:-

* کاتێ بەتەنها دەبی، کاتێ تووڕە دەبی، کاتێ فەقیرو نەدار دەبی، کاتێ دەوڵەمەند دەبی، کاتێ بەتوانا دەبی.

- بزانەکەوا هەندێك ڕەفتار هەیە پێویستە لەسەرت کەوا پابەند بی پێوەی لەگەڵ دوژمنەکانت، هەروەکوو چۆن هەندێك ڕەفتار هەیە دەبێ پابەند بی پێوەی لەمەڕ هاوڕێکانت.

- پێویستە لەسەرت کەوا خێرو چاکەئەنجام بدەیت وەپابەند بی بەخووڕەوشتو ڕەفتاری جوان لەگەڵ خەڵکی بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێك بۆخۆت دابنێی.

- مەغرور مەبەبەخووڕەوشتی جوان لەکاتی خۆشیدا تاوەکوو لەکاتی تەنگانەو تووڕەیی‌و هەموو ئەو حاڵەتانەدا تاقی نەکەیتەوە کەپێویستە خووڕەوشتی جوانی تێدا بەکاربهێنی.

- خووڕەوشتو ئادابە ئیسلامیەکان فەزڵێکی ئەخلاقی گەورەیان هەیە، سوودەکەی لەدونیاو دوارۆژدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی دەستی پێیانەوە گرتووەو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، بەڵام گرینگ ئەوەیە بەنیەتی عیبادەت ئەنجام بدرێت.

- پێویستە ئەوەبزانی کەوا یەکەم کەسێك کەپێویستە بەئەدەب بی لەگەڵی پەروەردگارتەکەوا بەجوانی دروستی کردووی‌و هیدایەتی داوی‌و ڕۆزی داوی، وەئەو زاناو ئاگادارەبەهەموو نهێنی‌و ئاشکرایەکت، وەبەتوانایە لەسەر گرتنت یان سزا دانت لەسەر خراپەکانت ئەگەر بیەوەێ.

- بەخشندەیی‌و ئارامگرتن‌و نەرم ونیانی‌و بەزەیی و هاوشێوەکانی لەخووڕەوشتە بەرزەکان لەپڕێکدا نایەن‌و دروست نابن، هەروەکوو بەسانایش نایەنە دەست، وەلەکاتێکی کورتیشدا هەستیان پێناکرێ، بەڵکوو پێویستیان بەکاتێکی دوورو درێژ هەیە، هەروەکوو پێویستیان بەپلەپلەیی (تدرج) و هێواشی و پشوو درێژی‌و قوربانیدان هەیە، بەڵام خووڕەوشتێکی دەروونی پێویستن ئەوەدەهێنن کەوا سەروەت‌و سامانیان تێدا بەخت بکەیت.

- لەگەڵ خەڵکیدا وەکوو مێش هەنگ وابە کەوا لەسەر جوانترین‌و پاکترین دردخت دەنیشێتەوە، وەئەوەی سوودی پێدەگەیەنێ‌و خزمەتی خەڵکی پێدەگات ئەوەدەمژێت، وەواز لەخراپەی خەڵکی‌و هەڵەکانیان بهێنە، وەکوو مێش مەبەکەوا لەسەر پیسترین شت دەنیشێتەوەو لەنێوان خەڵکیدا بڵاوی دەکاتەوەو زیندەوەرانی پێ ئازار دەدات.

- هەڵس‌و کەوت لەگەڵ خەڵکیدا بکەبەگشتی بەهەڵس‌و کەوتێکی هاوڕێیانەو وەکوو ئەوەی بیان ناسی‌و بتناسن، چونکەخەڵکانێك هەن ڕێز لەو کەسانەدەگرن کەوا دەیانناسن بەڵام خەجاڵەتی دەکێشن لەدەستی، لەوانەیە ئەو خەجاڵەتیە نەکێشن بەرامبەر کەسێکی نامۆو نەناسراو.

- هەرکەسێك لێپرسینەوە لەخۆی بکات‌و ئەقڵی بکاتەحەکەم زمانی پاراو دەبێ لەقسەکردندا.

- تۆ لەهەموو کەس باشتر خۆت دەناسی بۆیە مەغرور مەبەبەستایشکردنی خەڵکی کاتێ ستایشت دەکەن‌و پێتاهەڵدەدەن.

- پێویستە بەردەوام ئەوەت لەیاد بێت کەتۆ باشترینی هەموو خەڵکی نیت، وەچاکترینی هەموو خەڵکیش نیت، وەزاناترینی هەموو خەڵکیش نیت، وەئاقڵترینی هەموو خەڵکیش نیت، وەئەم هەستکردنە گرینگە بۆ خۆڕازاندنەوە بەزۆرێك لەڕەوشتە بەرزەکان‌و دوورکەوتنەوە لە زۆرێك لەخووڕەوشتە خراپەکان، چونکە چەندان کەس هەیە لارێ بووە بەهۆی ئەوەی وایزانیوە کەوا چاکترین‌و باشترین‌و زاناترین‌و ئاقڵترینی خەڵکییە!

- هەوڵ بدە وەکو منداڵ ڕەفتار نەکەیت؛ چونکەهەندێك منداڵی گەورە هەن تەمەنی هەندێکیان دەگاتەپەنجا ساڵ!!

- عوزری خەڵکی قەبوڵ بکە لەوشتانەدا کەوا دەرفەتی عوزر قەبوڵ کردنیان تێدایە، وەدەروونت ڕابهێنە لەسەر ئەم ڕەفتارە، چونکە ئەوە لەگرینگترین ماناکانی دەروون بەرزییە، وە لەگرینگترین ماناکانی لێبووردنی دەروونە، وەخۆت بەدوور بگرە لەوەی دەروونت ڕابهێنی لەسەر گرژبوون و تووڕەبوون و حەساسیەت بەرامبەر هەر هەڵەیەك کەوا خەڵکانی دیکە دەرهەقت دەیکەن، بەتایبەت لەبواری مافە کەسیەکانت، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی ئەوە بدە لەگەڵ هەستکردنت بەهەڵەکە هەڵوێستی خاوەن هەڵەکەو بەهانەکانیان تێبگەی کەلەوانەیە لەڕووی ئەقڵی‌و شەرعیشەوە لەجێی خۆیدابێ.




# بۆ شكاندنی بتەكانی ناخمان

عەبدولڕەحمان سدیق

كە (ئیبراهیم) هات بتەكانی شكاندو، فێری كردین كە ئیدی نەوەستین لە حزوری ئەو شتانەی، ئەو بیردۆزانەی، ئەو میكانیزمانەی كە بەدەستی خۆمان بۆ ساڵێك دایدەهێنین، كەچی دواتر سەد ساڵ گیرۆدە دەبین بە دەستیانەوە.

(ئیبراهیم) سەلامی خوای لەسەر پێ ی وتین وابەستەی قاڵبە ئامادەكراوەكانی پێش سەدان ساڵ نەبین، ئەو فێری كردین كە هەر شتێك، هەر بیرۆكەیەك نە سوودی هەبێتو نە زیان، ئیدی ئەوە بتێكە لە بتەكان، جا لە سیاسەتدا بێت یان ئابوری یان پەروەردەو فێركردن .

كە (موسا)هات سەلامی خوای لەسەر داوای لێكرین چاوەكانمان تیژتر بڕوانن‌و نەكەونە داوی ئەو ساحیرو جادوگەرانەی كە سیحر لە چاوەكانمان دەكەن‌و، ڕەشمان بە سپی پێ نیشان دەدەن‌و، گوریس‌و دارمان بەمار بۆ وێنا دەكەن.

ئەو پێمان دەڵێت: ئەوە گوریسە ڕزیوەكانی ساحیرانەو، ئەوەش دارە ساختەكانی جادوكەرانە، ئەوانە كاریان لە چاوی ئێوە كردووەو، ئەوەی دەیبینن خەیاڵە نەك ڕاستیەكان.

ساحیرەكانی سەردەم وەك دەجاڵەكانی داهاتوو ئاگرمان بە ئاو بۆ وێنا دەكەن‌و، دەیانەوێت وەك ئەوان بە یەك تەنها چاوێك لە شتەكان بڕوانین.

كە (عیسا)سەلامی خوای لەسەر، هات، بەدەستی پیرۆزی نەخۆشەكانی چاك دەكردەوەو، شیفای لەخوا بۆ داوا دەكردن.

(عیسا) سەلامی خوای لەسەر، مردووەكانی بە فرمانی خودا زیندوو دەكردەوە.

ئەو لە بێشكەدا قسەی كردو، ئەو خوانێكی بۆ خەڵكی دابەزاند بە فرمانی خودا.

پەیامی (عیسا) سەلامی خوای لەسەر، فێرمان دەكات كە نەخۆشە زۆرو بێ كەسەكانی سەردەم مافی ئەوەیان هەیە ژیانێكی باش‌و جەستەیەكی ساغیان هەبێت، زۆرێك لە مرۆڤە بەلاشە زیندوو بە ڕۆح و ویژدان مردوو پێویستییان بە زیندووكردنەوە هەیە.

لە ئەو فێربووین كە مرۆڤایەتی پیر لە بیرو فكرو كردەوەدا پێویستییان بە كەسێكی نوێیە، نەوەیەكی نوێیە، نەوەیەك لە بێشكەدایە بەڵام قسەی پێیە بۆ گەورە چەق بەستووەكان، لە ئەو فێر بووین كە لە دەرەوەی خوانێكدا ئەوەڵ‌و ئاخیرمان كۆببینەوەو كۆبونەوەمان بكەینە جەژنی تەبایی‌و بەیەك گەیشتن‌و لەیەك گەیشتن‌و پردی پەیوەندیی نێوان پێكهاتەكان.

كە (موحەممەد) دروودی خوای لەسەرهات، پێ ڕاگەیاندین كە ئەو دوا پەیامبەرەو ئیدی لە دوای ئەو پەیامبەرێكی دی نایەت، بەمەش فێری كردین كە ئیدی مرۆڤایەتی پێویستی بە پەیامەكەی ئەوەو، بە پەیامەكەی ئەو وەڵامی پرسیارەكانی دەست دەكەوێت‌و پێدەگات.

فێری كردین كە پەیامی ئەو تەواو كردنی پەیامی پێغەمبەرانی پێش خۆیەتی‌و پەیامەكەی لە (اقرأ باسم ربك الذی خلق)ەوە دەست پێدەكات هەتا (اقرأ كتابك)و، بەمەش پەیامی ئەو پەیامی خوێندن‌و خوێندنەوەیە، پەیامی پیرۆز كردنی زانست‌و پێنووسە.

ئەو درودی خوای لەسەر، بتەكانی بۆ هەتا هەتایە شكاندو، بە نووری ئیمان سیحرو جادووی چاو بەستنی پوچەڵ كردووەو، ژیانێكی كردە گیانی مرۆڤایەتی‌و، گیانێكی نوێشی بەخشییە ژیانی ئادەمیزادو، فێری كردین بەناوی خودا بخوێنین‌و، ڕێز لە پێنووس بگرین‌و، لە بێشكەوە تا مردن بەدوای زانست‌و مەعریفەدا بین.



# با وابکەین بەرامبەر هەست بە خۆشەویستی و دۆستایەتیمان بکات:

## چیرۆکێکی کاریگەر لەسەر خۆشەویستی دایک

و : هاوژین طالب

ماوەیەکە دەستم کردووە بە چوونە دەرەوە لەگەڵ ئافرەتێکی تر جگە لە خێزانم دوای ٢٢ ساڵ بەسەر ژنهێنانمدا، بە بریسکەیەکی نوێ لە خۆشەویستی گەیشتم...

ماوەیەکە دەستم کردووە بە چوونە دەرەوە لەگەڵ ئافرەتێکی تر جگە لە خێزانم، هۆکەشی خێزانم بوو ... ئەو ئافرەتەی یاد هێنامەوە و بیری خستمەوەگەڕ تا پەیوەندی پێوە بکەمەوە.

ئەویش کاتێك کە خێزانم دەست پێش خەری کردو وتی: (زۆر چاك دەزانم چەندت خۆش دەوێت؟!).

ئەو ئافرەتەی کە خێزانم دەیویست لەگەڵیدا بچمە دەرەوە و کاتێکی لەگەڵ بەسەر بەرم دایکم بوو کە دەمێك بوو - لەو کاتەوەی کە پێش ٢٢ ساڵ ژنم هێنا- ئیتر لەگەڵیدا نەچووبوومە دەرەوە، بەڵێ سەرقاڵ بوونم بە ئیش و ژیانی رۆژانە و سێ منداڵ و بەرپرسیارێتیم لەو ئەرکانەی لە ئەستۆمدان ئەمانە هەمووی وایان لێکردبووم زۆر بە دەگمەن سەردانی بکەم.

رۆژێکیان پەیوەندیم بە دایکمەوە کرد و بانگم کرد بۆ ژەمی ئێوارە ئەویش لێی پرسیم:

«خێرە کورم تۆ باشیت»؟

دەمزانی دایکم لە تەلەفۆنی ناوەخت تا رادەیەك دەترسێت و بێ ئارامی و پەشۆکاوی تووش دەبێت. بۆیە پێم وت: «بەڵێ من زۆر باشم دایەگیان بەڵام دەمەوێت پێکەوە بچینە دەرەوە و نەختێك لەگەڵتدا دابنیشم». دایکیشم وتی: «هەرتەنها هەردووکمان؟»

تۆزێك بیری کردەوە و پاشان وتی: «بەڵێ زۆریش حەز دەکەم».

رۆژی پێنچ شەممە و پاش تەواو بوون لە کار، چووم بۆ لای و دایکمم لەگەڵ خۆم برد، تۆزێك شپرزە بووم، کاتێك گەیشتمە لای دایکم بینیم ئەویش وەك من شڵەژاوی پێوە دیارە.

دایکم لە بەر دەرگا بە عەزیزییەکی جوانەوە چاوەڕێی دەکردم وا دیار بوو دواترین کراس بوو کە باوکم بۆی کڕیبوو. دایکم زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: «لە ماڵەوە بە هەموویانم وتووە ئەمڕۆ لەگەڵ کوڕەکەمدا دەچمە دەرەوە، هەموویان دڵخۆش بوون و، لە خۆشیدا خەریکە خۆیان پێ ناگیرێت تا بگەڕێمەوە و دەنگوباسی ئەم شەویان بۆ باسبکەم، ئیتر پێکەوە چوین بۆ چێشتخانەیەکی نا ئاسایی بەڵام جوان و بێ دەنگ ... دایکیشم خان و مان و وەك خاتوونی یەکەم دەستی گرتبووم، پاش ئەوەی دانیشتین من دەستم کرد بە خوێندنەوەی لیستەی جۆری خواردنەکان چونکە دایکم تەنها پیتە گەورەکانی بۆ دەخوێنرایەوە.

لەم کاتەدا کە من لیستەی خواردنەکانم دەخوێندەوە دایکم زەردەخەنەیەکی گەورە لەسەر لێوە چرچ و لۆچەکانی بوو سەیری دەکردم و خوێندنەوەکەی لێ بڕیم و وتی: «رۆژگارێك بوو تۆ پچکۆلە بوویت من بۆ تۆم دەخوێندەوە».

وەڵامم دایەوە: «ئیتر کاتی ئەوە هاتووە شتێك لەو قەرزەی لەسەرمە بیدەمەوە ... تۆ پشوو بدە دایە گیان».

بە دەم نانخواردنەوە زۆر قسەمان کرد و باسەکانمان زۆر ئاسایی بوون، باسی بەسەرهاتی کۆن و تازەی خۆمانمان دەکرد بەشێوەیەك هەتا

دوای تێپەڕبوونی نیوە شەو هەستمان بە کات نەکرد کاتێك گەڕاینەوە و دایکم گەیاندەوە ماڵەوە لە بەردەرگادا دایکم وتی: «رازیم جارێکی تریش هەر پێکەوە بچینە دەرەوە، بەمەرجێك نانخواردنی جاری داهاتوو لەسەر من بێت»، منیش دەستم ماچ کرد و بە خوام سپارد.

پاش چەند رۆژێکی کەم دایکم بە سەکتەی دڵ وەفاتی کرد، ئەوەندە خێرا کۆچی کرد نەمتوانی هیچ شتێکی بۆ بکەم. چەند رۆژێکی تری نەخایاند بە بەریددا کاغەزێکم پێگەیشت لەو چێشتخانەیەوە کە من و دایکم نانی شێوانمان لێخوارد بەیەکەوە، لەسەر کاغەزەکە تێبینییەکی دایکمی لەسەر نووسرا بوو: «نرخی لیستەی حسابەکەتان پێشەکی دراوە چونکە دەمزانی جاری داهاتوو من لەوێ نابم، گرنگ ئەوەیە پارەی نانی شێوانم بۆ دوو کەس داوە بۆ تۆ و بۆ خێزانت.

پێ دەچێت نەزانیت مانای ئەو شەوە بەلای منەوە چەندێك بوو.... خۆشم دەوێیت کوڕی خۆم ئەو ساتە لە شکۆمەندی وشەی «خۆشەویستی» یان «خۆشم دەوێیت» تێگەیشتم.

هەر ئەو کاتەش لە گەورەیی ئەو مانایە تێگەیشتم کە وابکەین لای بەرامبەر هەست بە خۆشەویستی و دۆستایەتیمان بکات.

دایك و باوك رێزێکی گەورەیان هەیە و کەس جێی ئەوانت بۆ ناگرێتەوە بە تایبەت دایك ..... بۆیە ئەو کاتەیان پێ ببەخشە کە ماف و شیاوی خۆیانە.

ئەوە مافی خوای گەورە و پاشان هی دایك و باوکە و هەرگیز ئەو کارانە دواخستنیان تێدا ناکرێت.

خوازیارم بەم نووسینە ببینە هۆکارێك بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتی هەندێك لەوانەی ئەم چیرۆکە دەخوێننەوە کە رەفتاریان لەگەڵ دایك و باوك یان یەکێکیاندا بەرەو باشتر بچێت.

سەرچاوە: ئینتەرنێت

(لەڵقەی سێیەم و کۆتایی)



# ویست و شکست

ئەندازیار : ئازاد مستەفا دیبەگەیی

بەروبوومی شکست کە باسی لێوەدەکەین تەنها بە شێك نیە لە خەیاڵ.. بەڵکو راستیەکە و بوونی هەیە.. ئەگەر بەتەواوی هەستمان پێکرد، ئەوا ئاسان دەبێت بۆ هەر یەکێکمان رووبەرووی ببینەوە وەك هەر شتێکی دیارو بەرچاو لە ژیانماندا.

زۆرێك لە خەڵکان ئەگەر بۆ کارێکیان کۆششیان کردو هەوڵیادا، بە هێندی ئەوەی بتوانن داوای لێبوردن بکەن و پاساو بهێننەوە کە هەوڵیاندا و سەرکەوتوو نەبوون.. دەیانبین کە بۆ خودی خۆیان پاساوێکی بەهێزیان دروست کردووە بۆ ئەوەی بەهێزەوە ناڕەزایی دەرببڕن کە هەوڵیانداوە بەڵام شارەزا نەبوون یان شارەزاییان کەم بوو بۆ بەجێهێنانی کارەکانیان...

وەهاش خۆی نیشان دەدات کە ئەوەی گوێبیستی دەبین بەهێزو کاریگەرو راستە.. بۆیە خۆیان لە خۆیان بوردووەو ئێمەش لێیانمان بووردە زیاتر هەوڵ و کۆشش بکەن لە ژیانیاندا.

بزانە بەرێزم ئەگەر تۆش وەك ئەو کەسە وای کە بەخەون و خەیاڵ ژیان دەباتە سەر.. ئەوە تۆ بەدوو چاو سەیری کۆششی کەسانی تر دەکەی.. یەکەمیان: بەگرینگیەوە.. دووەمیان: بە حەسوودی و ئیرەییەوە.. ئینجا مێشکە بێئاگاکەت پێت دەڵێت: ((بۆ راناوەستی، تا کەی بەردەوام تا ژیانت ماوە واهەست دەکەیت ئەگەر جارێکی تریش هەوڵ بدەیت دەگەیتە ئەوەی کە دەتەوێ؟)) ئینجا بەم شێوەیە بە بەردەوامی پاکانەو پاساو بۆخۆت دەهێنیتەوە.. لە خەونە بە ئاگایەکەت بەردەوام دەبیت.. ئەوکاتەش دەبیتە رەخنەگرێکی توند و رازی بوونت ئەستەم دەبێت.. بۆ گەیشتنت بە ئامانجە نەبراوە بەرزەکانت، بەردەوام سەیری کورتیەکانیان دەکەیت، زۆر باشتر لەوەی لە گەیشتن پێیان بە ئاسانی.. بەم شێوەیەش سەرلەنوێ پاساو بۆ خۆت دەهێنیتەوە لە شکستەکەت.. بەوەش ئەو سەرکەوتنەی کە دروستکراو بووی بۆ گەیشتن پێی و شیاو بووی وەدەستی بێنی، هەمووی دەبێتە خەون و خەیاڵ و لە مێشکدا خوول دەخواتەوە.. ئەو خەون و خەیاڵە بەندو دەستبەسەرانەی ناو مێشکی تۆ گرنگ و پڕ بایەختر دەبن لە خودی سەرکەوتنەکە.. ئینجا رێگای سەرکەوتن پڕ دەبێت لە ترس و ماندووبون و هیلاکی.. کە کارێکی نەخوازراو.. بەڵکو بۆ تۆ زۆر ڤێزەوەرتریشە.. بۆیە بە خەون و خەیاڵەکانت لێی رادەکەیت..

لە دواییشدا شکست دەبێتە بەشت. ئەوکاتەش لە مێشکە بێ ئاگاکەتدا پرسیارێك دروست دەبێت: ((بۆ شکستم هەڵبژارد؟)) ئینجا خۆت بۆ گەڕان بەدوای وەڵام ماندوو ناکەیت.. چونکە وەڵامەکان خۆیان بەسەرتدا دەسەپێنن... ئەو وەڵامانەشە کە ناویان دەنێین بەروبوومی شکست...

لە بەروبوومی شکستیش سەرەخۆشی لە خۆمان دەکەین کە ئێمە دوورکەوتینەتەوە لە ماندوویی و هیلاکی و ئەوانەی میزاجی کۆششکارو کۆڵنەدەرەکان تێکدەدات.. لە بەرووبوومی شکستەکانمان بە خودی خۆمان دەڵێین، ئێمە نامانەوێت بە سەرکەوتنەکانمان ئازاری ئەو کەسانە بدەین کە خۆشمان دەوێن — ئەو گووتەیەش زیاتر لە نێوەندی ئافرەتان و پیاوماقوڵان بڵاوە - .. هەورووەها لە بەروبوومەکانی شکست وادەزانین رزگارمان دەبێت لە قسەو باس و ناوتۆرەو ئەو بریندارابوونەی کە بە کەسانی سەرکەوتوو دەگات..لە بەروبوومەکانی شکست واتێدەگەین ئێمە لە رێگەی شکست پەیوەندی و هاورێیەتیمان لەگەڵ کەسانی دیکە باشتر دەبێت و کاتی زۆرمان بەدەستەوە دەبێت بۆ دەرچوون و گفتوگۆ و یاری و سوعبەت.. بەڵام کەسانی سەرکەوتوو کاتەکانیان ژماردراوە بەوەش کاتی یاری و سوعبەت و تێکەڵبوونیان نیەو ئەگەریش توانیان کاتێك بقۆزنەوە ئەوە هزرو بیریان هەر لەلای کارو سەرکەوتنەکانیانە..

بێگومان رەنگە هەندێك کەس بڵێن ئای ئەنجامەکانی شکست چەند خۆش و شیرینن.. نە ماندووبوون و نە هەوڵ و نە کێشە لە پەیوەندی و تێکەڵیدا نیە.. بەڵام بە برواوە ئەوانە هەمووی خەیاڵن تاکە ئاکامەکەی تەنها مردنی بێ سوودە..

ئەو بەرووبوومەی شکست کە زۆر لە مێشکماندا دووبارە دەبێتەوە ئەوەیە ئێمە خۆمان رزگار کردووە لە هیلاکی و خەم و ماندووبون و ئەو بیرکردنەوەی کە پێش سەرکەوتن دێت..

بەڵام کارەساتی گەورە لێرە ئەوەیە ئێمە دەزانین هەموو بەرووبوومەکانی شکست تەنها خەون و خەیاڵن و هیچی تر نا.. گەواهی بۆ ئەوە، کاتێك دێت لەبەردەمی خۆمان دەوەستین و دەڵێین: «ئەگەر پێش ساڵێك یان لە ساڵێکدا ئەوهامان کردبوایە ئێستا لەبارێکی باشتر دەبووین.. بەراستی هەلێکی باشمان هەبوو بەڵام بەداخەوە لەدەستمان چوو»..

خۆشەویستان..

رەنگە وا بەدیاربێت ئەوەی لەسەر بەرووبوومی شکست باسمان لێوە کرد جێگای خۆشی و بەختەوەری و دوور لە ماندووبوون و هیلاکی بێت.. بەڵام بێگومان بەرووبوومی سەرکەوتن زۆر زۆرترو بەتامترە.. کەمترین ئەو کارو کردەوەی کە دەیکەین ئەگەر باش و بەسەرکەوتووی ئەنجاماندا و تەنها یەك چرکەی خۆشیمان بۆ بێنێ، زۆر پڕ خێرو بەرەکەتترە لە تەواوی ژیانێکی پڕ شکست.. هەروەها ئەو کاتە هەست دەکەین ئێمە تەمەنمان و کارەکانمان بە پێوەرێکی راست و دروست دەپێوین، جیا لە ئەو پێوەرە گۆڕاوانەی کە خەون و خەیاڵ و بێ ئاگایی دروستیان دەکەن، کە وەك ئەوە وایە یەکێك لە دوای ژیانێکی درێژ لە سەر ئاو، تازە پێی بخاتە سەر وشکانی.

با هەموو کاتێك بیر لەو رستەیە بکەینەوە «رەنگە هێشووە ترێیەك بە بیری خەیاڵ شیرین و خۆش و بەتام بێت... بەڵام ئەو کەسە بەراستی تامەکەی دەزانێت کە تامی دەکات».

لەسایتی: ملتقى الاستاذ سهيل عواد للتنمية والتطوير / ملتقى التنمية البشرية والتطوير الذاتي وەرگیراوە.



# لە ئامۆژگارییەکانی دکتۆر ئیبراهیم فەقێ

ئا : احسان برهان الدين

بەیانی بە خۆشحاڵییەوە لە خەو هەستە:

هەندێك کەس کە ڕۆژیان لێ دەبێتەوە دەڵێن: ئەی دونیا بەیانیت باش، بەڵام هەندێکی ترەهن دەڵێن: ئەوە چی بوو وا بەپەلە جارێکی تر ڕۆژ بوویەوە ! خۆت بپارێزە لە بیرۆکەی سەلبی و غەمگین چونکە لەوانەیە هەموو ڕۆژەکەت بەو ڕەنگە داپۆشێت .

-با زەردەخەنەیەك بە روخسارتەوە دیار بێت:

ئەگەر هەستیشت بەوە نەکرد دەتەوێت لێوبەخەندەبیت خۆت وا دەربخەیت باشترە ، چونکە هە ستکردنی نادیار جیاوازی ناکات لەنێوان شتی ڕاستەقینە و پێچەوانەکەی بۆیە ... باشترە بەردەوام بڕیاری ئەوە بدەیت کە ڕوو گەش بیت .

– هەمیشە تۆ دەستپێشخەری سەلام کردن بە:

وەکو لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا هاتووە: (وخيرهما الذي يبدأ بالسلام) البخاری ٦٢٣٧ .

واتە: چاکترینیان ئەوەیە کە دەستپێشخەری سەلام دەکات ..کەواتە چاوەڕوانی بەرامبەرەکەت مەکە و تۆ سڵاوی لێ بکە .

– گوێگرێکی چاك بە: چاك بزانە کە ئەم مەسەلە زۆر ئاسان نییە، کاتیشی پێویستە خۆتی لەگەڵدا ڕابهێنی، بۆیە هەر لە ئێستاوە دەست پێ بکە، قسە ش بەکەس مەبڕەوە ، بەڵکو بایەخدان و گرنگی دەربڕە بۆ بەرامبەرەکەت و گوێگرێکی چاك بە.

– خەڵکی بەناوی خۆیانەوە بانگ بکە:

وا بزانم ناوەکانمان جوانترین شتن گوێ بیانبیستێت، بۆیە تۆیش بانگی خەڵکی بەناوی خۆیانەوە بکە .

– لەگەڵ هەموو کەسێکدا وا مامەڵە بکە کە ئەو گرنگترین کەسە:

لەو حاڵەتەدا هەر هەست بە خۆشی دەکەیت، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریش لە هاوڕێ پەیدا دەکەیت کە هەمان هەستت لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ دەکەن .

– تۆ دەست بکە بە ڕووخۆشی:

ڕۆژانە بەلای کەمەوە ڕووخۆشی و موجامەلە کردن لەگەڵ سێ کەسدا بنوێنە .

- ساڵی لەدایکبوونی کەسانی دەوروبەرت بنووسە:

بەو کارەت دەتوانیت خۆشی بخەیتە دڵی ئەوانەوە و نامەیان بۆ بنێرێت و هیوای ساغ و سەلامەتییان بۆ بخوازیت.

– شتی کوتوپڕ لە نێوان خۆت و هاوسەرەکەتدا دروست بکە:

ناوبەناو دەتوانیت دیارییەکی سادە یان چەپکە گوڵێك پێشکەشی هاوسەرەکەت بکەیت، یان دەتوانیت شتێکی دیاریکراو بکەیت سەرەنجی ئەو ڕابکێشیت، ئەو کاتە هەست بە جیاوازی دەکەیت لە پەیوەندی نێوانتاندا.

– کەسێك کە دەگری دەست لە ملی بکە:

( فیرجینا ساتیر ) ی پسپۆڕی جیهانی لە چارەسەرکردنی کێشەی خێزانی دەڵێت : ئێمە پێویستمان بەچوار دەست لەملکردنی پڕ لە خۆشەویستی هەیە بۆ مانەوە، هەشتی تریش بۆ پاراستنی قەوارەی خێزان، دوانزەی تریش بۆ گەشەکردن، سا

هەر لە ئەمڕۆوە دەست پێ بکەو کاریگەری ئاکامەکەی دەبینی.

– ببە بە هۆکارێك ڕۆژانە کەسێك ڕوو خۆش بێت:

نامەیەکی سوپاسگوزاری بۆ پزیشکەکەت یان فیتەری ئۆتۆمبیلەکەت بنێرە .

– هەمیشەلێو بەخشندە بە:

جارێکیان شۆفێری پاسێك لە شاری دنڤەر لە ئەمریکا تەماشای ڕوخساری سواربووەکانی پاسەکەی کرد و پاسەکەی ڕاگرت ، ئینجا دابەزی و هەندێ شیرینی هێنا و دابەشی کردە سەر سواربووەکاندا ، دواتر ڕۆژنامەیەك چاوپێکەوتنی لەگەڵ ساز کرد و پرسیاری هۆکاری ئەو کارەی لێکرد کە کارێکی ئاسایی نەبوو ، ئەویش لە وەڵامدا وتی : مەبەستم ئەوە نەبوو سەرەنجی ڕۆژنامەکان رابکێشم، بەڵکو خەمۆکیم بە ڕوخساری سواربووەکانەوە بینی بۆیە بڕیارمدا خۆشی بخەمە دڵیانەوە ، چونکە خۆشم لەوکاتەدا هەست بە خۆشی دەکەم ، ئەوەشی ئەنجامەمدا شتێکی کەم نیە لەو بوارەدا .

– لە خۆت و کەسانی تریش ببورە:

زاتی سەلبی لە مرۆڤدا ئەوەیە کە تووڕە دەبێت و تۆڵە دەکاتەوە و سزا دەدات ، بەڵام سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ بێگەردی و لێبوردەیی و چاوپۆشینە لە کەسانی تر.

– هەمیشە وشەی ( بە یارمەتیت، سوپاس) بەکاربێنە:

ئەمانە چەند وشەیەکی سانان بەڵام دەرەنجامەکانیان سەرسوڕهێنەرن، بەو شێوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکە کە خۆت حەز دەکەیت مامەڵەت لەگەڵ بکرێت، بەڕوویاندا پێ بکەنەو ستایشیان بکە و گوێیان لێ بگرە و یارمەتیان بدە وەکو خۆتیش حەز دەکەیت وات لەگەڵ بکرێت، بەم شێوە دەگەینە بەرزترین ئاستەکانی سەرکەوتن . هەمیشە ئەوە ت لە یاد بێت :

هەموو ساتێك بەسەربەرە وەکو دوا ساتی ژیانت، بە ئیمانەوە بژی، بەهیواو خۆشەویستی و تێکۆشان بژی، هاوکات بایەخی ژیانیش بزانە .

# ١٠ ڕێگا
# لە کۆبونەوەکان
# کاتت بۆ کۆدەکاتەوە

و/ علی ابراهیم حسن



١- هەر کۆبونەوەیەك هەستت کرد پێویست نیە زۆر بەپەلە و زیرەکانە کۆتایی پێ بهێنە و لێمەگەڕێ کاتت بە فیڕۆبڕوات .

٢- پێش کۆبونەوە خشتەی کارەکان (جدول الاعمال) دابنێ و بەسەر بەشداربوانی کۆبونەوەکەدا دابەشی بکە کە تۆ بەڕێوبەر و بەرپرسیانی ، هەوڵبدە نوسخەت لا هەبێت .

٣- کاتی دەستپێکردنی کۆبونەوەکان و کاتی کۆتایی کۆبونەوەکە دیاری بکە و بەشداربوانیش لە ماوەی کۆبونەوە ئاگادار بکەوە .

٤- ئەو فەرمانبەر و کەسانە بانگ مەکە کە بۆ کوبونەوەکە پێویست و گرنگ نین ، چونکە کۆبونەوە هەر چەندە ژمارەی بەشداربووانی زۆر بێت، بڕیارەکان کاتیان زیاتر پێویستە .

٥- لە ژووری کۆبونەوە کورسی زۆر نەرم و گران بەها دامەنێ چونکە لایەنی دەرونی مرۆڤ وایە حەز دەکات لە شوێنی مورتاح و زۆر نەرم و خۆش زیاتر خۆی بهێڵێتەوە و کات بەسەر بەرێت، بۆیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە ژووری وەزیرەکان ( تاخم قەنەفە ) ی تیایە !؟ چونکە وەزارەت و فەرمانگە شوێنی ڕاییکردنی کاری هاوڵاتیانە شوێنی میوانداری و قاوە و چاخواردنەوە نیە !؟

٦- لە سەرەتایی کۆبونەوەکە مەبەست وئامانج و پێشبینی و دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی ئەم کۆبونەوە بۆ بەشداربووان باس بکە ، بۆ ئەوەی بەشداربووان بزانن ئامانج لەم دانیشتنە چی یە !؟

٧- لە کۆبونەوەکان پێویستە بەرپرس و بەڕێوبەر خۆی ئامادە بکات و بەشداربوانیش فێربکات چۆن خۆیان بۆ کوبونەوە ئامادە دەکەن .

٨- زوو برۆ ناوەخن و ناوەرۆکی بابەتەکانی کۆبونەوە و خۆت دوور بگرە لە پێشەکی زۆر و دوبارە و بێ سوود و ڕێگەمەدە بەشداربوانیش قسە زۆر درێژ بکەنەوە و فێریان بکە بە کورتی و پوختی قسە ومەبەستەکانیان بخەنە ڕوو .

٩- لە کۆبونەکان تا برگەیەك تەواو نەکەن و بڕیاری لەسەر نەدەن مەچۆنە سەر برگەیەکی تر .

١٠- لە کۆبونەوەی درێژ لە هەر (٩٠) خولەك بری (١٠) خولەك دابنێ بۆ پشوو بۆ ئەوەی بەشداربووان ماندووبونیان بحەسێتەوە ، چونکە لە کاتی ماندووبون و بێزاری بڕیارەکان بە چاکی دەرناچن.

ژێدەر: ١٨١ بطاقة للتميز الاداري / علي حسيني العجمي.

# کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەی

## ئەڵقەی یەکەم



عبدالقهار بلباس
qahar1980@gmail.com

لەم سەردەمە زۆرێك لە نەخۆشی و ڤایرۆسی زیانبەخشی وەکو کۆلێرا و سیل و چەندانی تر سەری هەڵداوە کە دووچاری لاشەی مرۆڤ دەبن و لەوانەشە ببێتە هۆی لە ناوبردنی تووش بووەکە ئەگەر هاتوو چارەسەرێکی گونجاوی نەکات ، یا بەهۆی خۆپارێزیەوە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی نەدات.

بەڵام هەندێ جۆری تر لە نەخۆشی و ڤایرۆسی زیانبەخش هەن کە زیانی گەورە بە تێکڕای ئەو شێوە و ئامرازانە دەگەیەنێت کە هەموو مرۆڤێك بۆ بەڕێوەبردنی کاتەکانی دەیگرێتە بەر، کەتەرخەمی کردن و بەدواخستنی کارەکان و بیانوو دۆزینەوە لە هەموو ئەو نەخۆشیانەی باسمان کرد ترسناکترە بەڵکو بە دوژمنی پلە یەك دادەنرێت لە بەرامبەر بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کات. بێگومان هیچ کەس حەزی لە بە دواخستنی کار و بیانوو دۆزینەوە نیە لەبەر ئەوەی دەردێکی کوشندەیە و بۆ سەر ژیانی هەر تاکێك، جا کەواتە با بزانین بەدواخستن چیە؟ بۆچی کەمتەرخەمی دەکەین لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان؟ ئایا چۆن بیانوو دۆزینەوە بنەبڕ بکەین؟

### * بەدواخستن چیە؟

وشەیەکە بە یەکێك لە زۆرترین ئەو نەخۆشیە بەربڵاوانە دادەنرێت کە مرۆڤایەتی ناسیویەتی، وە یەکێکە لە نەریتە هەرە خراپەکان.

ئەگەر پێناسەی "بەدواخستن" بکەین دەتوانین بڵێین کە بریتیە لە ئەنجامدانی کارێکی لاوەکی لە بری کارە سەرەکیەکە، یاخود ئارەزووی دواخستنی کارو پرۆژەکان و هەموو شتێك لە قۆناغی کۆتایی بۆ بەیانی یان بۆکاتێکی تر ئەویش لە ڕێگەی بیانوو دۆزینەوە، جا لەبەر ئەوەی هەموو شتەکان دوا دەخرێت لە ئەنجامدا هیچ شتێك جێبەجێ ناکرێت، ئەگەر جێبەجێش بکرێت نا تەواو دەردەچێت. بۆ نموونە کوپێکی تر لە چای دەخۆیتەوە لە جێگای ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ سەر کارەکەت یاخود خوێندنەکەت بە بیانووی ئەوەی پێویستیت بە کوپێك چایە بۆ ئەوەی بیر و هۆشت بگەڕێتەوە جێگای خۆی، بە دیار تەلەفزیۆنەوە دادەنیشیت لە کاتێکدا پێویستە یەکێك لە کارە گرنگەکانت جێبەجێ بکەیت، بیانوو بەوە دەهێنیتەوە کە هێشتا کاتێکی زۆرت لەبەر دەم ماوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارەی مەبەستتە... جا پاش ماوەیەکی کەم ڤایرۆسی "بەدواخستن" تەشەنە دەکات بە جۆرێك مرۆڤ لە تەنگەژەیەکەوە بۆ یەکێکی تر گوزەر دەکات لە ئەنجامیش هیچ کارێك جێبەجێ ناکرێت، بە شێوەیەکی تر هیچ شتێك بە لێهاتوویی و وردبینی پێویست بە پایان ناگات.

*ئایا تۆ کەسێکی کارەکانت دوا دەخەی؟

بۆ ئەوەی بزانیت ئایا تووش بوویت بە نەخۆشی "بەدواخستن" یان نا.. هەندێك پرسیار دەوروژێنین بە وەلامدانەوەیان ڕێژەی ترسناکی نەخۆشیەکەت بۆ دەردەخەن:

١- ئایا من لەو جۆرە کەسانەم کە هۆکار دروست دەکەن یاخود بیانوو دەدۆزنەوە بۆ دواخستنی کارەکانیان؟

٢- ئایا بەردەوام بۆ کارکردن پێویستیم بە فشاری زۆرە تاببم بە

کەسێکی لێهاتوو و بەرهەمێن؟

٣- ئایا گرتنە بەری ڕێ و شوێنی تووند پشتگوێ دەخەم بۆ ڕێگری کردن لە دواخستن یان دواکەوتنی ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەك؟

٤- ئایا سەرناکەوم لە کۆنترۆلکردنی گرفتی تر کە پەیوەندی هەیە بە کارەکە یان کۆسپی تر کە ڕێگرە لەبەر دەم تەواو بوونی؟

٥- ئایا هەندێ کات هەست بەوە دەکەم کە گرنگی بە ڕاپەڕاندنی کار نادەم؟

٦- ئایا کارێك کە بۆم نەشێت بە هاورێکانمی دەسپێرم؟

٧- ئایا بوار بۆ بارودۆخە خراپەکان دەڕەخسێنم تاکو ئالۆزتر بێت لە جێگای ئەوەی ڕێگری لە گرفت بکەم لە کاتی دیاریکراو؟

ئەگەر هاتوو وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆربەی بە وشەی (هەمیشە) وەڵام درایەوە ئەوا بێگومان ڤایرۆسەکە بە هەموو لایەکی لاشە بڵاو بۆتەوە، بەڵام ئەگەر زۆربەی وەڵامەکان بە وشەی (هەندێ کات) بوو ئەوا هێشتا دەرفەتی باشت لەبەر دەمە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ نەخۆشیەکە، کاتێك وەڵامەکان زۆری بە وشەی (کەمێك) بێت مانای وایە ڤایرۆسەکە هێشتا لە قۆناغی دروست بوون و گەشەکردن دایە. بێگومان وەڵامەکان هەر یەکێکیان بێت لە ئەنجام هەر کام لە ئێمە لە یەکێك لە بوارەکان دووچاری دەردی "بەدواخستن" بۆتەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی مرۆڤەکان بەمشێوەیەن.

بۆ نموونە زۆرێك لە بەڕێوەبەرەکان هەن ئامادەسازی بۆ کۆبوونەوە گرنگەکان دەکەن لە چرکەساتی یاخود چەند خولەکێکی کەم بەر لە بەستنی کۆبوونەوەکە، هەروەها زۆرێك لە قوتابی و خوێندکار هەن ڕۆژانە ناپرژێنە سەر وانەکان و بیخوێننەوە تەنها شەوێك بەر لە تاقیکردنەوەکان نەبێت، یا هەندێکی تر داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ دامەزراندن لەسەر کارێك بەڵام دوای تەواوبوونی کاتی پێشکەشکردنی داواکاریەکان، هەموو ئەم نموونانەی باسمان کرد بە یەکێك لە شێوەکانی "بەدواخستن" و کەمتەرخەمی دەژمێردرێن.

## خاسیەتەکانی ئەو کەسانەی کار بەدوا دەخەن و کەمتەرخەمن

کەسی کەمتەرخەم بە چەند تایبەتمەندی و خاسیەتێکی سلبی دەناسرێتەوە کە گرنگترینیان:

١- ئارەزووی ئەنجامدانی کارێك دەکەن بەڵکو بڕیاریشی لەبارەوە دەدەن

٢- بە هۆی پێشکەش نەکردنی هیچ شتێك بەردەوام هیچ ئەنجامێك بەدەست ناهێنن لەبەر ئەوەی بە دواداچوونیان بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانیان نەبووە.

٣- ئەگەر بە کەمیش بێت بەڵام هەست بە ئەنجامە خراپەکان دەکەن کە بە هۆی جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانیان دووچاری بوون.

٤- زۆر لێهاتوون لە دۆزینەوەی بیانوو بۆ ئەو کارانەی کە دەبوو جێبەجێی بکەن بەڵام نەیانکردووە

٥- خێرا تووڕە دەبن و بڕیاری نوێ دەردەکەن.

٦- بە هەمان شێوەی پێشوو، بڕیارە نوێیەکانیشیان جێبەجێ ناکەن، بەمەش زیاتر کەمتەرخەمی دەنوێنن.

٧- بەردەوام چەند شتێك دووبارە دەکەنەوە و لە بازنەیەك دەخوولێنەوە کە لە ئەنجامدا تەنگەژەیەك دروست دەکەن ناتوانن چارەسەری بکەن، پاشان دەبینن تەنها ڕێگەیەك کە لەبەر دەمیان بێت بریتیە لە جێبەجێ کردنی هەمان ئەو کارەی دەستی پێ کردووە.

بێگومان خراپترین شت کە لە کار بەدواخستن و کەمتەرخەمی بێتەدی ئەوەیە ببێت بە نەریت و لە ژیان هەستی پێ نەکرێت، نەریتێکی خراپ کە لە ئەنجامدا دەبێتە پاڵەپەستۆ و گرفت و ئاستەنگی زیاتر.

## نیشانەکانی کار بەدواخستن و کەمتەرخەمی

دەتوانرێت پێشبینی و ڕێگری و بەرهەڵستی بەدواخستن بکەین بە جێبەجێ کردنی چەند میکانیزمێك. چەند کار و کردەوەیەك هەن نیشانەن بۆ نەخۆشی بەدواخستن کە پێویستە بەردەوام ئاگاداری بین و دوور بکەوینەوە لێی، ئەوانیش:

١- وازهێنان لە هەوری بیرکردنەوە، بە جۆرێك خەون و خەیاڵ بمانباتەوە و دوور بکەوینەوە لە کار، بۆ نموونە لە جێگای کار کردن بیر لە مۆڵەت وەرگرتن بکرێتەوە، یاخود خۆ خەریك کردن بە گێڕانەوەی یادگاریەکانی پێشوو.. یان بیرکردنەوە لە خەوتن.

٢- پێشوازی کردن لەو ئاستەنگانەی کە ڕێگرن لە بەردەم ئەنجامدانی کار، بۆ نموونە زۆر ئەنجامدانی پەیوەندی تەلەفۆنی ڕۆژانە، سەردانە دووبارە بووەکان بۆ لای خزم و هاورێیان بە بێ دیاری کردنی کاتی پێشوەختە، سەیرکردنی تەلەفزیۆن بۆ ماوەیەکی زۆر.. لەوانەیە هەندێ کات جگە لەوەی ڕێگری لەم ئاستەنگانە ناکەین، بەڵکو هەست بە کامەرانی و ئاسوودەیی دەروونی بکەین لە بوونیان لەبەر ئەوەی دوورمان دەخەنەوە لە شەکەتی کار و ئەرکەکان و لە کۆتاییشدا دەچینە ژێر باڵی ئەو ئاستەنگانە.

٣- بەسەر بردنی کاتێکی زۆر لە خواردنەوەی قاوە و چایی و ژەمی خواردن، هەروەها دەرچوون و گەڕانی زۆر.

٤- خۆ خەریك کردن و گرنگیدان بە کارە لاوەکی و کەم بەهاکان لە جێگای ئەو کارانەی پێویستە ئەنجام بدرێن.

٥- بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆر بۆ ئەنجامدانی کارێکی سادە کە ئەو کاتە زۆرەی پێویست نیە.

٦- یەکێك لەو هۆکارانەی کە هەندێ جار هاندەرە بۆ بە دواخستن، ترسانە لە شکست.



وەرگێڕانی لە توركییەوە:
ئیمان ناصح

# چەپكێك دڕك

تا چەند مانگ پێش ئێستە هەموو شت وەك خۆی دەڕۆی، ژیان هەروەك شەماڵی بەهارێك شیرین و جوان بوو لە كاتێكدا كە بەدووەم منالّییەوە دوگیان بوو توشی ڕوداوێكی هاتوچۆ هات و ئەو بەختەوەری و شادییەی لێسەندراو ڕۆشت

گەر ئەو ڕووداوە نەبوایە ئەوا ئێستا دەیتوانی دووەم منالّی لە ئامێز بگرێت و بەدەستەكانی گۆشی بكات،هاوسەرەكەشی تووشی لەدەست دانی ئیشەكەی بووەوە تەواوی كارەكانی لە ناوچوو

چەند بەحەسرەتەوە چەند مانگێك بوو چاوەڕێ ی هاتنی خوشكەكەی دەكرد بەڵام هەواڵی پێگەشتبوو كە ناتوانێ بێت بۆ سەردانی

لە هەموو ئەوانەش ناخۆشتر بەلایەوە بیری لە قسەی هاوڕێكەی دەكردەوە كەوای دەزانی توانج تێگرتنە كاتێك پێ ی دەوت ئەم ناڕەحەتییانە زیاتر بە ئەزمونترت دەكات ئەمە میهری خودایە

بۆ ئەو ئەم قسانە ئازاردەرێك بوو نەك ئەوەی بتوانێ ناخی پڕبكات لە تێگەشتن و یارمەتی دڵی پڕ ئازاری بدا بیری دەكردەوە ئایا هاوڕێكەی هیچ منالّی لەدەست داوە؟ بێگومان نەخێر كەواتە ئەو هیچ بیرێكی ئەو ناڕەحەتی و تاڵییانەی نییە كە ئەم دەیچێژێ

بەدەم ئەم بیركردنەوانەوە خۆی لە نێو دوكانێكی گوڵ فرۆشی بینییەوە سەرنجێكی لە گوڵەكان دا بینی هەرچەندە گوڵەكان هەمووی سروشتی بوون بەڵام سەرجەمیان بێ ڕەنگ و سیس دەردەكەوتن

ئەمڕۆ ڕۆژی(( سوپاس گوزارییە))

بەدەم بیركردنەوەوە بە خۆی دەوت: بەڵام بۆچی؟ ئاخر سوپاسی چی بكەم؟ سوپاسی ئەو شۆفێرە بێ ئاگایە بكەم كە خۆی پیادا كێشام و تووشی ئەو ڕوداوەی كردم، یان ئەوەی كە بۆخۆم ڕزگارم بوو،بۆچی منالّەكەم گیانی سپارد؟

– بەخێربێیت،چۆن ئەتوانم یارمەتیت بدەم؟

بەم دەنگە تەواو ڕاچڵەكی و توشی شڵەژان هات ئەوە دەنگی خانمی فرۆشیاری دوكانەكە بوو

خانمی فرۆشیار كەسێكی تەمەن مام ناوەندو تێگەشتوو دەردەكەوت

وتی:ببورە،تەنها مەبەستم ئەوە بوو كەوا بیرنەكەیتەوە گرنگیم بە هاتنتان نەداوە

ئافرەتە گەنجەكە: ببورە من شتێكی ڕازاندنەوەم دەویست

خانمی فرۆشیار: بۆ ڕۆژی سوپاسگوزاریتە؟

ئافرەتە گەنجەکە سەرێکی بەواتای «بەڵێ» ڕاوەشاند

خانمی فرۆشیار تێگەشت و وتی: باشە بەڵام ئایا خۆت شتێکت دەست نیشان کردووە؟ یان دەتەوێ خۆم چەپکە گوڵێکی تایبەتیت بۆ ئامادە بکەم؟

لەم کاتەدا خانمی فرۆشیار خەمی بە ڕوخساری ئافرەتە گەنجەکەوە بەدی کرد بەڵام هەر بەردەوام بوو لە قسەکانی درێژەی پێدا: دڵنیام ئەم گوڵانە چیرۆکی جیاوازیان هەڵگرتووە بۆت،وە هەر چەپکێك هەستێکی تایبەتیت پێ دەبەخشێ،ئایا بۆ ئەم ڕۆژە بە شوێن شتێکدا دەگەڕێیت کە بتوانی پێناسەی سوپاسی پێ بکەیت؟

ئافرەتە گەنجەکە ئیتر بەرگەی نەگرت و حەسرەتی ناخی هەڵڕشت: نا نا شتێکی لەو جۆرە نییە،ببورە بەڵام ئەم پێنج مانگەی کۆتایی هەر شتێك بۆم هاتوتە پێش هەمووی بە پێچەوانەوە ڕووی داوە

کاتێك خانمی فرۆشیار گوێ ی لەم قسانە بوو زۆر سەری سوڕما وتی: ئێ کەواتە ڕێك چەپکێکی تایبەتیم بۆ تۆ هەیە

لەو کاتەدا زەنگی دەرگای دوکانە لێ ی داو کڕیارێك هاتە ژورەوە،خانمی فرۆشیاریش زۆر بەمیهرەبانی یەوە پێشوازی لێ کرد پاشان بەرەو ژورێکی پشتەوەی دوکانە ڕۆشت

ئافرەتە گەنجەکە باوەڕی بەچاوی خۆی نەدەکرد کاتێ بینی خانمی فرۆشیار بە چەپکێك گوڵەوە هاتە دەرێ،بەڵام چ چەپکە گوڵێ !!! بەقەدی گوڵەکەوە بێجگە لە دڕکی سەوز هیچ شتێکی دیکەی بەدی نەکرد،هەموو گوڵەکانی لێبڕا بوو چەندە سەیرە تەنها دڕکی پێوە بوو

خانمی فرۆشیار لە کڕیارەکەی پرسی: ئایا دەتەوێت بۆت بکەمە پاکەتێکەوە؟

ئافرەتە گەنجەکە بیری دەکردەوە کە ئەمە گاڵتە پێکردنێك بێت چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە کڕیارەکە بە بینینی چەپکە دڕکەکە نوقمی قا قا ببێت بەڵام نەخێر هیچ کام لەوانە ڕویان نەدا

کڕیار: بەڵێ تکایە،دڵنیام دەزانی چ هەست و خۆشییەکم هەیە کە ماوەی ٣ ساڵە هەمان چەپکی تایبەتت لا دەبەم،خێزانەکەم زۆر حەز بەمە دەکەن،زۆر سوپاست دەکەم.

لە کاتێکدا تەواوی چاوی بڕیبووە ئەو ڕوداوانەی کە لەبەردەمیدا ڕوی دەدا تەواو شڵەژا بوو، باشە چۆن لەسەر چەپکێك گوڵی لەم شێوە سەیرە ئاوا بەئاسایی قسە دەکەن

بۆیە خۆی پێنەگیراو پرسی: ئەو.. ئەو خانمەی کەتۆزێك پێش ئێستا چووە دەرەوە؟

خانمی فرۆشیار: ئێ؟

– ئێ هیچ گوڵێك بەو چەپکەوە نەبوو کەپێت دا

– بەڵێ تۆ ڕاست دەکەی چونکە هەموو گوڵەکانم لێ بڕی بوو

– چۆن؟ بڕیوتە !!!

– بەڵێ بڕیبووم،ئەوە ئەو چەپکە تایبەتە بوو کە تۆزێ پێش ئێستا بۆم باس کردی

ئافرەتە گەنجەکە بەبێ ویستی خۆی دەستی کرد بەپێکەنین و وتی: باشە چۆن پارە بە شتێکی ئاوا دەدەن؟

خانمی فرۆشیار: بەڕاستی دەتەوێ بزانی؟

ئافرەتە گەنجەکە: بێ زانینی ئەوە ناچمە دەرێ لەم دوکانە،یان بۆ هەمیشە لەمێشکمدا دەمێنێتەوەو بیری لێدەکەمەوە

خانمی فرۆشیار دەستی کرد بە قسەکانی و وتی: زۆر باشە، ئەو ژنە کڕیارەی کە تۆزێ پێش ئێستە هات و بە چەپکێك دڕکەوە ڕۆشتە دەرێ ٣ ساڵ پێش ئێستا هەر بەم شێوەیەی تۆ هەستی بە خەم و پەژارە دەکرد بیری دەکردەوە کە هیچ شتێك نییە تا لەسەری سوپاس گوزار بێت،چونکە باوکی بە نەخۆشی شێرپەنجە لەدەست دابوو لەهەمان کاتدا کۆمپانیای خێزانەکەی ئیفلاسی کردبوو لەوە ناخۆشتر بۆی کوڕەکەی توشی بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان ببو،خۆشی دەبوو بە نەشتەرگەرییەکی زۆر گران و ترسناکدا تێپەڕ ببێت

لەم کاتەدا خانمی گەنج بێتاقەتی و ناڕەحەتی دڵی هێنایە سەر زمانی وتی: ئاییییییی

خانمی فرۆشیار بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و وتی: منیش لەهەمان ئەو ساڵەدا هاوسەرەکەم لەدەست دابوو،هەموو بەرپرسیارییەکانی دوکانەکەش کەوتبووە سەر شانی من،یەکەمجارم بوو هەنگاوێکی لەو جۆرە هەڵگرم،ئیتر پشووەکانم بەتەنیا ئەبردە سەر نەهاوسەرم مابوو نە منالێکم هەبوو نە هیچ خزم و دۆستێکی نزیك

خانمە گەنجەکە: باشە،ئەی چیت کرد؟

خانمی فرۆشیار: فێربووم سوپاسی دڕکەکان بکەم

خانمە گەنجەکە: دڕك؟!!!

خانمی فرۆشیار: بەڵێ دڕکەکان،من ئافرەتێکی دیندارم هەموو کات سوپاس گوزاری خوای گەورەم کردووە بۆ ئەو بەخشش و شتە باشانەی کە لەژیانمدا پێ ی بەخشیوم هیچ کات نەمپرسییەوە باشە بۆچی خوای گەورە هەمیشە شتی باشەو چاك بەسەرمدا دێنێت

بەڵام بۆ ڕوداوە و ناڕەحەت و ناخۆشەکان هەمیشە ئەو پرسیارەم کردووە،خوایە ئەم ناخۆشییانە بۆ ئەم بەڵایانە بۆ

بۆ خۆشییەکانی ژیان هەمیشە گوڵم دەروانی و گوڵم دەبینی،بەڵام زانیم بۆ ئەو جوانی و ئاسودەیی و بەخششانەی کە دیاریم کراوە و بۆ تێگەشتن لەوانە

ئەوا پێویستم بە دڕکە

خانمە گەنجەکە: هاوڕێیەکم هەمیشە لە کاتی ناخۆشی و ناڕەحەتییەکاندا دەیەوێت دڵم بداتەوە بەوەی هەموو کات پێم دەڵێت ئەمە ڕەحمەتی خودایە،بەڵام من مناڵەکەم لەدەست داوە بۆیە ئەو دڵدانەوەیەم ناوێ

لەوکاتەدا خانمی فرۆشیار دەیویست بڵێ بەردەوام بە،بەڵام لە ناکاو زەنگی دوکانەکە خەیاڵەکانی تێکدان

ئەم جارە پیاوێکی هەندێك بەتەمەن بوو قژەکانی هەمووی وەری بوو،خانمی فرۆشیاریش وەك ئەرکی خۆی چوو بەدەمیەوەو زۆر بەگەرمی بەخێر هاتنی کرد

پیاوی کڕیارلە ناخەوە زەردەخەنەیەکی کردو وتی: خۆ دەزانی کە بۆچی هاتووم،١٢ لقی دڕکاویم دەوێ بۆ ئەوە لێرەم.

خانمی فرۆشیار: قابیلە نەزانم، بێگومان دەمێکە بۆم حازرکردوی

خانمەکە دەستی برد چەپکێکی زۆر جوانی لەبەرگ گیراوی لە دۆلابەکەدا دەرکردو بەرەو ڕووی کڕیارەکە درێژی کرد

پیاوە کڕیارەکە: زۆر جوانە،دڵنیام هاوسەرەکەم زۆری بە دڵ ئەبێت

ئەمجارەش ئافرەتە گەنجەکە لەناو سەرسوڕماندا هیچ تێنەدەگەشت و پرسی: ئەمانە بۆ هاوسەرەکەتە؟!!!

کڕیارەکە ئەو مەراقەی لەچاوی ئافرەتەکەدا بینی کە خۆی یەکەمجار سەبارەت بە چەپکە دڕك بیستبووی

ئافرەتەکە دوبارە پرسی: ببورە ئەتوانم بزانم بۆ دڕك؟

پیاوەکە وەڵامی دایەوە: لە ڕاستی دا زۆر سوپاسی پرسیارەکەت ئەکەم،من و هاوسەرەکەم پێش ٤ ساڵ هەر چۆن بوو خەریك بوو لەیەك جیادەبوینەوە، ژیانی ٤٠ ساڵەمان هەروا وەخت بوو کۆتایی پێدەهات،بەڵام توانیمان هەم خۆشەویستی و هەم ژیانی هاوسەرییەکەمان ڕزگار بکەین

بەڵێ ساڵی پار هەر لەم ڕۆژەدا بوو من ڕێم کەوتە ئەم شوێنە و ئەم خانمە تێگەشتووەی کە ئێستا لەبەردەمتدایە بینیم،ئەو گۆزەیەکی پێدام کە چەند ساڵ بوو من چاوەڕێم دەکرد

چەپکێك گوڵ و هاوشانی چەپکێك دڕك کە هەر لقێکی یادەوەرییەکی بۆ ئەم خانمە تێدابوو،لە ڕاستیدا ئەوە بۆ منیش تەواو گونجاو بوو

لەگەڵ هاوسەرەکەم لەکاتی بوونی هەر کێشەیەکدا لقی گوڵێکمان دەست نیشان ئەکرد ئەمە بوو کە فێری کردین کێشەکانمان چین و سوپاسگوزار بووین لەسەری،دڵنیام ئەم لقە دڕکاویانەن کە فێرمان دەکەن چۆن بژین و ئایندەمان چۆن بێت

پیاوەکە سوپاسی خانمی فرۆشیاری کردو بەرەو لای دەرگای دوکانەکە ڕۆشت و ئاوڕێکی بەڕووی ئافرەتە گەنجەکەدا دایەوە: پێشنیار دەکەم ئەو چەپکە تایبەتە هەڵبژێری

ئافرەتە گەنجەکە بە دەنگێکی بیرئاڵۆزی یەوە وتی: وا باوەڕناکەم لە ژیانمدا بتوانم سوپاسی دڕك بکەم

خانمی فرۆشیار: بەپێ ی ئەو ئەزمونەی من هەمە وابیردەکەمەوە کە دڕکەکان هۆکارن بۆ زیاتر بەنرخترکردنی گوڵەکان ، لەکاتی ناڕەحەتی و ئازارەکانماندا ئەتوانین هەست بە بەخشش و میهرەبانییەکانی خوای گەورە بکەین ئەو کاتە تەواو نرخی ئەو میهرەبانییە دەزانین هەتا ناخۆشی نەبینین سوپاسی خۆشی یەکانمان ناکەین هەر بەو جۆرەی گوڵ،ئایا بەڕای تۆش وانییە؟

بەسەر کوڵمەکانی یەوە فرمێسك زنجیرەی بەست بوو لە دوای لەدەست دانی مناڵەکەیەوە یەکەم جار بوو کە بتوانێ بگری دوای هەناسەیەك وتی: کەواتە تکایە ١٢ لق گوڵی دڕکاویم بدەرێ

خانمی فرۆشیار بەدەم قسە کردنەوە دەستی کرد بە حازرکردنی چەپکە دڕکەکان و درێژەی بە قسەکانی دا: هەر ئێستا بۆت ئامادە ئەکەم،هیوادارم لە کاتی هەر تەماشاکردنێکدا بتوانی هەست بە ناڕەحەتییەکان بکەیت و بتوانی نهێنی میهرو خۆشەویستی لەناو ئازار و ناخۆشی یەکاندا بدۆزیتەوە

ئافرەتە گەنجەکە: زۆر سوپاست دەکەم،نرخەکەی چەندە؟

خانمی فرۆشیار: هیچ ناکا گرنگ ئەوەیە تۆ بتوانی لە دڵەوە هەڵبژاردنەکانت پەسەند بکەی،چەپکی یەکەمی ئەمساڵ دیاری منە

لەو کاتەدا کارتێکی بەرەوە ڕووی ئافرەتە گەنجەکە درێژ کردو وتی: من ئەم کارتە ئەکەمە ناو هەموو چەپکەکانەوە،بەڵام ڕەنگە حەز بکەی لە پێشدا بیخوێنیتەوە بزانی چی تێدا نوسراوە

ئافرەتە گەنجەکە لە دەستی وەرگرت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئەو چەند ڕستەی کە تێیدا نوسرابوو

**خوایە گیان هیچ کەس بۆ دڕکەکان سوپاس گوزارت نەبوون،بەڵام زۆر کەس بۆ گوڵەکان سوپاس گوزارییان دەربڕیوە، خودایە فێری نرخی دڕکەکانم بکە داوای یارمەتیت لێ دەکەم تا بتوانم میهر و خێری ناو ناڕەحەتی و ئازارەکان بدۆزمەوە.**

# تۆ جیاوازنیت... بەڵام جیاوازی؟!



هاودین زانا

مرۆڤەکان لە لەدایك بوون و گەورەبوون و باڵاکردن و گەنجی و پیری و خواردن و خەوتن و زۆر سیفەت و شێوەدا هاوشێوەن، بەڵام هەر یەکەشیان تایبەتمەندی خۆیان هەیەو خاوەنی بەهرەو لێهاتویی تایبەت بەخۆیانن و هەرکەسە ناو و ناوەرۆکێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات، تۆ جیاوازیت لەوانی تر بەوەی کە خۆت خاوەنی بیروڕاو تواناو لیهاتوویی تایبەتی خودی خۆتی، ئەوە تۆی کەبڕیار دەدەی لەخوێندن کارو پیشەو لەفەرمانگەو گارکەو کۆڵان گەڕەك و شارو وڵاتت کەسایەتیەکی چۆنبیت... جیاوازو داهێنەربیت، بەرهەمدارو بەرهەمهێنەربیت، پێشەنگ و پێشڕەوبیت و تاقانەیی خۆت بسەلمێنیت، بەدۆزینەوەو بەکارهێنانی وزەو بەهرەکانت و پیادەکردنی کۆمەڵێك بنەماو بەرنامە لەژیانت، بۆ ئەوەی لەژیاندا جیاوازبیت ئەم بنەمایانە پیادەبکە.

## ١- بەرنامە ڕێژیت بۆ چرکەکان

بەرنامە ڕێژی دانانی بەرنامەکانی ڕۆژانە(جەدوەل) هەرکەس و تاکێك پڕۆگرام و بەرنامەی ژیانی جیاوازە، چونکە تاکەکان لەپیشەو کاری ژیانیان جیاوازن، وە لە ماوەی کاتیشدا جیاوازن و کاتێکیان هەیە بۆ خزمەتکرن بەخۆیان و خەڵکی...، دەوامی دکتۆر جیاوازە لەدەوامی ئەندازیارو ئەویش جیاوازە لە دەوامی پیشەوەرو مامۆستاو...، بەڵام لەچەند خالێکدا هەموویان هاوبەشن ئەوەش بەبوونی کاتی پشووە دوای دەوامی تایبەتی و فەرمی و بەئەنجامدانی پشووی روحی جەستەیی و نەفسیان و ماوە دانان بۆ خوێندنەوە وەك ووتراوە(خوێندنەوە خۆراکی روح و عەقڵە)، ماوەدانان بۆ داهێنان یا نووسین، بەخشینی کاتێکی تایبەت بەخێزان و ماڵ و منداڵ، ئەمانەیە کەتۆ جیاواز دەکات لەهەڵبژاردن و اختیارکردن بۆ جیاوازبوون و بەرەولووتکە چوونت.

**٢- ببەخشە:** بە بەخشینی کەمێك لەماڵ و سەروەتت یا زانست و زانیاریت و تواناو هێزی جەستەیت دڵنیابە کەمناکەن و زیاد دەکەن، چونکە بەڵێنی بەدیهێنەرە...

تۆ ببەخشە بۆ ئارامی دەروون و روحی خۆت، ببەخشە چونکە نەمامی ژیانت بەبەخشین نەش و نمادەکات.

**٣- دوامەکەوە:** جیاوازبە بەوەی کەلەپێشکەوتنەکانی ڕۆژگاردا ئاگادارو لێزانبیت بەرامبەر بەهاتنە ناوەوەی هەر شتێکی نوێ لەهەر بوارو ڕێچکە و ڕێبازێکدابێت شارەزاییەکی گشتی پەیدابکەو لەپێشکەوتن و داهێنانە نوێکان بەئاگابە، بەڵام کاتی زیاد لەپێویستی پێ مەبەخشە تا نوقم و نغرۆی ئەو دەریا بێ بنە نەبیت و پیشەو پسپۆڕیەکەی خۆت بیربچێتەوە، گۆڤار یا ڕۆژنامەیەك دیاریبکە تا لەوبوارەی حەزت پێیەتی زانیاریت پێ بدات، بزانە هەتا زیاتر فێربیت زیاتر پێش دەکەویت ئەم ووتەیەمان بابیربێت کەدەڵێت» لەهەر شتێك کەمێك بزانە لە یەکێکیاندا مامۆستابە.

**٤- هاوڕێیەتی کەسانی جیاوازبکە...**

تۆ جیاواز دەبیت بەهەڵبژاردنی ئەو کەسانەی حەزو ئارەزوو خەون و خولیایان داهێنان و پێشکەوتن و نوێبوونەوە و بەرەوپێشچونە، بەنزیکی و هاوڕێیەتیان ژیانت بەرەوپێش دەچێت و لەخەزێنەی ئەزمویان فێردەبیت و لەبەهرەو داناییەکانیان بەهرەوەردەبیت هەر وەك ووتراوە ((پێم بڵێ هاوڕێی کێیت، پێت دەڵێم تۆ کێیت))

بیرتبێت تۆ جیاوازیت بە هەڵبژاردن و بڕیاردانی دروست، تۆ جیاوازیت بەوەی لەژیانەوە فێربیت کە خۆت خوڵقێنەری ئەمڕۆ و ئایندەتیت لەبڕیاردانی ناختدا، پەند لەرابردوو وەربگرەو خەم و پەژارەی بۆ مەخۆ، چونکە مرۆڤ وابەدیهێنراوە ناتوانێت و بگەڕێتەوە بۆ دواوەو دەستکاری ڕابردووی بکا، بەڵام دەتوانیت ئەمرۆی باشترین ڕۆژتبێت لەرۆژەکانی ژیانت و بەباشترین شێوە کارەکانت ئەنجام بدەیت و ئایندەت بسازێنیت و ژیانت بڕازێنیتەوە، تۆ بەجیاوازبونت دەتوانیت تەمەنت بکەیتە پێنوسێك و هەر رۆژە داستانێکی پڕ خزمەت و سەروەری پێ بنوسیتەوە، جیاوازبژی و جیاواز بەدەست بێنە دونیا جیاوازتر بکە بەجوانی.

hawdinzana@yahoo.com



و: ئازاد مستەفا دیبەگەیی

# پادشایی بۆ تەنها ساڵێك

دەگێڕنەوەو دەڵێن شارێك هەبووە واباوبوە خەڵكی ئەو شارە هەرجارێك پادشایەكیان بۆ تەنها ساڵێك هەڵدەبژارد، پاش ئەو ساڵەش جلێكی پڕ بەهاو قەشەنگ و جوانیان لەبەر دەركردو بەسواری فیلێك بە شاردا دەیان گێڕا و لە ساتێكی ناخۆش و پڕ غەم و پەژارەوە خواحافیزیان لێ دەكردو بە بەلەمێك بەرەو دوورگەیەكی دوور بەڕێیان دەكرد تا دوا چركەكانی ژیانی لەوێ بەسەر ببات. جارێكیان دوای بەڕێكردنی یەكێك لەو پادشایانەو لەكاتی گەڕانەوەدا چاویان بە كەشتیەكی تازە نقوم بوو كەوت، لە تەكیەوە گەنجێك لەترسی نقومبوون بە تەختەدارێكەوە خۆی هەڵواسیبوو. هەرچۆنێك بێت گەنجەكەیان ڕزگار كرد. دوای باس وخواس داوایان لێكرد تەنها بۆ ساڵێك ببێت بە پادشایان. سەرەتا گەنجەكە ڕەتی كردەوە، بەڵام دوای بیركردنەوەیەك ڕەزامەندی نیشاندان. خەڵكی شارەكەش ڕێ وجێ و ڕێنماییەكانی فەرمانڕەوایەتیان پێگوت تێیانگەیاند كە دوای ساڵێك وەك پادشاكانی پێشوو بۆ ئەو دوورگەیەی دوور دەخەنەوە كە لێیدەگەڕانەوەو دەبێت تەواوی ماوەی ژیانی لەوێ بەسەر ببات گەنجەك بەوە ڕازی بوو.

گەنجەكە پاش سێ ڕۆژ دەستبەكاربوونی لە فەرمانڕەوایەتیەكەی داوای لە وەزیرەكانی كرد سەردانێكی ئەو دوورگەیە بكەن كە تەواوی پادشایەكانی پێشوویان بۆ ڕەوانە كردوە، وەزیرەكان ڕازی بوون و بەیەكەوەچوون بۆ ئەو دوورگەیە. هەركە چاوی بەو شوێنە كەوت بینی ئەو دوورگەیە داپۆشراوە بە گژوگیاو دارودرەك و دارستانی چڕو پڕیەتی لە گیانلەبەری درندە، ترسێك كەوتە دڵی و كەزیاتر چوونە پێشەوە لاشەی مردووی پادشایەكانی پێشوو و كەلەشی ئاژەڵ و گیانلەبەری كەوتە بەرچاو، پادشا لەوە گەیشت كە ئایندەی ئەویش وەك ئەوان دەبێتە خۆراكی درندەكانی ناو ئەو دارستانە. بۆیە كەوتە بیركردنەوەو كە گەڕایەوە شار سەد كرێكاری بەهێزی كۆكردەوەو بۆ دوورگەكەی بردن و فەرمانی دا بە پاككردنەوەی دارستانەكان و لابردنی لاشەی پادشاو كەلەشی گیانلەبەرە مردووەكان و بڕینەوەی دارە بچووكەكان. خۆشی هەر مانگێ جارێك سەردانی دەكردن بۆ ئاگاداربوون لە بەڕێوەچوونی كارەكان و سەیری كرد كارەكان زۆر بە خێرایی بەڕێوەدەچن و لە ماوەی مانگێك زۆرێك لە كەلەشی گیانلەبەران و دارستانە چڕەكان لابران.

دوای دوو مانگ دوورگەكە بەتەواوی پاك كرایەوەو پادشا فەرمانی دا بە دامەزراندن و دروستكردنی باخچە وپارك و شوێنی حەسانەوە لەو دوورگەیەو بەخێوكردنی هەندێك ئاژەڵ و پەلەوەری بەسوودیش وەك مانگاو مەڕو بزن و مریشك و مراوی و قازو... تا دوایی.

لەسەرەتای مانگی سێیەمدا فەرمانی كرد خانوویەكی گەورەو بەندەرێك بۆ لەنگەرگرتنی بەلەم و كەشتی بینا بكەن. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دوورگەكە خۆشترو دڵگیرتر دەبوو. پادشا خۆی كەسێكی زیرەك و بەتوانا بوو كەمێك لە داهاتەكانی بۆخۆی خەرج دەكرد و جلی سادەو ساكاری دەكردە بەری، بەمەش زۆرتری داهاتی بۆ برەوپێدان و بووژانەوەی دوورگەكەی خەرج دەكرد. پاش تێپەڕینی نۆ مانگ وەزیرەكانی كۆكردەوەو پێی گوتن لەسەرەتاوە زانیومە دوای دوانزە مانگ لە فەرمانڕەوایم وەك پاشا دەبێت بچم بۆ ئەو دوورگەیە. بەڵام ئێستا حەزدەكەم

بچم. بەڵام وەزیرەکان رەتیان کردەوە و گوتیان بەپێی رێنماییەکان دەبێت سێ مانگی دیکەش چاوەڕوان بکەی تا نۆرەت دێت. هەر چونێك بێت پادشا ئەو سێ مانگەش چاوەڕێی کرد و ئەو ماوەیەشی رابوردو ساڵ تەواو بوو، ئێستا نۆرەی پادشا هات بیگوازنەوە بۆ دوورگەکە. جلی جوان بەبەهایان لەبەر کرد و وەك باوبوو سواری فیلێکی گەورەیان کرد خەریك بوون بەرێیان دەکرد، بەڵام پادشا دوور لە رەفتاری پادشاکانی پێشوو خەمبار نەبوو بەڵکو دڵخۆش بوو هەر پێدەکەنی، خەڵکەکەش سەیریان پێهات و پرسیاریان لێکرد بۆ وا دڵخۆشی، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: بیستوومە کاتێك منالێك دێتە دونیاوە دەگری و هەموو ئەوانەی دەوروبەریشی پێدەکەنن، ئەوها بژی لەو دونیایە ئەوەندە کاروکردەوەی چاك بکە تا مردن دەتگاتێ، لەو کاتیش تۆ پێدەکەنی ئەوانی دەوروبەریشت دەگرین.

کاتێك پادشایانی پێش من لە ماوەی پادشایی و فەرمانڕەواییاندا بوون هەر خەریکی رابواردن و خۆ تێرکردن بوون. بەڵام من بەوە خەریك بووم بیرم لە داهاتوم دەکردەوە، پلانم دادەنا بۆ ئەو رۆژەی کە ئەمڕۆیە، بۆیە ئەو دوورگەیەم پاککردەوەو وام رێکخست ببێتە بەهەشتێکی بچوك و ماوەی ژیانم بە خۆشی و شادی تیا بگوزەرێنم.

ئەو وانەیەی کە لەو چیرۆکە فێری دەبین وامان پێدەڵێت کە ژیانی دونیا کێڵگەی ئاخیرەتەو نابێت نەفسی خۆمان نغرۆی ئارەزووەکانمان بکەین و ئاخیرەت لەبیر بکەین. ئەگەر پادشاش بین پێویستە ژیانێکی سادەو ساکار ببەینە سەرو خۆشیەکان وازلێبێنین بۆ ئاخیرەت. دەبێت ئەو وتە شیرینەی سەروەری مرۆڤایەتی پێغەمبەری خوا محمد (صلی الله علیه وسلم) لەیاد نەکەین کە دەفەرموێت( لن تزول قدما عبد یوم القیامة حتي یسأل عن أربع خصال: عن عمره فیما أفناه، وعن شبابه فیما أبلاه، وعن ماله من أین اکتسبه وفیما أنفقه، وعن علمه ماذا عمل فیه).

و : دایکی هاولان

# چۆن وا دەکەیت خەڵکی لە ٩٠ چرکەدا خۆشتیان بوێت

لێرەدا ئاماژە بەهەندێك خاڵ دەکەین کە وادەکات کە خەڵکی خۆشتیان بوێت لە میانەی یەکەم سەرەنج یان چاوپێکەوتن ، ژیان خاڵی نیە لە سەرەنجدانی یەکەم هەنگاو .

١- لەکاتی ئاخاوتندا خۆت رابێنە راستەوخۆ تەماشای چاوی بەرامبەرەکەت بکەیت.

٢- پێویستە بزانیت و بە وردی دیاری بکەیت چیت لە بەرامبەرەکەت دەوێت ، پەیامەکەت دیاری بکە کە دەتەوێت بیگەیەنیتە بەرامبەرەکەت .

٣- لاشەت نازانێ درۆ بکات ، بەشێوەیەك بێ ئاگایی خۆت لاشەت بیرو هەستت دەگوێزێتەوە لە میانەی ئەو جموجوڵانەی کە دەیکەیت .

٤- بۆ جاری یەکەم کە بەکەسێك دەگەیت تواناکان لەسەروی ئاساییەوە بەکار مەهێنە ، لە توێژینەوەیەکدا توێژەرەوەکان لە زانکۆی ( بریستۆن ) پرسیارێك لە قوتابیەکان کرا سەبارەت بەو رێگایانەی کە بەکاری دێنن بۆ بایەخدان بەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەن دەرکەوت زیادەڕۆیی لە حەماسەت دەربڕیندا یەکێکە لە هۆکارەکانی شکست . بەناچاری پێ مەکەنە ، خۆت بە زیرەك پیشان مەدە ، یان رێزنواندنی زیاد لە پێویست مەنوێنە.

٥- لە میانەی توێژینەوەکەی پرۆفیسۆر ئەلبێرت بە ناونیشانی ( کردنەوەی شفرەی کاریگەری نەگونجاو ) بینی ئەو پەیامانەی کە لە ژیانی رۆژانەدا دەریدەبڕین بەم رێژانەیە ، ٥٥٪ زمانی لاشە ، ٣٨ ٪ نەبەرەی دەنگ ٧٪ وشەکان .

٦- توانای پەیوەندی کردن بە چاوەکان ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ متمانەت بەخۆت هەیە، داگرتنی چاوەکانیش ئاماژەیە بۆناچاریی و ملکەچی .

٧- بزەوخەندە رەنگدانەوەی گەرم و گوڕییە لەپەیوەندی و متمانەبوون دەردەخات ، بەڵام ئاگاداربە پێکەنین لەکاتی نەشیاودا نیشانەی لەدەستدانی متمانەیە .

٨- بەرزکردنەوەی برۆکانت بۆ سەرەوە لە ماوەی چرکەیەکدا نیشانەی دۆستایەتی و هاوڕێتییە.

٩- شێوازێکی نمونەیی بۆ پۆشاکو جلوبەرگت بابەم شێوەیە بێت :

١- سەرنج راکێش
٢- فراوان
٣- متمانەت پێ بخشێت
٤- رەنگدانەوەی یاسای کۆمەڵایەتی بێت لە پۆشیندا
٥- رەنگدانەوەی کەسایەتیت بێت
٦- پاڵپشتی ئەو پەیامە بێت کە مەبەستە بیگەیەنیت .

# بڕەو دان بە ژیان



رابەر ئەحمەد وەرتی
(پێشەوا رانیەیی)

گەردون لەسەر یاسای رێك و پێکی راوەستاوە ،بۆیە پێویستە لە سەرت کە رێك و پێك بیت لەماڵ و جل و بەرگ و پەرتوکخانە و قەڵەمەکەت و تەنانەت ئەو چاوانەشی کە ئەم نووسینانە ئەبینێت،وە گشت ئەرکەکانت.

برۆ دەرەوە و دەشت وبیابان وچۆڵایی ببینە ، پێداچوونەوەی بێستانە دەنگ خۆشەکان بکە ، لە دروست کراوی دروست کاروبەدیهێنەر بڕوانە، لە داهێنراوی داهێنەرو قەشەنگی وکار جوانی و رێك و پێکی ئاکاری جوان فێر ببە و وانەی هۆشیاری وەربگرە،وەرزش بکە بەرۆیشتنی خۆت،خەڵك فێری وەرزش بکە بە ئەقڵی خۆت و دیاری خوا، تەمەڵی و تەوەزەلی فڕێبدە،ماڵئاوایی لە بێ ئیشی و دەستبەتاڵی بکە، هۆگری وخۆشەویستییە بێماناکان لە دڵت دەربهێنە و خۆشەویستی خوا و موحەممەد(درودی خوای لێ بێت)بخەرە شوێنیان، مێژوو بخوێنەرەوە،بیر لە سەر سورهێنەرەکان بکەرەوە،سوود و چێژ لە سەربوردەوچیرۆکەکان وەربگرە،هەردەم هاورێیەکی بچووکترو هاورێیەکی گەورەتر لەتەمەنی خۆتت هەبێت،چونکە پەندو ئەزموون لە هەردووکیان وەردەگریت، ژیانی خۆت نوێبکەوە و باهەمەرەنگی لە بوارەکانی ژیانتدا هەبێت،کاتی زۆر بۆ بوارێك تەرخان مەکە کە پێویست ناکات،گۆڕان لەوەی هەردەم لەسەری دەرۆیت و راهاتووی لە سەری دروست بکە.

گەر لە خۆت بپرسیتەوە قازانج دەکەیت وگەر بێ ئاگا بیت زیان مەندی،گەر بیر لە پاشەڕۆژت بکەیتەوە سەرفرازی،بەڵام ئەگەر بکەویتە دوای ویست و ئارەزووەکانت ئەوا گومڕاو سەرگەردانی ،گەر عیلم وزانینت هەبێ دەوڵەمەندی،گەر لەکەس نەترسی بێجگە لەخوا سەلامەتی،وە پەند و ئامۆژگاری وەربگری هەر سەلامەتی،گەر خۆگرو بەردەوامبیت لە شت تێدەگەی،گەر بیر بکەیتەوە زانابیت دەست دەکەوێت،گەر زاناش بیت کاری باش ومەزن ئەنجام دەدەیت،گەر نەمامێکت هەیە بینێژە ،لەوانەیە خۆت بەرهەمەکەی نەبینیت بەڵام خوا نەمامەکە و بەرهەم و ئەو کەسەی کە نەمامەکەشی چاندووە ئەبینێت، جگە لەوە خەڵکی تر سوودی لێدەبێنێت.

عەلی کوڕی ئەبوطالیب(خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت:

یەکەم مەیدانی ئێوە نەفسی خۆتانە ،ئەگەر تیایا سەرکەوتن ئەوا بە سەر غەیری ئەودا زیاتر بەتوانا دەبن ،خۆ ئەگەر لەو مەیدانەدا بێ توانا و دەستەپاچە بوون لەگەڵ کەسانی تریشدا بێ توانا و دەستەپاچە دەبن،جا بۆیە یەکەم جار لە مەیدانی نەفسی خۆتاندا خۆتان تاقی بکەنەوە.

سێ شت هەن گەر لە هەر مرۆڤێدا بوونیان هەبوو،ئەوا شەیتان مەبەستەکەی خۆی پێکاوە، ئەگەر ئەو مرۆڤە:

١- تاوانی خۆی لەبیر چۆوە.

٢- کاری زۆری هەبوو.

٣- بەرەئی خۆیەوە سەرسام بوو.

بێگومان بەلایەنی کەمەوە یەکێك لەمانە لە ژیانی ئێمەدا بوونی هەیە.

دەرگای سەرکەوتن و سەرفرازی لەسەر خەڵکی بەهۆی شەش شتەوە داخراوە:

١- خەریك بوون بەنیعمەتەوە و لەبیرکردنی سوپاس و ستایشی خوا،کەخاوەنی نیعمەتەکەیە.

٢- حەزکردن لە فێربوونی زانست و زانیاری و کارپێنەکردنی.

٣- پەلە کردن بۆ کردنی تاوان و دواخستنی تەوبە.

٤-هەوڵدان بۆ هاورێیەتی پیاو چاکان و کار نەکردن بە کردەوەو رێنماییان.

٥- پشتکردنی دونیا لەوان و بەدوادا وێڵبوونی ئەوان.

٦- ئاخیرەت پێشوازیان لێ ئەکا و ئەوان رووی تێ ناکەن.

پێنج شت لە پێش پێنج شت دایە ،پێتی ئەڵێم تا بیزانیت و کۆتایی پێ دێنم:

لاوێتی پێش پیری،تەندروستی پێش نەخۆشی،بێ نیازی پێش هەژاری،ئاسودەیی پێش گرفتاری،ژیان پێش مردن.

Rabar33@yahoo.com



# ١٠ ڕێگا بۆ گۆڕینی ژیانت!

ئا: هاوڕێ یاسین

١- ئەو کەسانە هەڵبژێرە کە دەیانەوێت بەشێك بیت لە ژیانیاندا، کاتە بەتاڵەکانت لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەسەر بەرە کە خۆشیان دەوێیت و ڕێزو بەهای تۆیان لایە ، ژیان لەوە کورترە کە تۆ بەفیڕۆی دەیت لە ڕازیکردنی ئەو کەسانەی کە خۆشیان ناوێیت و نایانەوێت لەگەڵیاندا بیت ، ئەو توانایەی بە فیرۆی دەدەی بۆ ئەوەی ئەو کەسانە رابکێشی کە خۆشیان ناوێیت ، بەسەری بەرە لەگەڵ ئەو کەسانەی بە ڕاستی خۆشیان دەوێیت ...

٢- ڕاستگۆبە لەگەڵ خۆتدا ئەنجامەکان بەهەر شێوەیەك بوو هەر چەندە کەسانی تریش پێی نەزانن .

٣- مەترسە کاتێك هەڵە دەکەیت چونکە هیچ کەسێك کامڵ نیە و هەموان هەڵە دەکەین ، بە هۆی ئەو هەڵەیەوە فێر دەبیت جارێکی تر دوبارەی نەکەیتەوە لە داهاتودا ئەو هەڵانە وات لێ دەکات کە باشتر بیت ئەگەر هەڵە جارێك و دوجار دوبارە بویەوە ئەوا ئەتگەیەنێت بە سەرکەوتن کە لە کۆتاییدا پاش چاکردنی هەڵەکان بە تایبەت ئەگەر ئامانجەکەت گەورە بێت چونکە هەموو سەرکەوتنێکی گەورە لە لە پشتیەوە زنجیرەیەك لە هەلەی بچوك هەیە ..

٤-ڕۆژانە بنەمایەك بۆ خۆت دابنێ و بڵێ من ئامادەم بۆ هەموو شتێك بەلێ بەڵام لە ڕاستیدا وا نیە چونکە تۆ لە ١٠٠٪ ئامادە نیت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو نادیارانەی کە ئەو ڕۆژە دێتە ڕێت بەڵام ئەوە پاڵنەر و ئارەزوت زیاد دەکات کارەکانت بۆ ئاسان دەکات بەڵام کە تۆ مێشکی خۆتت پڕ کرد لە بیرۆکەی من ئامادەنیم و من دەترسم ئەوە هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی توشی شکست و داروخان ببیت .

٥- کێشە کەسی و خێزانیەکانت مەبە هیچ شوێنێکی تر بە تایبەتی شوێنی کارەکەت ئەمە دەبێتە هۆی دابەزینی وره و کارنەکردنت بە هیچ بەشێوەیەك بە سادەیی ڕۆژەکەت بەسەر ببە و بە بیردکردنەوە و گلەیی لە هاوڕێکانت بەسەری مەبە چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پەکخستنی خۆت و پەکخستنی دەسکەوتەکانیشت ..

٦- وازبێنە لەنقوم بوون لەناو ناخۆشی هەستکردن بە خەم وپەژارەو فەوتان و دەلێیت من ستەم لێکراوم من قوربانیم ، زاڵبە بەسەر کەمووکورتیەکاندا ، هەستەو کار بکە بۆ پەرەپێدانی بەهرەو تواناکانت .

٧- با کردەوەکانت ناونیشانی کەسایەتیت بن کاتەکانی خۆت بە باسکردنی خۆتەوە بەسەر مەبە و بڵێیت من وام ومن وام ، با کەسانی تر بتناسن و باست بکەن و بریار لەسەر کردوە باش و خراپەکانت بدەن .

٨- دو دڵ بەمە لە داهاتوت و هەنگاوی ئایندەت، چونکە پێویست ناکات لەبەر ئەوەی ئایندەت نوسراوەو ڕزقت دیاری کراوە لەلان پەروردگارەوە.

٩- ڕێز لە توانا و و بەهرە و دەسکەوتەکانت بگرە و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرە ، بۆ ئەوەی بتوانیت ئەو کارانەی پێت ڕاسپێدراوە بە باشی ئەنجامی بدەیت ودوور لە گیانی ڕکابەری توند و پێشبرکێیەك کە کۆتایی نایەت . ناگەیت بە ئاستێکی بەرز تا پەرە بە تواناکانت نەدەیت

١٠- ڕێز لە خۆت بگرە لەو شتانەی بەدەستت هێناوە ، چونکە تۆ مرۆڤیت و ئامێرێکی میکانیکی نیت ، هەستەکانت لەناو بەمە بەهۆی کێبرکێیەکانی ژیان ، هەندێ کات تەرخان بکە بۆ ئەنجامدانی هەندێ کارو چالاکی کە دەبێتە مایەی دڵخۆشی و حەسانەوەت .

* ساڵی 2009 ،هایەر 5.1٪ی بازاڕی بۆخۆی دەستەبەرکرد، بەمەش
وەك براندی ژمارە یەك هەژمارکرا.

* دوای 26 ساڵ لە دامەزراندنی هایەر، لە هەر خولەکێکدا
نزیکەی 8 بەفرگری هایەر دەچێتە ماڵەکانەوە لە هەموو جیهاندا .

* بەفرگری دوو دەرگای هایەر ساڵی 2010 زۆرترین ڕێژەی لێ فرۆشراوە لە
ئەلمانیاو ئیسپانیا، بەمەش پێشەنگی سەرجەم براندەکانی جیهانی گرتە دەست.

* ساڵی 2009، هایەر داواکاری بۆ 943 بڕوانامەی داهێنان تۆمارکرد، ئەمەش
دەکاتە نزیکەی دوو بڕوانامە لە هەر ڕۆژێکی کارکردندا لەو ساڵە .

* هایەر یەکێکە لە بەشدار بووەکانی بەدەستهێنانی 23 ستانداردی
جیهانی و ئەندامی کۆمسیۆنی ئەلیکترۆنی
نێودەوڵەتیە .

# Haier

## ژیانێکی ئەفسوناوی

* 29 کارگەی بەرهەمهێنان .

* 16 یەکەی پیشەسازی .

* 8 سەنتەری توێژینەوە و پەرەپێدان .

* 19 کۆمپانیای بازرگانی .

* 80 , 990 یەکەی فرۆشتن .



Haier
INSPIRED LIVING
تەلەفزیۆن
40$ پێشەكی و مانگانە
لاپتۆپ
58$ پێشەكی و مانگانە
سپلیت
33$ پێشەكی و مانگانە
جلشۆر
35$ پێشەكی و مانگانە
موجەمیدە
26$ پێشەكی و مانگانە
قاپ شۆر
40$ پێشەكی و مانگانە
تەباخ
52$ پێشەكی و مانگانە
بەفرگر
48$ پێشەكی و مانگانە
ناونیشان: هەولێر- 100مەتری- بەرامبەر گۆڕستانی شێخ ئەحمەد 0750 397 5757 - 0750 428 6868 - 0750 135 0909
دهۆك: 0750 722 2244 رانیە: 0750 383 5883 سۆران: 0750 448 5195 سلێمانی: 0771 151 2422
هەریر: 0750 466 4881 كۆیە: 0750 156 7311 رەواندوز: 0750 497 2959 زاخۆ: 0750 156 7311



# كەسی بێسوود لە شوێنی بەسوود

بەڕێوەبەری نووسین

یەكێك لە ئامانجەكانی پەرەپێدانی مرۆیی بریتیە لە تواناسازی و راهێنانی بەردەوام بۆ كەس و بەڕێوبەر و بەرپرسەكانیان تا بتوانن بەوپەڕی دڵسۆزی و خەمخۆری ئەركەكانیان رابپەڕێنن .

بۆیە لە وڵاتانی پێشكەوتوو لە پەیكەری وەزارەت و فەرمانگە و تەنانەت كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەتیشی بەشی (پەرەپێدانی مرۆیی- التنمیة البشریة) كراوەتەوە و بایەخی زۆری پێ دەدرێت .

چونكە بوونی پەرەپێدانی مرۆیی وا دەكات بەكەمترین تێچوو ( الكلفة COST – ) و بە كاتێكی دیاریكراو ئامانجەكانیان جێبەجێ بكرێن.

قەیرانی كاری حیزبی لە هەرێمی كوردستان بە شێوەیەكی گشتی بریتیە لە گرنگی و بایەخنەدان بە پەرەپێدانی مرۆیی.

زۆر بەرپرسی باڵا هەیە لە حكومەت و ئۆرگانەكانی حزب بە دە ساڵیش خول و كۆرسێكی راهێنانی لە بوارێكی پەرەپێدانی مرۆیی نەبینیوە !!؟

لێرە رۆڵی سەرۆك و بەرپرسە باڵاكان دێتە پێشەوە هەول بدەن كەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێن ، قسەیەكی جوانی كۆن هەیە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا (انه حلیة الملوك وزینتهم وزراء هم، ان نبل السلطان و قوة تمیزه و جودة عقله یظر من حسن انتخابه لوزرائه) .

بەكورتی كەسی سەركردە دەبێ هاوكار و جێگر و ستافێكی ئیداری بە توانا و خاوەن پرۆژەی لە دەوربێت و كەسانێكی راوێژكار بێت رۆژانە گوێبیستی راوێژ و رێنمایی و زانیارییەكانی بێت .

**لەناو حزب و وەزارەتی حكومی پۆستی راوێژكار هەیە بەڵام (لائحە) یەكی زانستی نیە بۆ دیاریكردنی كەسی راوێژكار بۆیە وەزیری وا هەبووە لە ماوەی (٤) ساڵی كابینەی حكومەت (٤) چوار قسەی لە راوێژكارەكانی نەبیستووە !؟**

یاخود ستافی ئیداری لە كۆمپانیا لە وەزارەت لە مەكتەبی سیاسی حزب دەبێت كەسانێك بن ئەمرۆیان لە دوێنێ باشتر بێت لە رووی زانست و شارەزایی لە بواری كاركردنیان.

دوو رێگا هەیە بەرپرسەكان كەسانی دەوروبەری خۆیان دیاریدەكەن و پۆستەكانیان لەسەر دابەش دەكەن .

١- رێگای متمانە (طریقة اهل الثقة)

مەبەستمان لە متمانە ئەوەیە بەرپرسەكان خزمانی نزیكی خۆیان لە بازنەی خۆیان نزیك دەكەنەوە ، بۆ نمونە لە ئەمریكا ئۆباما سكرتێرەكەی خزمی خۆی نیە، بەڵكو هەموو پۆستێك لەسەر بنەمای ( وەسفی وەزیفی ) دادەنرێت ، كە چەندین پێوەر لە خۆی دەگرێت هەر كەسێك ئەو مەرجانەی تێدا بوو لەو شوێنانە دادەمەزرێت !؟

٢- رێگای شارەزایی (طریقة اهل الخبرة)

مەبەست لەم رێگەیە بەرپرسەكان كەسانی شارەزا و پسپۆڕ و تایبەتمەند لە پۆست وئاستە كارگێڕییە جۆراوجۆرەكان دامەزرێنن.

بۆیە هەر بەرپرسێك كە لەئاستی بەرپرسیاریەتی بێت بەرامبەر گەل و نیشتیمانەكەی دەبێت ( كەسی بەسوود بۆ شوێنی بەسود ) دابنێت .

**كەسێك دابنێت بۆ پۆستێك كە شیاو بێت (مستحق) بێت نەوەكو (لا من یعجبه) میزاج و كەیفی بەكێ هات دایمەزرێنێت و كەیفی و ئارەزووی بەیەكێك نەهات بە نوكە قەڵەمێك لایبدات!؟**

قورئانی پیرۆز بنەماكانی هەڵبژاردنی زۆر بەجوانی باس كردووە كە دەفەرموێت (ان خیر من استأجرت القوی الامین) یاخود كە پێغەمبەر یوسف علیه السلام كە داوا دەكات (اجعلني علي خزائن الارض اني حفیظ علیم)

بۆیە كاتێك دامەزراندن لەسەر بنەمای خزمایەتی و حزبایەتی و میزاجی تاكەكەسی بوو ئەو ئۆرگانە ( چ كۆمپانیا، وەزارەت، فەرمانگە، حزب ... هتد ) بەرەو پوكانەوە و لاوازی و نەمان دەچێت .

# نهێنی بەختەوەری !

ئا: هیوا بلباس

له شاکاره بەناوبانگەکەی خۆی کە بە ناوی ( کیمیائی ) ە نووسەری بەرازیلی پاولۆ کیولۆ چیرۆکێکی سەیر دێنێتەوە دەڵێ : بازرگانێك هەبوو تەنیا تاقە کوڕێکی گەنجی هەبوو و ویستی فێری ئەوەی بکات کەوا نهێنی بەختەوەری و کامەرانی لەچیدایە ، بۆ ئەم مەبەستە کوڕەکەی نارد بۆ لای ناسراوترین و ناودارترین داناو کارامەی ئەو سەردەمە ، جا کوڕە گەنجەکە چل ڕۆژ بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن تا گەیشتە شوێنەکەو لەوێدا کۆشکێکی جوان و قەشەنگی بینی کە کەوتبووە سەر لوتکەی شاخێك و پیاوە ژیرو دانایەکەی تیادا دەژی . هەر لەسەرەتادا کە چووە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵێك بینی پڕیەتی لە خەڵك و بازرگانان دێن و دەڕۆن و هەندێکیان لە لاپەڕ و گۆشەکانی کۆشکەکە وەستابوون و بە ئارەزووی خۆیان و بەدەنگی بەرز گفتوگۆیان دەکرد ، لەلایەکی تر گروپێك مۆسیقایان دەژەنی و دەنگ و ئاوازێکی هێمن و ناوازەیان بەگوێی ئامادەبووان دەدا ، لەهەمان کاتدا خوانێکی گەورەو فراوان ڕازێنرابوویەوە بە خۆشترین و بەتامترین خواردەمەنی ئەم کاتە . ئەنجا پیاوە دانایەکەی دیت لەگەڵ ئەم خەڵکانە یەك لەدوای یەك گفتەگۆی دەکرد ، بۆیە ئەویش ناچاربوو دوو کاتژمێری تەواو چاوەڕێ بکات تا نۆرەی دێت ، پاشان دانایەکە بەوردی و وریایی گوێی گرت کاتێك کوڕی بازرگانەکە هۆکاری سەردانەکەی بۆ ڕوونکردەوە ، بەڵام لەوەڵامدا پێی ڕاگەیاند کە ئێستا کاتی ئەوە نیە ئەم نهێنیەی بۆ ئاشکرا بکات و داوای لێکرد گەشتێك بەناو کۆشکەکەدا بکات و دوای دوو کاتژمێری تر بێتەوە لای بەمەرجێك پێویستە کەوچکێکی بچووك کە چەند دڵۆپێك ڕۆنی تێدا بوو لەگەڵ خۆیدا بیبات و بیگەڕێنێتەوەو نەهێڵێت بڕژێت.

کوڕەکە دەستیکرد بە گەشتەکەی و بە پلیکانەکانی کۆشکەکەدا سەردەکەوت و دادەبەزی بەڵام بیری هەر لای دڵۆپە ڕۆنەکان بوو بۆیە کاتێك ماوەکەی تەواو بوو و گەڕایەوە پیاوە دانایەکە لێی پرسی : فەرش و ڕایەخەکانی ژووری نانخواردنت بینی ؟ باخچە ڕازاوەکەمت بینی کە بە ماوەی دە ساڵ کار تێدا کردن لەسەر دەستی شارەزاترینی باخەوانەکان بنیات نراوە ؟ ئایا کتێبخانە گەورەو سەرنجڕاکێشەکەت بینی ؟ .. بەڵام کوڕە گەنجەکە دانی نا بەوەی کە هیچ یەکێك لەمانەی نەبینیوە بەڵکو تەنیا لە غەمی ئەوەدا بووە کە دڵۆپە ڕۆنەکان بهێنێتەوە.

پیاوە دانایەکە پێی وت : پێویستە بگەڕێیتەوەو سەیری جیهانە تایبەتیەکەی من بکەیت ئەوکاتە دەتوانیت لە وەڵامەکەی من بەهرەمەند ببیت ، ئەمجارەیان کوڕەکە کەوچکەکەی هەڵگرت و بە متمانەی زۆرەوە بەناو کۆشکەکەدا خولایەوەو سەرنجی دیمەنە جوانەکان و شاکارە هونەریەکان و وێنە هەڵواسراوەکان و بنمیچە نەخشاوەکان و باخ و بێستانەکان و شاخە دڵڕفێنەکان و گوڵزارە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەم دەورووبەرەی دا ، بۆیە بەپەلە گەڕایەوەو بەوردی باسی هەموو ئەو شتانەی بۆ دانایەکە کرد بەڵام کاتێك لێی پرسی : ئەی کوا دڵۆپە ڕۆنەکانی ڕاسپاردەم کردی ؟ ئەوکاتە کوڕەکە سەیری کەوچکەکەی کردو زانی لەدەستی داوە.

لەم کاتەدا پیاوە داناو کارامەکە وتی : ئەمە ئامۆژگاریە بوو کە ویستم بەتۆی ببەخشم ، لەڕاستیدا نهێنی شادی و کامەرانی ژیان لەوەدایە کە تۆ هەموو شتە جوانەکانی دونیا ببینی بەبێ ئەوەی دەست بەرداری کارە سەرەکی و چارەنووسسازەکان ببیت . تام و چێژ لە ژیان وەربگرە بەڵام لەبیرت نەچێت کە تۆ ئامانجێکت هەیە کە لەپێناویدا هێنراویتە بوون و خاوەنی بیروباوەڕ ( مبدأ ) یکی کە لەسەرتە سەری بخەیت و خەون و خولیایەك تا بیهێنیتە دی!

کەسانێکی زۆر هەن لە ڕەوڕەوەی ژیاندا بە لاسەنگی گوزەر دەکەن ، هەندێ ئەرك و کاری زۆر بەجددی و بەوردی وەرگرتووەو هیچ حیسابێکیش بۆ مافەکانی ڕۆح و جەستەی ناکات و هیچ خۆشی و حەسانەوەیەك لەژیانیدا هەستی پێناکرێت ، لەبەرامبەردا خەڵکی دیکەش هەیە کە هەموو بیرو هۆش و کات و تواناکانیان تەرخان کردووە بۆ چێژوەرگرتن لە خۆشیەکانی دونیاو هۆکارەکانی ڕابواردن و کات بەسەربردن بەبێ ئەوەی سنورێکی بۆ دابنێت و ڕێکی بخات.

لە ڕاستیدا زۆرن ئەو کەسانەی کە تەنیا سیفەتێکی کەڵەپیاوانی سەرکەوتوویان تێدایە و لەهەمان کاتیشدا کەموکوڕی زۆریان هەیە لەلایەنەکانی تردا . بەڵام ئەوانەی کە سەرکەوتنی ڕاستەقینە بەدەست دێنن و شادی وکامەرانی لەژیانیاندا فەراهەم دێنن ئەو کەسانەن کە بە هاوسەنگی دەژین و هیچ کارێك یان بوارێك ناکەنە بیانوو بۆ فەرامۆشکردنی بوارەکانی تر . بۆیە گەر تۆش دەتەوێ لەم دونیایەدا بە کامەرانی و بەختەوەری بژیت ئەوا پێویستە وریابیت لە دڵۆپە ڕۆنەکان و نەهێڵیت لەدەستت بچێت تا لە هەموو بەخششەکان بەهرەمەند بیت.



تاگارەجوانەکان 2

# به ئەمەك بوون

إحسان برهان الدين

ئەگەر مسوڵمان گرێبەستێکی بەئەنجام گەیاند پێویستە ڕێز لە گرێبەستەکەی بگرێت، ئەگەر پەیمانیشی دا پێویستە وابەستەی پەیمانەکەی بێت و خاوەنی بێت و خاوەنی قسەی خۆی بێت و لەنێو خەڵکیشدا بەو شێوە بناسرێت .

پەیمان پێویستە جێبەجێ بکرێت، سوێندیش بە هەمان شێوە، بەڵام بنەمای ئەم مەسەلەیە پێویستە بەسترابێتەوە بە حەق و چاکەوە ، گەرنا نە پەیمان ڕەوایە لەکاری نابەجێ و نەسوێندیش لە تاواندا جائیزە .

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: ( من حلف علی یمین فرأی غیرها خیرا منها فلیکفر عن یمینه، ولیفعل الژی هو خیر ) رواه مسلم.

واتە ئەگەر کەسێك سوێندێکی خوارد و دواتر بۆی دەرکەوت چاکترە سوێندەکەی بەسەر نەبات، با کەفارەتی سوێندەکەی بدات و ئەوە بکات کە چاکترە.

بە ئەمەك بوون بەرامبەر پەیمان و بەڵێن پێویستی بەدوو یارمەتیدەرە: بیرێکی تیژو ویست و بڕیارێکی بەهێز، خوای گەورە فەرمویەتی: ( ولقد عهدنا الی ادم من قبل فنسی ولم نجد له عزما ) طه ١١٥ . چونکە بیرچوونەوەو لاوازی لە بڕیار و ئیرادە دوو تەگەرەی پەکخەرن بۆ ئەو مەبەستە .

ئینجا پەیمانەکانیش کە مسوڵمان پێویستە بە ئەمەك بێت بەرامبەریان بریتین لە چەندین پلە ، لە هەموویان بەرز و پیرۆزتر پەیمانی هەرە مەزنی نێوان بەندە و خوای پەروەردگارە ، چونکە خوای گەورە مرۆڤی بەدەسەڵاتی خۆی درووستی کردووە و بەنیعمەتەکانی بەخێوی کردووە و داواشی لێکردووە بەم راستیە بزانێت.

بەئەمەك بوونی مرۆڤیش بەرانبەر ئەم پەیمانە بنچینەی سەربەرزی و کەرامەتی ئەوە لە دونیا و خۆشبەختیە تی لە دوارۆژدا.

جۆرێکی تر لەئەمەك بوون ئەوەیە مرۆڤ رابردووی خۆی لەیاد نەکات بۆ ئەوەی لە ئیستا و داهاتوویدا سوودی لێوەربگرێت ، ئەگەر دەوڵەمەند بووە لە پاش هەژاری ، یان تەندروست بووە پاش نەخۆشی ،جوان نیە دیوارێك لە نێوان دوێنێ و ئەمرۆیدا دروست بکات و وابزانێت هەرگیز هەژار و نەخۆش نە بووە ، چونکە ئەوە جۆرێکە لە لە خۆبایی بوون و نکۆڵی کردن .

هەروەها ئیسلام جەخت دەکاتەوە لەسەر گێڕانەوەی قەرز، بەڵکو شەریعەتە قەرز کردنی قەدەغە کردووە ئەگەر بۆ پێویستییە کی سەخت نەبێت ، بەڵام ئەو کەسەی لە پێناو ئارەزوویەکی خۆیدا قەرز دەکات و لە ماڵەکەی خۆی خەرج ناکات و گرنگیش نادات بە شێوازی رزگاربوونی لەو قەرزە ئەو کەسە لە راستیدا وەك هەندێ شوێنەوار وەسفیان کردووە دزێکی رووداوە.

لەم ڕۆژگارەشدا بەداخەوە مسوڵمانان لەم بارەوە کەمتەرخەمیان هەیە و بەبێ پێویستی زۆر پەنا بۆ قەرزکردن دەبەن ، بەڵکو قەرز لە جولەکە و گاورەکانیش دەکەن بەسوو کە خوای گەورە ئەو کارەی بە توندی قەدەغە کردووە، بەگشتی میلەتەکانیشی لەناونەبرد تاکو بێ ئەمەکییان لێ دەرکەوت، وەکو فەرموویەتی ( وما وجدنا لاکپرهم من عهد، وان وجدنا اکپرهم لفاسقون ) الاعراف/ ١٠٢ .

و : شەیما یاسین

# پشووی بڕەو

پێویستە هەموان گۆڕستانێکی
ئامادەمان هەبێت بۆ ناشتن و
شاردنەوەی هەڵە و
کەموکورتی هاوڕێیانمان.

باشترین پێوەر بۆ
سەرکەوتنی ئافرەت
باری تەندروستی
مێردەکەیەتی.

هەموومان وەك مانگ
واین، لایەکمان تاریکە.

دایك ئاواتە خوازە پیاوێك
بۆ کچەکەی بدۆزێتەوە چاکتر
بێت لە باوکی، بەڵام بڕوای وایە
کوڕەکەی هەرگیز ئافرەتێکی
وەك دایکی دەست ناکەوێت.

ئەگەر دەتەوێت بزانیت
دەستگیرانەکەت لەپیریدا
چۆن دەبێت ئەوا
تەماشای دایکی بکە.

کێ بەرگەی هەڵەو
کەموکورتیەکانم بگرێت بە
گەورەی خۆمی دادەنێم
ئەگەر خزمەتکاریشم بێت ...
(گۆتە)

کاتێك منداڵ لەباوکی بچێت
هەموو گومانێك بەدەوری
دایکیدا دەڕەوێتەوە.
(وتەیەکی ئیسپانی)

لە ماڵی دەوڵەمەند
ئەسپ بکڕەو لەماڵی
هەژاریش ژن بخوازە .

گەورەترین هۆکار بۆ
لادانی خراپی خراپە کاران
لەسەرت بریتیە لە بیرکردنی
خراپەکانی. (سۆلۆن)

گەر بەردەوام باسی خۆتت
کرد بەڵگەیە لەسەر ئەوەی
متمانەت بەخۆت نیە.

ماڵی بەختەوەر
دەنگی لێوە نایەت ...
(وتەیەکی چینی)

ئیرەیی پێ بردنت لەلایەن
خەڵکانێکی زۆرەوە نیشانەی
سەرکەوتنەتە.
(فیساگۆرس)



# پێنج ڕێگا
# بۆ ئەوەی بە ڕاستگۆیی بژین

محمد فاتح شارەستێنی

ڕاستگۆیی ئەو وشە جوانەیە هەموو کەسێك بە بیستنی دڵخۆش دەبێت و چاوەڕوانی لە دەوروبەرەکەی دەکات کە ڕاستگۆ بن لەگەڵیدا ، لە سەیری ( ڕاستگۆیی ) ئەوەیە ئەو کەسەی کە ڕاستگۆش نیە حەز ناکات دەوروبەرەکەی لەگەڵیدا ڕاستگۆ نەبێ، بۆ ئەوەی بە ڕاستگۆیی بژین پێویستە خۆمان لە پێچەوانەکەی بەدوور بگرین ، هەروەکو بۆ ئەوەی هەست بەساردی بکەین دەبێت لە گەرمی و ونبونی گەرمی بکۆڵینەوە ، بۆ ئەوەی هەست بە روناکی بکەین پێویستە لە تاریکی و ونبونی روناکی بکۆڵینەوە .

بۆیە پێویستە بۆ ئەوەی بە ڕاستگۆیی بژین دەبێت خۆمان لە درۆکردن بپارێزین.

پشتیوان بە خوای گەورە لەم چەند خاڵەدا ئاماژە بەچەند ڕاستیەك دەکەیم دەربارەی کەسانی درۆزن و پێگەیان لە کۆمەڵگادا .

**یەکەم:** درۆ کردن ئەو گوناهە گەورەیە کە مسوڵمان پێی تاوانبار دەبێت ، پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا ( د.خ ) کرد ئایا مسوڵمان دزی دەکات ؟ فەرمووی بەڵێ پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا کرد مسوڵمان زیا دەکات ؟ فەرمووی بەڵێ پرسیاریان لێ کرد ئایا مسوڵمان درۆ دەکات فەرمووی نەخێر .

ئەوەش بزانە درۆزن یەکەم نیشانەی کەسی دوو روە ، بۆیە پێویستە خۆمان لە درۆ کردن بپارێزین بۆ ئەوەی بیروباوەڕ و رەوشتمان پارێزراو بێت .

**دووەم:** هاورێیەتی کەسانی ڕاستگۆ بکەو لە کەسانی درۆزن دوور بکەونەوە چونکە هاورێی خراپ وەك قرژاڵ وایە ، راوچیەك گەر یەك قرژاڵ راوبکات ئەوا پێویستە سەری ئەو سەبەتەیە یان سەتڵەکە بگرێت بۆ ئەوەی قرژاڵەکە رانەکات بەڵام ئەگەر دووان یان زیاتری گرت ئەوا پێویست ناکات سەرەکەی بگرێت چونکە ئەگەر یەکێکیشیان سەرکەوێت ئەوا ئەوانی تر بەری دەدەنەوە هاورێی خراپیش وایە ، هەر چەندە یارمەتیشت نادات ئەوا ڕێگریشت لێ دەکات بۆ ئەوەی ببیتە کەسێکی تەندروست ، هەروەها لە مێژە وتراوە مرۆڤ لەسەر دینی هاورێ کەیەتی.

**سێیەم:** کەسانی درۆزن پێگەیان لە کۆمەڵگادا لەدەستدەدەن و بەچاوی سوك و کەم تەماشا دەکرێن وە گوێ لە قسەکانیان ناگیرێت و بۆچونەکانیان ئیعتباری نامێنیت تەنانەت گەر بشزانن راستە ئەوا هەر گوێیان لێ ناگیرێت ، هەروەکو پیرەمێردی شاعیر دەڵێت ( درۆزن ئاگری لەماڵی بەربوو دەیان وت درۆیە )

بۆیە پێویستە ئاگاداری پێگەی خۆمان بین و ئەگەر هەڵەیەکیشمان کرد ئەگەر بە مەبەستیش نەبووبێت ئەوا داوای لێبوردن بکەین.

**چوارەم:** دووركەوتنەوە لە زۆر قسەکردن، چونکە ئەوەی زۆر قسە بکات زۆریش هەڵە دەکات ، ئەگەر لە خۆشت وردبیتەوە دەبینیت کە مرۆڤ دووچاوی هەیە و دوو گوێی هەیە و دوو قاچ بۆ گەران بەدوای راستیەکاندا هەیە بەڵام لە بەرامبەردا یەك دەم و زمانی هەیە بۆ قسەکردن ئەوەش بزانە ئەگەر قسەکردن زیو بێت ئەوا بێدەنگی ئاڵتونە، وە ئاگاداریش بە لەکاتی قسەکردندا با قسەکانت زانستی و بەبەڵگەوە بێت بۆ ئەوەی سودی هەبێت بۆ دەوروبەرەکەت .چونکە ئەگەر وتەکانت بێ بەڵگە بن گەر راستیش بن ئەوا وەك گوڵی پلاستیکی وایە ئەگەر جوانیش بێت ئهوا بۆن و سودی نیە. نەزانین بە شەش شت دەناسرێتەوە یەکیکیان ( زۆر وتنی بێ سودە ).

**پێنجەم:** باوەڕ بە هەنووکە مەکە، دڵنیا بە ، هەواڵ بڵاو مەکەرەوە، نوسەرێك دەڵێت ( بۆ ئەوەی بەراستگۆیی بژیت پێویستە خۆ راگربیت تا راستیەکان ئاشکرا دەبێت ) تەنانەت گەر ئەو شتەی باوەڕپشت پێیە دەبێت چاوەڕوان بکەیت کە کەسێك هەبێت هەبێت لە تۆ زاناتر بێت و شتی تر بدۆزێتەوە، نمونە زۆرە بەڵام لێرەدا ئاماژە بە ٣ دانە دەکەین کە ئێستا دەتوانیت گەر کەسێکی شارەزاش نەبیت بڵێیت وتەکانی ئەو زانایە وا نیە .

یەکەمیان ( بەرەوپێشچوونی زانست لە داهاتودا لەبەرزترین لوتکەشدا بێت بەڵام مرۆڤ هەرگیز ناگاتە مانگ ) ئەمە وتەی ( د.لیدێ فۆریست دۆزەرەوەی بۆری خاڵی لە هەواو باوکی تەلەفزیۆنە )

دووەمیان: ( ساڵی پار هیچ بەرەوپێشچونێکی ریشەیی خۆی نیشان نەداوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرەوپێشچوونی ئۆتۆمبیل گەشتۆتە خاڵی کۆتایی ) ( زانستی ئەمریکی ٢ کانونی دووەمی ١٩٠٩ )

سێیەمیان: ( دروستکردنی مەکینیەك کە توانی فڕینی هەبێت و لەهەوادا سوك بێت ئیمکانی بوونی نیە ) لۆرد کێلڤێن بیرکارهی و فیزیاوانی ئینگلیزی.

کۆتایی باسەکەم بە وتەی زانای گەورەی ئیسلام سەید قوتب دێنم کە دەڵێت ( گرنگ نیە هەرچی راستە بیڵێت بەڵام گرنگ ئەوەی ئەوەی دەیلێیت راست بێت )



# چۆن دەبیتە خوێنەر؟!

نووسینی : کریم الشاذلی
و: هیوا بڵباس

زۆرجار دەخوێنینەوەو دەبیستین لەبارەی گرنگی خوێندنەوەو پەرەپێدانی وەکو هۆکارێك بۆ خۆرۆشنبیرکردن و خۆپێگەیاندن ، بەڵام چۆن دەبیتە خوێنەرێکی چاك و دڵسۆز ، لەڕاستیدا خوێندنەوەش پێویستی بە هەوڵدان و ماندووبوون هەیە هەرچەندە جار جار مرۆڤ بۆ خۆشی و تاموچێژ وەرگرتن هەندێك نامیلکەو کتێبی چیرۆك و ڕۆمان دەخوێنێتەوەو هەست بە هیچ زەحمەتییەك ناکات ، بەڵام بەگشتی خوێندنەوە دەبێت ئامانجدار بێت و جۆرێك لە پابەندبوونی تێدابێت و بەهەستێکی لێپرسراوانەوە خەمخۆرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ کتێب و بڵاوکراوەکاندا بکات تاوەکو هەوڵ و کۆششەکەی بەرهەمدار بێت . جا بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو پلەیەی کە شایانی ناونیشانی خوێنەری سەرکەوتوو بیت پێویستە پابەندیت بەم مەرجانە هەبێت و لەخۆتدا بیانهێنیتە دی:

### ١- زاڵبوون بەسەر بەربەستی دەروونی:

مەبەستمان لەو ڕێگرە ناوخۆییانەیە کە لە ناخی مرۆڤدا هەیەو خوێندنەوەت لەسەر قورس و زەحمەت دەکات و وات لێدەکات هەرکاتێك کتێبێك هەڵبگری هەست بە بێتاقەتی و مەیلی خەوتن بکەیت ، ئەمەش بەوە چارەسەر دەبێت کە ئەو کەسە هەر لەسەرەتاوە نیازێکی پاك و ڕاستگۆیانەی هەبێت و مەبەستی سوود گەیاندن بێت بەخۆی و دەوروبەرەکەی ، ئەنجا پاشان کە بەروبوومەکەی دەبینین و هەست بە ڕەنگدانەوەی دەکەین لە هەڵسوکەوت و پەیوەندیەکانمان ئەوکاتە ئەم بەربەستە کاریگەری نامێنێت.

### ٢- بەکارهێنانی پاڵنەرەکان:

بەدەستهێنانی زانست و پەیبردن بە زانیاریەکان گرنگترین هۆکارە بۆ گەیشتن بە خولیاو ئاواتەکان و ژیانێکی خۆشگوزەران ، لەهەمان کاتیشدا بۆ

گەیشتن بە قەناعەت و ڕاستیەکان و لەویشەوە بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە ، مەبەستیشمان خوێندنەوەی زانستە ئایینیەکان نیە بەڵکو گشت بابەتە سوودبەخشەکان لە بوارەکانی زانستی و ڕۆشنبیری و هونەری.

جا بۆیە ئەم قەناعەت و پاڵنەرانە هاندەرێکی بەهێزن بۆ سووربوون و ڕشت بوون لەسەر خوێندنەوە.

**٣- بوونی پلان:**

هەمیشە ئەو کارو چالاکیانەی لەڕێگای پلانێکەوە ئەنجام دەدرێن سەرکەوتنیان مسۆگەرترو بەرهەمیان زیاتر دەبێت، بۆیە هەبوونی پلان و بەرنامە بۆ خوێندنەوەش لەلایەك کاتت بۆ دەگەڕێنێتەوە و لەلایەکی تریش هاوکارت دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی خوێندنەوەکەت . بەڵام پێش دانانی هەر پلانێك پێویستە ئەم تێبینیانە بە هەند وەربگریت:

تواناکانت: لەسەر بنچینەی ئەو شارەزاییانەی کە لەبارەی خۆتەوە دەیزانیت شتێك دابنێ بۆ خوێندنەوەی لەماوەیەکی دیاریکراودا بۆ نموونە لەماوەی دوو مانگی داتوودا دەتوانی چەند بخوێنیتەوە، واتە بەجۆرێك بێت نە زۆر بێت و لەئەنجامدا هەست بە شکست بکەیت و نە ئەوەندەش کەم بێت کە بواری زیاترت هەبێت و فێری کەمتەرخەمی بیت.

حەزو خولیاکانت: ئەم خاڵە زۆر گرنگە چونکە تۆ لەسەرت نیە هەر چ بڵاوکراوەیەك بکەویتە بەردەستت و بیخوێنیتەوە بەناوی ئەوەی تا ئاسۆی زانیاریەکانت فراوان بێت و لە هەموو بابەتێك بزانیت ، بەڵکو پێویستە دەستبژێرێك بکەیت و کتێب و بڵاوکراوە هەڵبژێریت تا لەو بوارانە هەوڵبدەیت کە لەگەڵ پسپۆڕی و ئارەزووەکانت دەگونجێت.

کاتەکانت: پێویستە هەڵبژاردنی کتێب و دیاریکردنی بابەت بەگوێرەی کاتەکانت بێت و بزانیت ئەو ماوانەی کە بوارت بۆ دەڕەخسێت چ کاتێکن ، بۆ نموونە کتێبی قەبارە گەورە بۆ کاتی تەرخانکراو بۆ خوێندنەوە و کتێبی سادەتر بۆ کاتی هێمنی و حەسانەوەو نامیلکەو بڵاوکراوەی بچووك بۆ کاتی چاوەڕێ کردن و مانەوە لە ڕێگاو ... وە هەروەها.

**٤- خۆڕاگری لەسەرەتادا:**

وەکو دەڵێن مووشەك زۆربەی ئەو هێزەی کە هەیەتی لە سەرەتای تەقینەوەی سەرفی دەکات ، چونکە هەموو کارێك سەرەتاکەی قورس و بەئازارە بۆیە لەسەرەتای خۆڕاهێنان لەسەر خوێندنەوە پێویستە ورەی زیاتر بەخۆت بدەیت و کۆششی زیاتر بکەیت و خۆڕاگر بیت ، بۆ ئەمەش دەتوانی بۆ ماوەیەك تەنها ئەو شتانە بخوێنیتەوە کە سادەو بەچێژەو خۆت حەزت لێیەتی وەکو نامیلکەی بچووك و ئەو کتێبانەی کە پێویستی زۆری بە لێوردبوونەوە نیە لە هەندێ بابەتی چیرۆك و ڕۆمان و ڕووداوی ڕاستەقینەو بەسەرهاتی نوکتە ئامێز.

**٥- بەگەڕخستنی کاتە مردووەکان:**

**لەنێو ئێمەدا هەندێك کات هەیە بە کاتە مردووەکان ناسراوە وەکو ماوەیەك پێش دەرچوون بۆ کار یان چاوەڕێکردنی پزیشك یان لەناو پاس یان ماوەی نێوان دوو ئیش، دەکرێت ئەم کاتانە بقۆزرێنەوە بۆ خوێندنەوە**

لێرەوەش گرنگی هەبوونی کتێبی گیرفان دەردەکەوێت کە دەتوانیت بە هەمیشەیی لەگەڵ خۆتدا هەڵی بگریت بۆ ئەو کاتانەی کە بوارت بۆ دەڕەخسێت، هەر بۆیەشە لە زۆربەی وڵاتان لەو شوێنانەی کە پێویستت بە چاوەڕێکردن دەبێت کتێب و بڵاوکراوەی زۆر و جوراوجۆر بەردەست دەکەن بۆ سوود وەرگرتن لەم کاتانە وەکو بۆ نموونە لە نۆرینگەی پزیشکەکان و سەرتاشخانەکان.

لەکۆتاییشدا پێویستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە خوێندنەوە دەبێت پابەندبوونی لەگەڵدابێت و هەوڵ و تەقەلای بەردەوامی بۆ بدرێت ، نەك تەنیا لەو کاتانە ئەنجام بدرێت کە هیچ کارێکت نەبیت و هەست بە دەستبەتاڵی بکەیت و بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بێت، بەڵکو پێویستە ببێتە ئەرك و وەکو بەرپرسیارێتی سەیر بکرێت و بپارێزرێت و ئامادەسازی دەروونی و بیروهۆشیی تەواوی بۆ بکرێت تاوەکو بەنێو وشەو دێڕ و لاپەڕەکانی کتێبدا گوزەر بکەیت و زۆرترین کەڵك و سوود لە زانیاریە شاراوەکانی وەربگریت .

باشتریش وایە کە چوویتە سەر کتێبێك ئەوا کتێبی تر دەست پێنەکەیت تا ئەوەی یەکەمیان تەواو دەکەیت ئەمەش بۆئەوەی بیرو زەینت پرش و بڵاو نەبێت و لەلایەکی تریش کاتێك کتێبێك تەواو دەکەیت هەست بە خۆشحاڵی دەکەیت و متمانەت بەخۆت زیاتر دەبێت و گەشبین دەبیت و هاندەرت دەبێت بۆ دووبارەکردنەوەی ئەم کارەو پاڵنەرت دەبێت بۆ سەرکەوتنێکی تر.



هەرێم جعفر

# چۆن گەشە بە کەسایەتیت ئەدەیت؟

مرۆڤە کان هەمیشە لەلایەن کۆمەڵگاو سروشتی شوێنی لەدایکبونیان کەسایەتیان دیاری ئەکرێت، هەندێك جار ئەم جۆرە کەسایەتیە ئەبێت بە نەریتێکی نەخوازراو لە لایەن خودی کەسەکە. وێناکردنی کەسایەتیە خوازراوەکان لە لایەن مرۆڤەکان ئەو کاتە رودەدات کاتێك مرۆڤ زیاتر گرنگی بە کەسایاتی کەسانی دی دەدات وەك ئەوەی کە ئێستا لە زیاد بوندایە هۆکاری ئەمەش دوورکەوتنەوەیە لە کتێبە ئاسمانیەکان و زیاتر نزیکبونەوەیە لە دنیای(خەیاڵە) دروستکراوەکانی مرۆڤ .کەواتە پێویستە مرۆڤ کەسایەتی خۆی دیاری کات بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ کەسان و ژینگەی هاوشێوەی خۆی بژی ئەویش بەهۆی پابەند بوونە بەم چەند هەنگاوەی خوارەوە .

هەرئێستا کاغەزو پێنوسێك بێنە بۆئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بنووسی:

یەکەم: سێ شت دەربارەی خۆت کە هەست دەکەی باشن و بەشێکن لە کەسایەتیت بۆنموونە من کەسێکی خۆ گونجێنەرم و ئەتوانم شتە خراپەکان چاك بکەمەوە و بەهەستم ....هتد.

دووەم: سێ شت کە حەز بەکردنیان ئەکەیت وەك ڕۆشتن بۆ سینەما و خوێندنەوە و شوفێری یان لێخورینی پاسکیل ...هتد.

سێیەم: ئەو شتانەی کە هەست ئەکەیت باشی لە کردنیان بۆ نموونە قسەکردن لەگەڵ خەڵکی بێگانە، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ، وەرزش ... هتد

چوارەم: ئەو کەسانەی کە کاریگەرییان لە سەرت هەبوە وەك مامۆستا، نووسەرێك ....هتد.

پێنجەم: بیرلەوە بکەرەوە بۆ چی ئەم کەسانە کاریگەریان لەسەرت هەبووە لانی کەم باس لە دوو کەسایەتی بکە و هەر یەکەیان شەش سیفەتی کاریگەریان لێ بدۆزەروە کە خۆت پێت پەسەندە .

ئێستا هەریەك لەم زانیاریانەی سەرەوە بەم شێوەیە بەکار بهێنە :

یەکەم: ئەو سێ کارەکتەرەی کە پێت باشە هەوڵبدە زیاتر کاریان لەسەر بکەیت و لە ژیانی رۆژانەتدا زیاتر بەکاریان بهێنە بۆ ئەوەی هەمیشە خۆت بیت.

دووەم: هەوڵبدە ئەو شتانەی کە هەست ئەکەی حەزی لێ ئەکەی زیاتر لەوانی تر، زیاتر پەرەی پێ بدەی بۆ وێنا ئەگەر حەزت لە خوێندنەوەو نوسینە ئەوا هەوڵبدە زیاتر بخوێنیتەوە و دەست بە نووسینی لانی کەم چیرۆکێك بکە.

سێیەم: ئەم کواڵێتییە زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ چونکە ئەگەر بزانی لە چ بوارێکدا سەرکەوتوی ئەوا ئەتوانی ئەو کارە یان ئەرکە بدۆزیتەوە کە حەزت لێ یە بۆ نموونە ئەگەر حەزت بەیارمەتی دانی خاڵکە هەوڵبدە ببیت بە کاریزماتیك .

چوارەم و پێنجەم: ئەو کەسانەی کە کاریگەریان لەسەرت هەیە هەوڵبدە لانی کەم شەش سیفەت کە لەواندا هەیە و تۆ پێی سەرسامی تێبینی بکە بزانە تا چەند لە تۆدا هەیە و هەوڵبدە خۆت بەکردنی ئەو شتانە ڕابهێنی.

بەم شێوەی کە لەسەرەوە باسم کردوە دەتوانی ئەو کەسایەتیە کەخۆت پێت خۆش و گونجاوە هەڵبژێری و چیتر داگیرنەکرابی لەلایەن چەند کەسایەتیەکەوە کە نەخوازراون پێت.



# شەش هەڵە ڕەنگە دواڕۆژی پیشەکەت بخەنە مەترسیەوە

ئا. ئەمیر ئەحمەد عبدالقادر

هەرچەندە هەوڵ بدەی لە پیشەکەت سەرکەوتو بی و بە باشترین شێوکاروبارەکانت ئەنجام بدەیت ، بەڵام هەندێك هەڵس و کەوت و ڕەفتار کە ئەنجامی دەدەی بە شێوەیەکی بێ ئاگایانە ڕەنگە دواڕۆژی کارەکەت ڕەش بکات و پەیوەندیت بەسەرانتەوە لە ناوبەرێت . بەهۆی فشاری کار ، و ئەو ئەرکە زۆرانەی پابەندی بە جێ بەجێ کردنیان ، ڕەنگە هەندێك ڕەفتار بنوێنی یان هەندێ دەستەواژە دەرببڕی – نابەرپرسیارانە – کە هەڵسەنگاندنت لای سەرۆکەکان کەمتردەکانەوە ، وبەم پێ یەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ لەسەر بەرەوپێش چوونی پیشەکەت.

بۆیە پێویستە لەسەرت توخنی ئەم جۆرە ڕەفتارانە نەکەویت تاوەکو سەرکەوتنی پیشە و دواڕۆژت مسۆگەربێت . مسەلەکە گران یان ماندوکەر نیە ، تەنها پێویستی بە کەمێك ڕهێنان و بەردەوامی هەیە، تاوەکو کەسایەتی پیشەیی بێت دەرکەوێ.

## شەش شت دەبنە هۆی لەناوبردنی هیوا و ئاواتی پیشەیی یت:

١- بەرێوەبەرەکەت واتی بگات کە تۆ بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت ئەم ئەرکە تەواو بکەیت ، بی ئەوەی هەوڵیش بدەی دەست بە جێ بە جێ کردنی ئەو ئەرکبکەیت ، یاخود ڕادەی تواناییت بۆ ئەنجامدانی کارەکە مەزندە بکەی ، بە تایبەتی کە بەڕێوەبەر تۆی دەست نیشان کردووە بۆ جێ بە جێ کردنی ، کە ئەوەش مانای وایە ئەو متمانەی بە توانای تۆ هەیە کە کارەکە ئەنجام بدەی . بەڵام کاردانەوەی نەرێنی تۆ – کە بەم شێوەیە دیاریکراوە – بەرێوەبەرەکەت تورەدەکات ، تەنانەت گومانیشی بۆدرووست دەبێت لە تواناکانت ، و ئەوە زیاتر لە وانی خۆتی پێ بە خشیوی بە پێ ی گومانی خۆی کە تۆ خاوەن توانا و شارەزایی بیت.

٢- بە بەرێوەبەرەکەت بڵێ ی : ناتوانم لەوە باشتر بکەم ، بەرێوەبەر پێویستە هەردەم بزانێ کە تۆ توانای داهێنانت هەیە و کێشە چارەسەر دەکەی و ئەرکەکانت بە باشترین شێوە بەرەوپێش دەبەی ، نەك ئاستت هەروەکو خۆی بمێنێتەوە سەرەڕای تێ پەڕبوونی کات و کۆبوونەوەی شارەزایی لە لات.

٣- بەخاوەن کارەکانت بڵێ ی :- ((ئایا ئەوە باشترین کارە کە لە تواناتاندا هەیە ئەنجامی بدەن ؟ )) بێ گومان هەرگیز دروست نیە لە هەوڵ و کۆششی خەڵکانی تر کەم بکەیتەوە لە پێناو تەواوکردنی کارێکی دیاری کراو، و ئەگەریش دەتەوێ ڕێنمایەك پێشکەش بۆ بەرەوپێش بردنی کارەکە، ئەوا ووشەکانت بە ووردی هەڵبژێرە ، تاوەکو بەشێوەیەك دەرنەبڕێ کەوادەرکەوێ هێرش کردن و گاڵتە کردنە بەوکارەی کەسانی تر ئەنجامیان داوە.

٤- بەرێوەبەرەکەت بڵێ ی:- ئەوە گرفتی من نییە ، هەندێ جار وارێ دەکەوێ کە تۆ سازو ئامادەنەبیت بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاری کراو ، بەڵام سەرکارەکەت داوات لێ دەکات ، یەکەم لەبەر بارودۆخێك ئەوکەسەی بەپرسیارە لە جێ بە جێ کردنی ئەو ئەرکە تەواوی ناکات ، دووەم پێویستە ئەم ئەرکە لە زوترین دەرفەت دا ئەنجام بدرێت، و سێ یەم ئەوە متمانەی بە تۆ هەیە کە دەتوانی تەواوی بکەیت، لێرەدا بە هیچ جۆرێك ڕاست نیە بەرێوەبەرەکەت والێ بکەی لە هەڵابژاردنەوەی تۆ پەشیمان

بێتەوە، و پێ ی بڵێ ی تۆ بەرپرسیارنیت لە ئەنجامدانی، چەنکە تۆ بە کارت تاڕادەیەکی زۆر هەست بە بەپرسیارریتی ناکەیت بەرامبەر تەواوی دامەزراوەکە ، سەرەڕای ئەوانەش هاوکاری نەکردنت لە داپۆشینی هەندێك لایەنی کەمتەرخەمی کردنی هاوڕێکانت.

٥- هەرگیز بەڕێوەبەرەکەت وا هەست نەکات کەتۆ ئەم ئەرکە بە ناهێنی ، تەنها لەبەر ئەوەی کاتت لەبەر دەست دایە بەر لەوادەی ڕاستەقینەی بەجێ هێنانەکە ، تاکو بەڕێوەبەرەکەت وا نەزانێ تۆ کەسێکی گوێ پێ نەدەرو تەمبەڵی لە کارکەت دا.

٦- بۆچی لە فەیس بووك یان تویتەر میواندارێم ناکەی، هەرگیز درووست نی یە داوا لە بەڕێوەبەرەکەت بکەی پەیوەندی یە پیشەیی یەکانتان بگۆڕێ بۆ هاورێیەتی کەسێتی، بەر لەوەی ئەو دەس بەوە بکات، تەنانەت ئەگەر ئەویش ئەوەی کرد، پێویستە لەسەرت هەرگیز هێڵە قەدەغکراوەکان لەم هاوڕێ یە نیە لە بیرنەکەی. هەمیشە قسەکانت گوڵبژێر بکەو هەرگیز بە سووکیان مەزانە — تەنانەت ئەگەر لە دانیشتنێکی دۆستانەش دابوون، وە بێ گومان ئەگەر بەڕەوەبەرەکەت ئافرەت بوو، شتێکی شیاو نییە داوای ئەکەی لێبکەی، بەتەواوی پابەند پێوەرە پیشەیی یەکان بە، وامەکە پەیوەندی کار بەرەوپێش بچێ لە نێوانتان بە هەرشێوەیەك لە شێوەکان و ببێتە جۆرێك لە هاورێ یەتی ، بێجگە لەوانەش لایەرکانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ڕووبەری کە سایەتی تۆیە بۆ ئازادی و دەربڕین ی بیروڕاکانت بێ ترس یان لەبەرچاوگرتنی گومان بردنی کەسانی دیکە، بەڵام ئەگەر سەرۆکەکانت خستە ناو ڕیزی حساباتی تایبەتی خۆتەوە، ئەوا بە دڵنیایی یەوە دەست بەستراودەبی لە دەربڕینی بیرورکانت.. یان تەنانەت هەناسە وەرگرتن لە تووڕەبوونت، بە تایبەتیش ئەگەر مەسەلەکە پەیوەست بێت بە ئیش و کارەوە.



# ١٣ ڕێگا

و: دەرون بەکر

دکتۆر نەبیلە سعدی پسپۆڕی بواری پەیوەندی کردن، لە ناوەندی میسری بۆ راوێژکردنی خێزانی و هاوسەریتی سیازدە هەنگاو دەخاتە روو سەبارەت بە ئامادەکردنی منداڵی سەرکردە ،ناوبراو دەڵێت کۆمەڵێك هەنگاو و ڕێگا هەن پێویستە دایکان و باوکان ئاگاداری بن و هەوڵبدەن هەموو یان زۆربەیان جێ بەجێ بکەن، وەك زەمینەسازییەك بۆ خێزان تامنداڵەکانیان ئامادە بکەن تا ببنە سەرکردەو کەسی سەرکەوتوو .

گرنگترین هەنگاوەکانیش ئەمانەن:

١- بەردەوام لۆمەی کردەوەی هەڵەکە بکە، نەك منداڵەکە .

٢- لەسەر دایك و باوك پێویستە زیاتر گوێ لە منداڵەکانیان بگرن و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن بەهێمنی و لەسەرخۆیی دوور لەسەپاندنی رای خۆیان، رووبەرێکی باشی ئازادییان پێ ببەخشن تا ئەزموون پەیدا بکەن و ،چونکە گەر ئەزمونەکان نەبن ئەوا هیچ فێر نەدەبووین.

٣- پێدانی هەندێك لەبەرپرسیاریەتی بەمنداڵ بەپێیی تواناو بەهرەیان، لەگەڵ پێشبینی کردنی چاکتر بۆ منداڵەکانمان بە بەردەوامی .

٤- دەبێت بە وریایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین لە کاتی سەرزەنشت کردندا چونکە سەرزەنشتکردن وا دەکات منداڵ متمانە بەخۆبوون لەدەست بدات و، وای لێ دەکات بسڵەمێتەوەو کەسێکی پەلامارەدەرو موتەحەفیزکار بێت .

٥- کاتێك منداڵەکەت هەڵەی کرد ئەوە هەڵەکەی بۆ چاکبکە، لە روانگەی دەربڕینی رای خۆتەوە.

٦- بردنیان بۆ کۆڕی پیاوان تا فێرببن چونکە بەشێك لە فێربوون لەڕێگەی سەرنجدانەوە بەدەست دێت بەڵام بە مەرجێك کۆڕەکان کۆڕی زانستی بن.

٧- سۆز و خۆشەویستی بۆ منداڵەکان دەربڕن چونکە خۆشەویستی موعجیزات دروست دەکات و هەروەها هاندانیان بۆ کاری چاکە تا چێژ لەکارکردن وەربگرن.

٨- فێری لێبوردن بکرێت لەکاتی دەسەڵات وتوانادا ، لەمیانەی گیانی لێبوردەییەوە.

٩- لەکاتی هەڵوێستی گران و ساتەوەختی لاوازیدا لە ئامێز بگیرێت و یارمەتی بدرێت ئەمەش وا دەکات پیاوی ئەرکە قورسوگرانەکان بێت .

١٠- پێویستە بۆ منداڵەکەت رونبکەیتەوە کەماڵ و بێ خەوشی و کەموکوڕی تەنها بۆخوای گەورەیە و مرۆڤ هەمیشە هەڵە دەکات تا فێرببێت ، ئەمەو هیچ نەنگیەك نیە مرۆڤ دان بەهەڵەکانیدا بنێت بەڵکو نەنگی لەوەدایە لەسەر هەڵەکان بەردەوام بێت.

١١- بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ زەمینەسازی بۆ بکە تا هاوڕێتی کەسی باش بکات .

١٢- فێری راوێژکردنی بکە لەمیانەی خستنەرووی ئەو کێشانەی کە رووبەرووی خێزان دەبێتەوە بۆ گفتوگۆکردن و وەرگرتنی رای بەشدار بووان تەنانەت ئەوانەشی کە تەمەنیان منداڵە.

١٣- منداڵەکەت فێر بکە کە سنوری ئازادیەکانی ئەو کۆتایی دێت لەسەرەتای سنووری ئازادییەکانی کەسانی تر.

# گرنگی پلانی ستراتیژی تاکە کەسی



**دیمانە برەو:** بۆ قسەکردن لەسەر گرنگی پلانی ستراتیژی تاکە کەس، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی بەڕێز دانا فازڵ- شارەزا لەبواری گەشەپێدانی مرۆیی کردو ئەویش بەڕێزو سوپاسەوە وەڵامی داینەوە.

**برەو:** سەرەتا خۆت بەخوێنەرانی برەو بناسێنە.

**دانا فاضل:** ناوم: دانا فاضل محمد لە ساڵی ١٩٧٤ لە سلێمانی لە دایکبووم، لە ساڵی ١٩٩٧ لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسیم تەواو کردووە ، لە ساڵی ١٩٩٣ ەوە تا ئێستا لە رێکخراوی پیشەیی و مەدەنیدا کار دەکەم ، ئێستا قوتابی ماستەرم لە زانکۆی بەیروتی عەرەبی لە لوبنان لە بواری کۆمەڵناسی . ( ٩ ) بروانامەی نێودەوڵەتیم هەیە لە بواری پەرەپێدانی توانا مرۆیەکان و لە ساڵی ٢٠٠٦ ەوە لەو بوارەدا کار دەکەم ، هەروەها نازناوی سەفیرم هەیە لە ( پلانی ستراتیژی تاکەکەس )دا .

**برەو:** لەم ماوەیەدا چەند خولتان کردۆتەوە لە بواری پلانی ستراتیژی تاکەکەس دا وە بۆچی ئەم بوارەتان هەڵبژاردووە و یەکەمایەتی ئەم بوارەدا چی دەبینیتەوە؟

**دانا فاضل:** لەماوەی دوو مانگی رابردوودا ٩ خولم کردۆتەوە لەم بوارەدا و لەبەر گرنگی ئەو بابەتەو بوونی حەز و رەغبەت لەسەری ئەم بابەتەمان هەڵبژارد لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی کەسەکانە بەشێوەیەکی راستەخۆ بەستراوەتەوە بە پلان بۆ ئەو کارە بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمی سەرەڕای ئەمەش ئەم بابەتە رەغبەتێکی جیهانی لەسەرەو ئێستا ئێمە لە سنوری ئەو پرۆژە جیهانی یەدا کاردەکەین کە پێی دەوترێت پرۆژەی ( سفراء التنمیە )

**برەو:** چۆن هۆشیاری پلان دانان بڵاودەکرێتەوە لە نێو چین و توێژەکان لە کۆمەڵگادا؟

**دانا فاضل:** پلان دانان زانستێکی دێرینەو نوسینی زۆری لەسەر نوسراوە ، بەڵام ئێستا شێوازی نوێی بەخۆیەوە بینیوە و لەبواری نیۆری یەوە بەرەو پراکتیکی تر هەنگاوی ناوە . بە تایبەت ئێمە لە دەروازەی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانەوە هاتوینەتە ژوورەکە پلان دانان بە پێیی فۆرمێکی ئامادەکراو دەخەینە بەردەست و لەرێگەی دەوراتەوە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیاندا دەڕۆین تا دەگەینە ئەنجام . بەڵام جیاوازی ئەم بابەتە لە دەروازەی پەرەپێدانی توانا مرۆییەکانەوە لەگەڵ زانستی پلان دانانی گشتی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئێمە بێجگە لە زانستی پلان دانان کار لەسەر تەوەرەی توانا شاراوەکانی تاک دەکەین و هەوڵی بەگەڕخستنی دەدەین ئەنجامی زیاتر بەدەست بخەیت.

**برەو:** ئایا لە بەرنامەتاندا هەیە سەنتەرێك یان ناوەندێك دروست بکەن سەبارەت بە پلاندانان؟

**دانا فاضل:** ئێمە لە سەنتەری کوردۆنیا بەشێکمان نیە بەناوی پلان دانان بەڵکو دەوراتی جۆراوجۆرمان هەیە لە بواری پلانی ستراتیژی تاکەکەس و دامەزراوە و بیرکردنەوەی ستراتیژی، کە بە پێی پلانێکی دارێژراو کاری لەسەر دەکەین و بڵاوی دەکەینەوە.

**برەو:** چۆن گۆڤاری برەو هەڵدەسەنگێنیت ؟

**دانا فاضل:** بوارێکی گرنگی هەڵبژاردووە کە پەرەپێدانی توانا مرۆیی یەکانە و پێویستی ژیانی خەڵکە لەم سەردەمەدا. هەنگاو بە هەنگاو پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، ئومێد دەکەم ببێتە گۆڤاری یەکەم و پێشەنگ لەو بوارەدا.

**برەو:** بەرنامەی داهاتووتان چیە لە بواری خولەکاندا؟

**دانا فاضل:** ئێمە هەر ٤ مانگ جارێك جۆرێك لە خول تعمیم دەکەین لە هەموو شارو و شارۆچکەکاندا و شهاداتی نێودەوڵەتی دەدەین. ئێستا لەسەر پلانی ستراتیژی تاکەکەس کاردەکەین و لە داهاتوودا کار لەسەر راهێنانی کۆمەڵێك راهێنەر دەکەین کە بتوانن ئەم بابەتانە لە سنورێکی بەرفراواندا پەخش بکەن و خەڵکێکی زۆرتر سود مەندبن.

**برەو:** دوا وتەت.

**دانا فاضل:** ژیان ئاڵۆز بووە و پێویستیەکانی تاك زۆر زیادی کردووە . و پێویستی بە هەنگاوی خێراوکرداری و بەهێز هەیە تا سەرکەوتوو بێ هەر لەو پێناوەدا پەرەپێدانی مرۆییەکان بۆتە ئەمری واقع و بەخێرایی خەڵك بەرەوپیری دەچن و خۆیانی تیا دەدۆزنەوە .

# گۆڕانی کەش وهەوا

## تێگەیشتن و بەدەمەوەچوون لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە

نوسینی ڕاوێژکار: شەماڵ عبدالرحمن موفتی
وەرگێڕانی: یاسین أحمد زەنگەنە - ئازاد مستەفا دیبەگەیی





ئا: ئەمیر کۆیی

# ئازارەکانتان لەسەر لم بنووسن بەڵام چاکەکان لەسەر بەرد هەڵکەنن.....؟؟

دەگێڕنەوە جارێکیان دوو هاورێ بەبیابانێکدا دەگەڕان، لەکاتی گەڕانەکەیاندا بەبیابانەکەدا لێیان بوو بەدەمەقاڵێ بۆیە یەکێکیان شەپازلەیەکی کێشا بەرووی ئەوی تریان.

ئەو پیاوەی کەشەپازلەکەی لێ درا زۆر ئازاری کێشا بەڵام بێ ئەوەی یەك ووشەش دەر ببڕێت هەستا بەنووسین لەسەر لم: ئەمڕۆ خۆشەویسترین برادەرم لەروخساری دام.

دوو هاورێکە بەردەوام بوون لەگەڕان بەبیبابانەکەدا تا وەکو مێرگێکیان دۆزییەوە بڕیاریاندا کەمێك مەلەوانی تێدابکەن و خۆیان بشۆن.

ئەو پیاوەی کەلەروخساری دابوو قاچەکانی لەلمی ژێر مێرگەکەگیر بوو نزیك بوو کەبخنکێت، بەڵام هاورێکەی دەستی گرت و لەخنکانی رزگاری کرد.

دوای رزگار بوونی لەمردن لەلایەن هاورێکەیەوە هەستا بەنووسین لەسەر تاشەبەردێك: ئەمڕۆ خۆشەویسترین برادەرم رزگاری کردم لەمردن.

ئەو هاورێیەی کەلەهاورێکەی دا و دواتر لەمردن رزگاری کرد لەهاورێکەی پرسیارکرد: بۆچی لەجاری یەکەمیان کەشەپازلەکەم بەروخساردا کێشا لەسەر لم نووسیت بەڵام کاتێك لەمردن رزگارم کردیت لەسەر بەرد نووسیت..؟؟

هاورێکەی وەڵامی دایەوە: کاتێك یەکێك ئازارمان پێ دەگەیەنێت پێویستە ئەو کارەی لەسەر لم بنووسین بۆ ئەوەی کاتێك شنەبای لێبوردەیی هەڵیکرد بیکوژێنێتەوەو شوێنەواری نەهێڵێت، بەڵام کاتێك یەکێك چاکەیەکمان لەگەڵدا دەکات پێوویستە لەسەر بەرد هەڵیکەنین بۆ ئەوەی کاتێك رەشەبای تورەیی هات بەهیچ شێوەیەك نەتوانێت بیکوژێنێتەوە..؟؟

بۆیە پێویستە فێری ئەوەبین ئازارەکانتان لەسەر لم بنووسن بەڵام چاکەکان لەسەر بەرد هەڵکەنن.....هەروەها فێری ئەوە بین کەگیانی لێبووردەیی بەیەکەوە ژیان لەنێوانتاندا بەرپا بکەن و بەیەکەوەتان ببەستێتەوە بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت....؟؟؟



# وەك ڕووبار بە !!!

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:
مصطفى مصلح

پیاوێکی بەتەمەن داوای لە گەنجێکی هیوا بڕاو لە ژیاندا کرد، کە مشتێك خوێ بخاتە نێو گلاسێك ئاوەوە و پاشان بیخواتەوە. ئینجا لێی پرسی» ئایا تامی ئاوەکە چۆنە؟»

گەنجەکە وەڵامی داویەوە: زۆر سوێرو ناخۆشە

پیاوە بەتەمەنەکە زەردەخەنەیەکی کردوو، داوای لێکرد کە مشتێکی تر لە خوێ بخاتە نێو ڕووبارەکە، هەردووکیان بە بێ دەنگی بەرەو ڕووبارەکە چوون، هەروەك ئاوی ڕووبارەکە بەخور دەڕۆیشت، گەنجەکە خوێیەکەی خستە نێو ڕووبارەکە و کەمێکی لێخواردەوە.

. پیاوە بەتەمەنەکە: ئایا تامی چۆنە؟ گەنجەکە: شیرین و سازگارە

پیاوە بەتەمەنەکە: ئایا تامی خوێیەکەت کرد؟ گەنجەکەنەخێر.

پیاوە بەتەمەنەکە لە تەنیشت گەنجە گرفتارەکە وەستا و ووتی: ئازارو مەنیەتیەکانی ژیان وەك دەنکە خوێکانن، نە کەمتر و نە زیاتر، ڕێژەی مانەوەیان لە ژیاندا کت و مت هاوشێوەن. بەڵام ڕێژەی نارەحەت بوون بە ئازارەکانەوە دەوەستێتە سەر شێوازی هەڵگرتنیان لە ناخی مرۆڤەکان.

## پەندو ئامۆژگاری:

واتە: ناخۆشی و مەینەتیەکانی ژیان هەر دێتە بەردەمی ژیانی هەموو کەس بەبێ جیاوازی، تەنیا جیاوازی مەینەتیەکان دەگەڕێتەوە بۆ جیا لە شێوازی ڕێڕەوی ژیان. بەمەش دەبێ مەینەتی و بەلا و ناخۆشیەکانی ژیانیش جیابێ. گرنگ لێرەدا ئەوەیەکە

هەر ئازارو مەینەتیەك لە ژیان بە چ چەشن و جۆرێك بێ لە قورسی و زەحمەتی بارووددۆخەکە، ئەوا زۆر سووک و بێ زەحمەت دەبێ گەر بە ئاقلانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بە ڕێك و پێکی بخرێتە قاڵبێکی بەرفراوان. هەر وەك چۆن مستە خوێکە کرا ڕووبارەوە، وابزانە تۆ ڕووباریت و ناخۆشی وئازارەکانیش کەمتر لە مستێك خوێن کە بەرگری بەرفراوانی و تەڕی تۆ ناگرن و زۆر زوو دەتوێنەوە. واتە بە ئاسانی لەبەر دەستت دەگوزەرێن.

بەڵام گەر پێچەوانە بوو، شێوازی مامەلەت لەگەڵ گرفتەکان نائاقلانە بوو نەتوانی بەسەر دەرووندا زاڵبی ئەوا سینەت لە کونی دەرزی تەسکتر دەبێت و تۆش ئەتەوێ بە ناخیدا تێپەڕی کەی. ئەو کات تۆ دەبیتە کەمتر لە گلاسێك ئاو وەك دلۆپێك ئاوت لێ دێت بۆ توانەوەی مستە خوێکە، هەلبەتە خوێکەش دەبێتە بارێك بەسەرتەوە ناتوانیت هیچ بکەیت تا خۆت لەم سوری یە ڕزگار بکەی ....بۆیە هەردەم ڕووباری بژی دەروون بەرزو پڕ ئومێد بە کە ئەنجام و بەرهەمی بڕوای مرۆڤن.

خۆشەویستان و هاوڕێیانم:

کاتێك لەنێو ناخۆشی دا دەبیت، تەنیا ڕێگا چارە کە تۆ دەتوانی ئەنجامی بدەت ئەوەیە کە هەست و دەروونت بەرفراوان و گەورە کەیت لەبەرامبەر شتەکاندا، بۆیە:

هەرگیز وەك گلاسیك مەبە، بەڵكو وەك ڕووبارێك وابە !!



ابراهيم برهان

# کادیری گەشتیاری و ئەزموونی گەلان

کادیری گەشتیاری توێژێکی گرینگن لە پێشخستن و بەرەو پێشەوە چوونی پیشەسازی گەشتیاری بە گۆڕانکاری و بیرکردنەوەیان ئەتوانن لایەنی گەشت و گوزار بەرەو پیشەوە ببەن ئێمە گەر بمانەوێ رەوتی گەشت و گوزار لە کوردستان ببێتە پیشەسازی سەردەم شان بە شانی وڵاتانی پیشکەوتوو زانستیانەو سەردەمیانە بەرەو پێشی ببەین پێویستە سود لە ستراتیژیەتی سەرکەوتوانەی ئەو وڵاتانە وەربگرین وڵاتی خۆمان بەم ئاراستەیە بەرین ،

گەشت و گوزارپێویستی بەکادیرو کارمەندی زیرەك ولێهاتوو هەیە، سەرەتا دەبێ ئەم کادیرە گەشتیاریانە کە لەم بوارەدا کار دەکەن لەخۆیانەوە دەست پێبکەن ئارەزومەندانە گۆڕانکاری بەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوەیاندا بهێنن ئەکادیمی و پسپۆریانە خۆیان لە قەفەسی تیۆری دەربێنن بەرەو پراکتیکی ئاراستەکانیان بگۆرن بەردەوام ئەم پرسیارە وەك مانشێتێك لەمێشك و زەینیان چەکەرە بکات وەبزانێ نهێنی سەرکەوتنی ئەو وڵاتە پێشکەوتوانە لەچیدایە.؟

چونکە گەشتو گوزار ناگاتە ئاست وڵاتانی پێشکەوتوو مەگەر بەئەقلی پێشکەوتونەبێ واتە تابیرکردنەوەو تێفکرینمان نەگۆرین ناتوانین گۆرانکاری دروست بکەین ئێمە گەردەمانەوێ کارەکانمان ئەنجامێکی باشیان هەبێ باسوود لەم نابینایە وەربگرین هەر لەیەك بازنەدا نەخوولێینەوە.

لەسەر شۆستەی شەقامێك پیاوێکی نابینا دانیشتبوو کڵاوەکەی سەری خستبووە بەردەمی و لە تەنیشت کڵاوەکە تابلۆیەکی نوسراوی داناوە(من پیاوێکی نابینام تکایە یارمەتیم بدەن)

نوێخوازێك بەلایدا تێپەڕ دەبێ سەیرێکی کڵاوەکە دەکا پارەیەکی زۆر کەمی تیایە کەمێکی تر دەخاتە نێو کللاوەکەو سەیرێکی تابلۆکە دەکات لەوێوە هەست دەکات کەم و کورتیەك لە تابلۆکە هەیە بۆیە بێ روخسەت وەرگرتن لەنابینایەکە رستەی نێو تابلۆکە دەگۆرێت بۆئەوەی سۆزی خەڵك بۆ نابیناکە رابکێشێ و هەستیان بجولێنێ بەئاسپایی لەسەرتابلۆکەی نووسی(ئێمە لەوەرزی بەهاردایین بەلام نابینام ناتوانم سروشتی جوانی ئەم بەهار ەببینم )
پاش ماوەیەکی کەم نابیناکە تێبینی کرد کڵاوەکەی پربوە لەپارە ، هەستی کرد ئەم تابڵۆیەی بەردەمی گۆرانکاری بە سەرداهاتووە لەوکاتەدا کەیەکێ بەلایدا تێپەردەبێ پرسیاری لێدەکات دەربارەی ئەم تابڵۆیە کەچی لە سەر نوسراوە پێی دەڵێ:-
ئەم تابلۆییە لەسەری نوسراوە:

(ئێمە لەوەرزی بەهاردایین بەڵام من نابینام ناتوانم سروشتی جوانی ئەم بەهارە ببینم )

لەم چیرۆکەئەوەمان بۆ دەردەکەوێ ئەو نوێخوازەی کە تێپەڕ بوو فێری ئێمە و ئەو نابینایەی کرد ئەوشێواز و ئامرازانەی پێویست دەکات چاو پێخشاندنەوەی بۆ بکەین لە کاتێك کە دەزانین کارەکانمان ئەنجامێکیان نەبوو،

بۆ نمونەدارتاشێك خاوەن ئەزموونێکی بێ وێنەیە لە کارەکەیدا لەکاتی دروستکردنی مێزێك چەندین رێگای زانستیانە و پێوەری رێك و پێك دەگرێتە بەر کەلوپەلەکان بەئەندازەی پێویست بەکاردێنێ.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشێ ئایا تۆش ئەتوانی بە هەمان کەل و پەل و پێداویستی کە دارتاشەکە بەکاری دەهێنێت مێزێك دروست بکەیت؟

بەڵێ رەنگە بتوانی دروستی بکەی بەڵام نەك بەو شێوەی کە دارتاشەکە دروستی دەکات بەڵکو مێزێکی نارێك.

دەی کەواتە جیاوازی چیە لە نێوان ستراتیژیەتی ئێمەو دارتاشەکە یاخود بە مانایەکی تر بڵێین جیاوازی چیە لەنێوان ستراتیژیەتی ئەو گەلانەی کە لە بواری گەشتیاری لە لوتکەن لەگەڵ ئێمە کە لە سەرەتای رێگاین ئەمانەوێ بە شەو و رۆژیك بگەینە وڵاتانی پیشکەوتوو

دارتاشەکە ستراتیژیەتێکی هەیە بەماوەیەکی کورت کارەکانی تەواو دەکات ،چونکە رێگە کورتەکە دەزانێت.

بۆ ئەوەی
ئێمەش لێزان و لێهاتوو بین دەبێ ڕێگای ئەم دارتاشە بگرینە بەر بە هەمان ڕێگەی سوود وەرگرتن لەم ئەزموونە منداڵ فێری خوێندن و نوسین دەبێت ، ئەندازیارلەکارەکانی، پزیشك لە پیشەکەی ،ماموستا لە قوتابخانەکەی .......هتد

خوێنەری خۆشەویست ئێمە کاتێك دەڵێین گەشتوگوزار لەکوردستان ناوخۆییە نە بۆتە نێودەوڵەتی بەرلەوەی لایەنەپەیوەندیدارەکان بخەینە ژێرپرسیار با لەخۆماندەستپێبکەین ئێمە دوو وەزارەتمان هەبوو بەناوی (وەزارتی گەشتوگوزار )و (وەزارەتی ژینگە) لەپاڵ ئەم دوو وەزارەتە لەپایتەختی کوردستان هەولێر کە بە پایتەختی گەشت وگوزار ناوزەد دەکرێ لە سەر ئاستی عیراق پەیمانگەیەکمان هەبوو بەناوی (پەیمانگەی تەکنیکی گەشت وگوزار) کەخزمەتێکیان بەبواری گەشتیاری ئەکرد لە چاوتروکانێك بونیان نەما .کێ بەرپرسە!!!!؟ئەبێ بزانین کاتێ کەرەوتی گەشتوگوزار لەکوردستان نەیتوانیوە خۆی بسەلمێنێ ، هۆکاری سەرەکی ئێمەین نەمان توانیوە ببین بەژمارەیەك ،فشار بخەینە سەر حکومەت بریارەکان لەبەرژەوەندی گەشتوگوزار پێچەوانەبکەینەوەئەگەرهاتوو ئێمەخۆمان شارەزاکرد لەبواری پسپۆری خۆمان ئەکادیمی و زانستیانە بەرەو پێش چوین لەکارەکەمان نرخی کاتمان زیاد ئەبێت وبەهای کارمان زیاد ئەبێت (المعرفە قوە) زانینی هێزمان زیاد دەکات کەواتەبادەست نوقاونەبین لەخۆپێگەیاندنمان بەردەوام بەدوای زانستی نوێ وتازەدابگەرێین سەیری دەوروبەرمان بکەین بزانین ئەوان لەکوێن وئێمە لەکوێین،وەرگرتنی ستراتیژیەتی سەرکەوتوان ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە خەونەکانمان خاوەنی خەونی گەورە، ئەزانن پێیان لەکوێ دادەنێن(البدء بشكل جيد هو انجاز نصف الطريق) ،دەسپێکی باش وەك ئەوەیە نیوەی ڕێگات بڕی بێت.

زانراوە ئەمریکیەکان سێ مانگ پلان دادەنێن بە مانگێك جێبەجێی دەکەن ،بەلام لای خۆمان بە یەك ڕۆژ پلان دادەنێن بە سالێك جێبەجێی دەکەین ، بۆیە ئەنجامەکانمان ئاسمان و ڕێسمانی بەینە.

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:
مژدە _ لەندن

# وتەی زێڕین

پێویستە ئامادەبیت بەرەو ژیان بڕۆیت
ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك پلان بوین
کەواتە ژیان چاوەڕوانی هەمومانە
رابردوو ... ئەزمونە
ئێستا .. پێویستی بە تاقی کردنەوە هەیە
داهاتوو ... پێویستی بە راستبینی هەیە
تۆ .. ئەزمون بەکاربهێنە لە تاقی کردنەوەکاندا تا راستبینیەکانت تەواو بکەیت

هەرگیز بە ژن مەڵێ پێویستت بە پیاوە، بەڵکو پێی بڵێ پیاو پێویستی پێتە.

ئەگەر بە هەژاری لەدایك بویت ئەوا هەڵەی تۆ نیە، بەلام ئەگەر بە هەژاری مردیت ئەوا هەڵەی خۆتە.

تۆ رەنگە بڵێیت من تەنها خەونێکم ! بەلام (من) تەنها نیم هەندێ رۆژ ئاواتە خوازم کە تۆ بتوانیت بچیتە پاڵ هەموو کەسێك بیرت بێت جیهان هەریەکێکە.

بەردەوام بەدەستی بێنە و هەرگیز لە بیری مەکە، لە هەڵەکانتەوە فێر بەوهەرگیز دوبارەیان مەکەرەوە، خەڵکی بیر کردنەوەکەیان بەرەو هەڵە دەگۆڕن تۆ تەنها لە یادت بێ کە ژیان کراوەیە.

تۆ دەتوانی قسەی باش و خراپ بکەیت ... پێ بکەنیت لە کاتێکدا کە خەمباریت.

خۆشەویستی چیە؟! تۆ ناتوانی لێی تێبگەیت و بەدەستی بێنیت وە نازانیت چی تیایە.

خۆشەویستی ژیانە، ئەگەر تۆ بیری خۆشەویستیت کرد ئەوا بیری ژیانت کردووە، خۆشەویستی راستەقینە ناکرێت لە مرۆڤە کامڵەکانەوە فێر بین، دەشێت لە مرۆڤە خەوشدارەکانیشەوە فێر بین.

دەتوانین بخوێین و بخوێنەوە قسە بکەین و لەگەڵ یەکدیدا پێ بکەنین و دڵخۆش بین لە ژیاندا، بەلام باشترین هاوڕێکانت ئەوانەن کە لەگەڵتدا دەگرین.

# ڕێکخراوی (پێکەوە) بۆگەشەپێدانی مرۆیی وئاشتی کۆمەڵایەتی

ڕێکخراوی(پێکەوە) بۆگەشەپێدانی مرۆیی وئاشتی کۆمەڵایەتی، هەردەم بەگیانی لێبووردەییەوە لەخزمەتدا دەبێت وهەوڵدەدەدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و توانای تاکەکان و پەرەپێدانی بەهرەو هزرییان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. تا ڕۆڵی بنیات نەرو کارا ببینن لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و هاوچەرخدا، مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەبنەڕەتیەکان و پێکەوەژیانی تێدا فەراهەم بهێنرێت.

## ئامانجەکانی ڕێکخراو

١- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دژە توندو تیژی لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ لەبواری ئایینی، نەتەوەیی ، ڕەگەزی ، مەزهەبی ، تایفەگەری .... هتد

٢- بەرزکردنەوەو بەگەڕخستنی توانای لاوان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

٣- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری مافی مرۆڤ و هاوڵاتی بوون و لەناو کۆمەڵگادا.

٤- کارکردن لەسەر هوشیاری دژە گەندەڵی لەبواری ئابوری و کارگێڕی و ... هتد.

٥- پەرەپێدان بە تواناکانی ئافرەت لەبواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنیری و ئابووری و ... هتد، بایەخدان بە چاودێری منداڵان و پاراستنی یەکەی خێزان.

٦- توانا سازی کردن بۆ ئەو توێژانەی کە پەراوێز خراوی ناو کۆمەڵگان ( خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان ).

٧- بایەخدان بە ڕۆشنبیری ئیسلامی هاوچەرخ و لێبووردەیی ئایینی هاوسەنگ و چەسپاندنی بنەماکانی ئاشتی کۆمەڵایەتی .

٨- پەرەپێدان بە توانا مرۆییەکان لە بواری بەڕێوەبردن و پلاندانان و .... هتد .

٩- هاوکاری کردنی دەزگا فەرمی و نافەرمیەکان و ڕێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە بواری بەڕێوەبردن و تواناسازی و .... هتد.



د.ئەحمەد وەرتی
بەشی چوارەم

# توانای بڕیاردان بەهرەیەکی بنەڕەتییە لە ژیاندا

**قۆناغی پێنجەم: قۆناغی بیرکردنەوە لە بڕیارەکانی داهاتووی پەیوەندیدار**

کاتێك مرۆڤ لە سەر بڕیارێك ئۆقرە دەگرێت و پەسندی دەکات،پێویستە بیر لەو بڕیارانەش بکاتەوە کە لە مەودوا دەیانداتو پەیوەندییان بەو بڕیارەوە هەیە کە هەنووکە داویەتی و بە یەکەوە بیانبەستێتەوە ،ئەگەر نموونەی پزیشکێك وەربگرین دەبینین وەختێك بڕیار دەدات نەشتەرگەرییەکی (قەستەرە) ئەنجام بدات بۆ زانین و دۆزینەوەی ئەو دەمارەی لە دڵی نەخۆشێکدا دووچاری گیران یاخود بەستران بووە، دەبێ باش بیر لەو بڕیارانەی تر بکاتەوە کە لە مەودوا دەیاندات نەکا یەك لەو دەمارانە یاخوێنبەرانە بتەقێتەوە لە کاتی ئەنجامدانی قەستەرەکەدا و مەترسی لە سەر ژیانی نەخۆشەکە دروست بکات، یاخود زەروورەتی گرتنەبەری چەند رێ وشوێنێك بۆ رێکخستی پێش وەختە بۆ ژووری نەشتەرگەرییەکە تاوەکو ژوورەکە بە شێوەیەکی شایستە ساز و ئامادەبێت بۆ وەی مەسەلا نەشتەرگەری دڵی تیادا ئەنجام بدرێت.

بیرکردنەوە لە بڕیارەکانی ئایندە سوودی هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە بڕیاری بنەڕەتی و ئەساسی خۆیدا بچێتەوە و ئایندە بە رابردووە وە ببەستێتەوە . کەوابوو پێویستە مرۆڤ بە وردی و دیقەتەوە لە ماهییەت و گرنگی بڕیارەکانی ئایندەی وردبێتەوە و تێبگات کە پەیوەندییان بەو بڕیارەوە هەیە ئەو دەیەوێت بیدات ، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی بڕیارەکە و بەرچاو روونی بۆهەنگاوەکانی داهاتووی.

گرتنە بەری ئەو رێ و شوێنە خۆپارێزییانەو خۆ ئامادە سازییە بۆ رێگەگرتنە لە رووداوی گرفت و هاتنەپێشی کۆسپ و لەمپەر لە ئاکامی ئەو بڕیارەی دراوە و تووشی هەڵە نەبوون،چونکە زۆر کەس کاتێك بڕیار دەدات بیر لە بڕیارەکە و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان و ئەگەرەکانی داهاتووی ناکاتەوە و سەرەنجام بەخراپ بە سەریدا دەشکێتەوە.

بێگومان خودی بڕیاردان لەگەڵ کاتی راگەیاندنی بڕیارەکە یاخود کاتی جێبەجێکردنی لە یەك جیاوازن ، زۆر جار بڕیارێکی دیاریکراو وەردەگیرێت بەڵام راناگەیەنرێت تا کاتێکی دیارکراوو دوای گرتنەبەری رێ و شوێنی گونجاوو لە کاتی خۆیدا کە زەمینە لە باربێت بۆ راگەیاندنی بڕیارەکە و پاشان هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی.

ماوەتەوە قۆناغی هۆشیاری بەو باروودۆخ و کەشە سایکۆلۆژییە ی ئامادەیی هەیەلای بابای بڕیاردەر کە لە بەشی پێنجەمدا تیشکی دەخەینە سەر.



# ڕۆتینی ئیداری

## هۆکار، کاریگەرێتی، چارەسەر

ئا: یاسین احمد زەنگەنە

– لەنێو بەشێکی زۆری فەرمانگەو داموودەزگاکانماندا رۆتین گەشتۆتە ئاستێك چارەسەرکردنی ئەستەمو دژوارە، هاوولاَتیش لەدەزگاو فەرمانگاکانی حکومەتدا بەردەوام رووبەرووی دیاردەی رۆتینی ئیداری دەبێتەوە، رۆتینێکی ئالۆز کەچەندین دەیەیە بۆمان ماوەتەوە.

خەڵکی بەسەر سورمانەوە دەپرسن لەکاتێکدا کۆمپیوتەرو تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ لەنێو فەرمانگەو داموو دەزگاکاندا هەیە ،بۆچی ئەڵقە زیادەکانی رۆتین لانادرێت کەهیچ مانایەکی نییە.

– ململانێی نێوان کۆن و نوێ، نێوان چەقبەستویی و گەشەسەندن، بەیەکێك لە سونەتەکانی بونەوەر ناوزەد دەکرێت ،و بەسەر دامەزراوە و کۆمپانیا و تاکەکاندا دەچەسپێت بە تایبەتی لە کۆمەڵگای خۆماندا، کە داموودەزگاکانی بەرۆتینی ئیدارییەوە دەناڵێنن و لە نوێگەری و داهێنانیش سڵ دەکەنەوەو دەترسن، رۆتینیش کراوەتە نەریت و لاسایی باوو سروشتێك کە پشت بە رێنمایی و رێسای جێگیر و کۆن دەبەستێت.

بێگومان رۆتین یەکێکە لەو پەتایانەی کە کۆمەڵگاکەمانی گرتۆتەوە و بۆتە بەربەستێك لەبەردەم کاروانی پێشکەوتن و هەستانەوە و گیانی سەردەم کە کۆمەڵگاکان هەنگاوی بۆ دەنێن.

– رۆتین دێتە ئاراوە کاتێك نەوەی کۆن پابەندە بە بیرۆکەو پەیرەوی ئیداری و کارنامەو رێنماییەچەقبەستووەکان و دەیپارێزێت و بەرگری لێ دەکات، لە بەرامبەریشدا نەوەیەکی نوێ هەیە کە حەز دەکات ئەو چەقبەستوییە لە نێو دام و دەزگاکاندا بشکێنێ ، بە بیرۆکەی تازە و گەشەسەندنی نوێ، و گونجاو لەگەڵ گیانی سەردەمدا.

دەبێت ئەو راستییە بزانین وابەستە بوون بە بیرۆکەی تەقلیدی و شێوازی چەقبەستوویی و کارنامەی کۆن ، یان بەرەو دواوەمان دەبات ، یان بەرەو شکست و کرمۆڵ بوونی دام و دەزگاکان.

– دامودەزگای سەرکەوتوو ئەو دامەزراوانەن کە دەتوانن بە گیانی سەردەمەوە کار بکەن و دەتوانن گۆڕانکاری لە یاسا و رێنماییەکانیاندا بکەن و پانتاییەکی باش لە چوارچێوەی ئامانجەکاندا بۆ فەرمانبەرانیان بەجێ بێڵن بە مەبەستی داهێنان و گەشەکردن . ئەو دامەزراوە و کۆمپانیایانەی کە رووبەرووی گۆڕانکاری و گەشەسەندن دەوەستنەوە ئەوا شکست دێنن و زریانی گۆڕانکاری هەرلە ریشەیان دەردێنێت.

– ئەو کۆسپانەی رۆتین دروستی دەکات لە نێو دامودەزگاکانماندا زۆرن ، هەندێکیان پەیوەندی بە ئیدارەوە هەیە، هەندێکی تریان پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەیە ، ئەوەی بەندە تاکەکانەوە بریتیە لە هەڵاتنی بەردەوام لە بەرپرسیاریەتی و، پابەند بوون بە رێوشوێن و لائیحەی فەرمی نەزۆك و دەقی یاسا ی سواو کە دەرەنجامەکەی چەقبەستوویی و نەبوونی نەرم کێشییە لە جێبەجێکردندا ، هەروەها کەسی رۆتینی حەز ناکات دەستەلاَت بسپێرێت بەئاستەکانی خوارخۆی و حەز بە مەرکەزییەتێکی وشك دەکات لە جێبەجێکردنی ئەرك و فەرمانەکاندا و کەسێکە رۆچووە لە مەرکەزیەتدا و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بریاردان ئەستەم و گران بێت.

ئەونەرێنیانەشی پەیوەندی بەدامەزراوەوە هەیە زیاتر خۆی لە پلەبەندی دەسەلاَتدا دەبینێتەوە و جەخت کردنەوە یە لەسەر گرنگی رێکخستنی فەرمی، بەرێوەبەر فەرمان و بریار دەردەکات و فەرمانبەرو کارمەندانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە لەمیانەی کەناڵە فەرمییەکانی ئیدارەوە ، دوور لەپەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ خەڵکەکەیدا ، هەروەها نەبوونی رەگەزە مەعنەوییەکان وەك هاندان و داهێنان ، بۆیە پەیوەندی نێوان دامەزراوەو فەرمانبەرانی دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی مادی وشك ئەمەش گیانی داهێنان و گەشەکردن لەناخی کەسەکاندا دەکوژێت.

### هۆکارەکانی رۆتینی ئیداری

زۆر جار خەڵکی باس لە چەمکی رۆتینی ئیداری دەکات بێ ئەوەی هۆکارەکانی رووداني ئەم دیاردەیە بزانێت لە نێو دامودەزگا حکومیەکان و خزمەتگوزارییەکاندا ،کەبریتیە تەواوکردنی رێوشوێنی ئیداری و یاسایی لە بوارێکی دیاریکراودا ، خەڵکی کاتێك سەردانی دام و دەزگاکان دەکەن هەست بە مانای رۆتین دەکەن بە شێوەیەکی راستی و واقیعی ، چونکە هەر کەسە دەیەوێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا کارەکەی بۆ ئەنجام بدرێت بە بێ دواکەوتن.

لە کاتێکدا ئەنجامدانی مامەڵەیەك لە فەرمانگەیەکی حکومیدا وا دەخوازێت لە چەند ساتێکدا یان لە رۆژێکدا ئەنجام بدرێن ، بەڵام دەبینین هەفتە و زیاتریشی پێ دەچێت ، هەندێ مامەڵە چەند مانگێك و تەنانەت ساڵیشی پێ دەچێت بە پاساوی رێوشوێنی ئیداری و یاسایی و بەکارهێنانی ئەو دەستەواژە ناسراوەی کە دەڵێت ( بە پێی رێنمایی و پەیرەو و رێوشوێنە ئیدارییەکان).

خاوەن مامەڵەش ئەوەندە سەردانی فەرمانگەکان دەکات تا تووشی ماندوو بون و نارەحەتی دەبێت و هەوڵ دەدات بە هەر شێوازێك بووبێت گەر نایاساییش بێت کارەکەی بۆ ئەنجام بدرێت.

هۆکاری رووداني رۆتینی ئیداری کە خۆی لە بیرۆکراسیەکی رۆچوودا دەبینێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار وەك:

١ـ نەبوون یان لاوازی لێهاتوویی بەرپرس لە ئەنجامدانی ئەرك و فەرمانەکانی سەر شانی.

٢ـ نەبوونی لێهاتوویی فەرمانبەر یان کارمەند.

٣ـ نەبوونی چاودێری خولی بۆ بەدواداچونی تەواوکردنی مامەڵەکان.

٤ـ نەبوونی سزای کارگێری کاریگەر بۆ فەرمانبەری کەمتەرخەم

٥ـ نەبوونی کاتی دیاریکراو بۆ تەواوکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان.

٦ـ زاڵبوونی بەرژەوەندی کەسی بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا.

٧ـ لاوازیدارشتنی دەقە ئیدارییەکان و پشت بەستن بە هۆکارە کۆنەکان لە پەراوێز و هاوپێچ و نوسیندا.

٨ـ خاو و خلیسکی لە ئەنجامدانی ئەرك و فەرمانەکان.

٩ـ نەبوونی لایەنێکی چاودێری و هەڵسەنگاندنی دەرەکی.

١٠ـ کەمی ژمارەی فەرمانبەری شارەزاو و لێهاتوو.

١١ـ نەبوونی پەرەپێدانی بەهرەو تواناکان لە بەرێوەبردنی کات و بەرێوەبردنی جۆرێتی و پەیوەندیە گشتیەکان.

١٢ـ سەردانی لایەنە رەسمیەکان زیاتر بۆراگەیاندن و پروپاگاندەیە نەك هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون.

١٣ـ خراپی و نەگونجانی بەشێکی بینا حکومییەکان بۆ ئەم قۆناغو سەردەمە.

هەنگاوەکانی چارەسەر

سەرکردایەتی رۆڵی گرنگی هەیە لە بزوتنی سیستەمی ئیداری و شکاندنی چەقبەستویی و رۆتین لە نێو دامەزراوەو کۆمپانیاکاندا لە میانەی رێکخستنێکی گشتگیری دەزگای کارگێری لە نێو دامەزراوەدا، سەرکردە لە سیستەم و دامەزراوە رۆتینیەکاندا حوکمرانی دەکات بە پێیی پلەو ئاستی وەزیفی فەرمی خۆی بە پێیی بنەمای ریزبەندی لە دەستەڵاتدا ، بێ ئەوەی رەچاوی سیماو بەهرەو تواناکانی بکرێت ، ئەمەو سەرکردە ی تەقلیدی تەنها لە رێی فەرمان و رێنمایی فەرمیەوە کاردەکاتە سەر شوێنکەوتوانی ، بەڵام سەرکردەی کارا لە سیستەمی بەرێوەبردنی هاوچەرخدا کاریگەری لە فەرمانبەر و کارمەندانی دەکات نەك بە حوکمی پلەو پایەکەی بەڵکو بە توانا و رەفتار و کاریگەرییەتیەکانی لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکاندا، ئەو گیانی مەعنەوی کەسەکان بەرز دەکاتەوە و هاوکاریان دەکات لەسەر تێگەیشتی میکانیزمە جۆراوجۆرەکانی کارکردن.

رۆتین دەرەنجامێکی سروشتی بیرۆکراسییە، بەڵام بیرۆکراسییەت خۆی لەخۆیدا سیستەمێکی خراپو ئاڵۆز نییە بەڵکو چەکێکی دوولایەنەیە دەکرێت بەچاکی یان بەخراپی بەکاربهێنرێت . سەرەتا بیرۆکراسییەت رێکخستنێکە بۆ ئەوەیە کارەکان بەچاکترین شێوە بەرێوە بچێت.

بیرۆکراسییەت نەخۆشییەك نییە لەنەخۆشییەکانی ئیدارە ،مەگەرکاتێك کەسەئیدارییەکان و فەرمانبەران بەخراپی بەکاری بهێنن، ئەمەو بیرۆکراسی پێچەوانەنییە لەگەڵ چەمکی دیموکراسی و راوێژکردن و هاوبەشی لەدرووستکردنی بریاردا.

ئەمەو سروشتی و ئیدارەو ئامانجەکان و پێکهاتەکان جۆرێك لەبیرۆکراسی دەخوازێت، بەڵام رۆچوون لەمەدا مەترسییەو دەبێت خۆمانی لێبپارێزین، چونکە هەرشتێك لەسنوری خۆی تێپەری هەڵدەگەرێتەوە بۆدژەکەی و دەبێتە مایەی زیان و کێشەو گرفت.

بۆکەمکردنەوەی مەترسییەکانی بیرۆکراسی و رۆتین دەکرێت حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار رێوشوێنی ئیداری سەرکەوتوو پێویست بگرنە بەر وەك:

١ـ گۆرین یان هەمووارکردنەوەی ئەو یاساو پەیرەوو رێنماییانیی و بریارانەی کەچەقبەستوون وبەربەستن و بۆ ئەم قۆناغو سەردەمە ناشێن لەچوارچێوەی پرۆژەی چاکسازی سیستەمی ئیداری ئەمەش پێویستە لە روانگەی ستراتیژی چاکسازی ئیدارییەوە ئەنجام بدرێت.

٢ـ سەرەتا لەهەر فەرمانگەیەکدا بەپێی نەخشە رێگایەك بازنەکانی رۆتین کەم بکرێتەوە و رێو شوێنی پێویست بگیرێتە بەر تا سنووردار بکرێت.

٣ـ زیادکردنی چالاکییەکانی دەزگای چاکسازی کارگێری کەراوێژ پێشکەش بەئیدارە دەکات و پێشنیاری چارەسەر بۆ هەندێك لەکێشە ئیدارییەکان دەخاتە روو کەدەرهاویشتەی ئەنجامدانی بیرۆکراسییە.

٤ـ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ وەك هۆکارێك و بەکارهێنانیان بۆداواکارییەکان و پرۆسەی ئیداری و کاراکردنی، لەگەڵ پاراستنی رەسەنایەتی و بەهاکانی کۆمەڵگا.

٥ـ نەرمی لەکارکردندا بەشێوەیەك پێچەوانەو دژنەبێت بەئامانجە گشتییەکان .پێشێلی رێبازی دادپەروەری و یەکسانی لەمامەڵەکردندا نەکات.

٦ـ جەختکردنەوە لەسەرئەوەی فەرمانبەر لەخزمەتی سودمەنداندا کاردەکات، مرۆڤ ئامانجەو سیستەمو لائیحەی کارو رێوشوێنەکان تەنها میکانیزمێکن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

٧ـ چاودێریکردنی رەفتاری ئیداری لادەرو راستکردنەوەی بەخێرایی و بەشێوەیەکی زانستی ئەمەش بەراهێنان و تەمێکردنی کەسی کەمتەرخەم دەبێت.

٨ـ دیاری کردنی کاتی دیاریکراو تابەرپرسان و سەرۆکەکان لەگەڵ فەرمانبەران و کارمەندان کۆببنەوەو، گوێ لەسکاڵایان بگرن و کار بۆ چارەسەرکردنیان بکەن.

سەرچاوە:

ـ الروتين الاداري علی اسماعيل الجاف
ـ البيرقراطية او الدواوينية ويكيبيديا، الموسوعة الحرة
ـ الروتين مرض عضال يصيب الادارة العربية، سامح الجاد



وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:
مصطفى مصلح

# سەرچاوەی گرفتەکان

کۆمەڵە هاوڕێیەکی زانکۆ کە هاوپیشەبوون بەیەکەوە سەردانی مامۆستای زانکۆکەیان کرد و زۆر خۆشحاڵبوو بەبینییان. دوای گێڕانەوەی یادگاریەکانی کاتی زانکۆ، گفتوگۆیەکەیان چووە سەر ناڕازیبوون بە بارگرژیەکان لە ژیان و کاریاندا. مامۆستاکەیان زەردەخەنەیەکی کردو کۆمەڵێك کۆپی جۆراوجۆری هێنا، هەندێك فەخفوری و هەندێك شووشەو هەندێکی تر پلاستیك، وە چەند دانەیەك لە جۆرە زۆر گرانبەها و نایابەکان و وە هەندێکیش کەم نرخ و نارێك بوون.

ئینجا داوایکرد کە هەریەکەو بۆخۆی کوپێك هەڵگری و ئاوبخواتەوە، کاتێك بینی هەریەکەو بە کوپێك ئاوەوە وەستاون پێانی ووت : ئەگەر سەرنجتان دابێ گشت کوپە گرانبەهاو سەرنجراکێشەکان هەڵگیراون، ئەوانەی کە کەم نرخ و کەم سەرنجراکێشن لە جێگای خۆیان ماونەتەوە. لە کاتێکدا ئەمە سروشتێکی ئاساییە کە ئەتانەوێ تەنیا باشترینی شتەکان بۆخۆتان بێ. دەزانن ئێوە مەبەستی سەرەکیتان تامی ئاوەکە بووە؟! کەچی بە بێ ئاگاییی نرخ و جوانی رووخساری کوپەکان، سەرنجتانی ڕاکێشاو فەرمانی بە نفس کرد کە باشترین کوپی مەبەستە بۆ خۆی، وەلێ تامە شیرنی ئاوەکەی وێڵ کرد.

رێك وەکو ژیانی ئێمە، گەر ژیان هاوێنەی ئاوی کوپەکان بێ، ئەوا کارو سامان وە مەنسەب و جوانی نێو گۆمەڵگا هاوێنەی کوپەکانە کە تەنیا وەك هەڵگرێك وان بۆ کەرەستەکانی ژیان و چارەسەرکردنی گرێکانی. بەڵام هەرگیز جۆر و جۆنیەتی بەهای ژیان ناگۆڕێت. بۆیە گەر تەرکیزمان بخەینەسەر رووکاری کوپەکان، ئەوا زۆر ئەستەمە چێژ لەکاتەکانی ژیان بکەین و خۆشی و لەزەتی تامی ئاوەکە بچێژین:

پەندو ئامۆژگاری

مامۆستاکە لەسەر قسەو گوتەکانی بەردەوام بوو و ووتی:

بەگوێرەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، چوار خالی سەرەکی چارەسەری گشت کێشەو گرفتەکانە:

- ئێمە چاومان بڕیوەتە شتانێك وە بەتاسەوەین بۆ پێ گەیشتنیان کە خەلکانی تر خاوەنیەتی، لە کاتێکدا هەموو ئەو خەلات و بەخششانەی خودای میهرەبانمان لەبیرچووە کە بە ئێمەی داوە. هەروەها لەبیری ئەوەدانین کە چێژوخۆشیان لێوەرگرین. وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: ((ولا تمدن عينيك الى ما متعنا به ازواجا منهم زهرة الحياة الدنيا لنفتنهم فيه ورزق ربك خير وابقى ) طه، ١٣١.

واتە: چاوەکانت مەبڕە ئەو نازونیعمەتانەی داومانە بەتاقم و دەستەیە لەوانە(بێ باوەڕان) چونکە ئەوە زینەت و جوانی ئەم ژیانی دنیایە. بۆ ئەوەیە تاقیان بکەینەوە تیایدا، دڵنیابە ڕسق و ڕۆزی پەروەردگارت (لەدوارۆژدا) چاکترو بەردەوامترە.

- زۆر سکاڵاکردن لە ناخۆشی و گرفتە ئاساییی بێ ماناکانی ژیان کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە. لە کاتێکدا ئازار و نەهامەتی ڕاستەقینەمان بیرچووە

كە دەشێ ڕووبەڕووی ببینەوە لە ڕۆژی دواییی، بەهۆی بێ ئاگایی و کەمتەرخەمی خۆمان. هەروەها بێ ئاگاین لەوەی کە بۆ بەدەستهێنانی خۆشی و ئارامی ڕاستەقینە ونەبڕاوە پێویستە هەردەم هەوڵی پوختکردنی کردەوەکان بین. لە بری پوختکردنی ڕەهای کەرستە رازاوەکانی ژیان. هەروەها لە بیری کارئاسانی لابردنی نەهامەتی و مەینەتیەکانی خەلکی دووربەردابین.

هەروەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

( و كذالك نجزى من اسرف ولم يؤمن بأيات ربه ولعذاب الاخره اشد و ابقى ) طه، ١٢٧

واتە: وەهەر بەو جۆرە تۆڵە دەسێنین لەوەی زیادە ڕەوی کردبێت. وباوەڕی نەهێنابێ بە ئایەتەکانی پەروەردگاری وەسزای ڕۆژی دوایی بەتین ترو بەردەوام ترە لەسزای دنیا)

- بەدوای گشت بریقە و درەوشانەوەکانی ژیاندا وێڵین بۆ تۆزێ کارئاسانیمان، بیرمان چووە کە ناوەڕۆك و کرۆکی مەبەست لە ژیاندا تەنیا تاقیکردنەوویە. هەموو ناخۆشی و نەهامەتیەکانی ڕێڕەوی ژیان تەنیا بۆ ئەوەیە کە بێ بەش نەبیت لە وەرگرتنی خەلاتی خودایی لە ڕۆژی پەسلان کە بەهەشتی پان و بەرینە.

هەروەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

(( وما اوتيتم من شىء فمتاع الحياة الدنيا وزينتها وما عند الله خير وابقى افلا تعقلون)) القصص، ٦٠

واتە: وە هەرچی بەئێوە دراوە ئەوە هۆی خۆشی و ڕابواردنی ژیانی ئەم دنیاو جوانیەتی وە ئەوە (پاداشتە)ی لای خوایە باشترو نەبڕاوەیە. دەی ئایا ژیر نابن.

هەمیشە دونیامان بە نەبڕاوە و هەتاهەتایی وەرگرتووە. هەموو تەقەلاکانمان تەنیا بۆ دروست کردن و بنیاتنانی ژیانی دونیایە، وەك ئەوەیە «کە مردن بۆ کەسێکی تر هاتووە نەوەك بۆ ئێمە» لە کاتێکدا ئەوە ڕاستیەمان بیرچووە کە ژیانی نەمری و هەمیشەیی لەو دونیا دەست دەکەوێت نەوەك لێرە:

و الاخرة خيره وابقى ) الاعلى، ١٧

واتە: کەچی ژیانی دوا ڕۆژ باشترو پایەدارترە.

با بەیەکەوە دەست لە سکالآ و ڕەخنەگرتن هەلگرین و نرخ و بەهای ژیانمان بزانین. چێژی لێوەرگرین، چونکە هەموو کاتەکانی ژیان دەرفەتێکی زێڕینن بۆ پڕ بەرهەمکردن و زیادکردنی کردەوە چاکەکان بۆ ژیانێکی نەبڕاوەو هەمیشە.

ئیمامی علی (خوا لێی ڕازی بێ) جارێکیان دەپرسێ:

گەر ژیانی دونیا و مردن دیاریبکەین بۆ هەلبژاردنیان کامەیان هەلدەبژێری؟

ئیمامی علی (خوا لێی ڕازی بێ) سەرسام بووکاتێك پیاوەکە وەڵامی دایەوەو ووتی: من ژیانی دونیا هەلدەبژێرم. چونکە هەر بەهۆی گوزەرکردن بەنێو ژیانی دوونیاوە دەتوانم خۆشی و شادی و کامەرانی و ئارامی لە پەروردگار بەدەست بهێنم: لە کۆتاییدا دەڵێت

زۆر گوێبیستی ئەوە بووین کە دەلێن هەستان و دابەزینەکانی ژیان واتە خۆشی و ناخۆشیەکانی، ئارامی و نائارامیەکانی،...هید. لە ڕاستیدا ئەمانە بەشێکی هەرە پێویستی ژیانن کە وەك دیاریکن لەلای پەروەردگار بۆ گۆڕینی دەروونەکان، سەرەرای بەدەستهێنانی پاداشتەکەی.

پالپشتی و هێزی خودا (سبحانە وتعالی) لەڕێڕەوی ژیاندا، واتای ئەوەنیە کە لەنێو کەشتی سەفەری دەریاییدا هیچ شەپۆل و گەردەلولێك نایەتە ڕێت، بەلکو سەرەرای هێزی شەپۆل و زریانەکان ئەوا کەشتیەکە پارێزراو دەبێ لە نقوم بوون.

**ئیمامی عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) جارێکیان دەپرسێ: گەر ژیانی دونیا و مردن دیارییبکەین بۆ هەڵبژاردنیان کامەیان هەڵدەبژێری؟ پیاوەکە وەڵامی دایەوەو وتی: من ژیانی دونیا هەڵدەبژێرم، چونکە هەر بەهۆی گوزەرکردن بەنێو ژیانی دوونیاوە دەتوانم خۆشی و شادی و کامەرانی و ئارامی لە پەروردگار بەدەست بهێنم**



پایان

سەرنووسەر

# با خۆمان و نەوەکانمان نیگەران نەکەین!!!

– زۆر جار باوکان و دایکان بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن نەوەکانیان بەدبەخت و نیگەران دەکەن هەموو ئەمانە بەهۆی هیوا و حەز وخولیای خواستی دایکان وباوکانەوەیە، ئەم دیمەنانەش زۆر دوبارە دەبێتەوە. باوان دەیانەوێت بەپێی حەزو ویستی خۆیان ئایندەی نەوەکانیان دەست نیشان بکەن لەرووی زانستی و رۆشنبیری و جۆری کارو پیشەو تادوایی، بێ ئەوەی رەچاوی حەزو خولیاو بەهرەو تواناى نەوەکانیان بکەن، بەم کارەیان رۆڵەکانیان نیگەران دەکەن و خۆشیان تووشی ئازارو نارەحەتی دەکەن.

– زۆر جار نەوە باشەکان حەز دەکەن فیدای باوانیان بن ولەوپێناوەدا بەرگەی نارەحەتی و ئازار دەگرن بە هۆی حەزو خولیای باوانیانەوە، چونکە باوان خوازیاری جۆرە ئایندەیەو بڕوانامەیەکن بۆ نەوەکانیان یا کارو پیشەیەك کە ئەوان حەزی پێ ناکەن، یان لەگەڵ حەز و خولیا و سروشتیاندا یەك ناگرێتەوە. لەم کاتانەدا نە باوان خۆشحاڵ بە بەدیهێنانی حەزەکانیان، نە نەوەکانیش لە ئازارو خەم بێ بەش بونەو نە توانا و کاتەکانیان بەخەرج داوە بۆ کارو پیشەیەك کە حەزیان لێیەتی و دەتوانن بەچاکی ئەنجامی بدەن. لەم روانگەوە هەندێك ئامۆژگاری و راسپاردە دەخەینە روو تا باوان سودی لێ ببینن و نەبێتە مایەی ئازاری نەوەکانیان و تێکچونی ژیان و ونبونی ئایندەیان:

١- بەدڵنیاییەوە بزانە کە نەوەکەت رزق و رۆزی خۆی هەیە و کەسیش لێی ناسێنێت و نایبات، ،هیچ مرۆڤێك نامرێت تا رزق و رۆزی تەواو نەبێت و کاتی دیاری کراوی خۆی نەیەت.

٢- ئاگاداری نەوەکانت بکەرەوە هەرهیواو ئاواتێك ببێتە مایەی خەشمو تورەیی خوای گەورە، ئەوا لەراستیدا لوتکەی شکست و ئازارو ژانە وپێویستە لێی دووربکەونەوە.

٣- باهیوات بۆ ئایندەی نەوەکانت لۆجیکانە بێت ،کە سێك حەز لە خوێندن و خوێندنەوە ناکات و تێیدا زۆربەزەحمەت سەرکەوتوودەبێت نارەحەتی مەکە، چاوەڕوانی ئاستی زانستی و ئەکادیمی گەورەی لێ مەکە.

٤- ئایندەیەکی بەسەردا مەسەپێنە کەخۆت حەزی لێدەکەیت و ئەو نایەوێت وپێی خۆش نییە هەرچەند تواناى زانستیشی باش بێت، زۆرباسی پزیشکی و پزیشکانی بۆمەکە کەئەو خۆی حەز لەنەخۆشخانە ناکات و بەبینینی نەخۆشیش نیگەران دەبێت.

٥- سورمەبە لەسەر ئەوەی نەوەکەت کۆپییەکی خۆت بێت، لەنێوان تۆو ئەودا جیاوازی زۆر هەیە تۆمرۆڤێکی تواناو تایبەتمەندی خۆت هەیە ،ئەویش بەهەمان تەرز ، سوربوونت لەسەر ئەوەی وەك تۆوا بێت ئەوا ئایندەی دەشێوێنی و خەونەکانی وێران دەکەیت.

٦- بەراوردی مەکە لەنێوان ئەوو ئامۆزاو خاڵۆزاو پورزاوهاوڕێکانی، هەرکەسەورزقو رۆزی و پشکی دیاری کراوی خۆی هەیە لەژیاندا.

٧- رێگری لێمەکە لەحەزوو ئارەزوویەك کەحەزی لێیەتی هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، هەرچەندەتۆش وابزانیت کارێکی قورس و گرانە.

٨- بەختەوەری لەجۆری وەزیفەدا نییە بەئەندازەی لەخۆشەویستی فەرمانبەر بۆوەزیفەکەی، هەروەها بەختەوەری لەسەر قەبارەی کارە ئەنجامدراوەکان ناوەستێت، بەئەندازەی خۆشەویستی ئەوکارە ئەنجامدراوانە لای کەسەکە.

٩- ئەم خاڵانە ئەوە ناگەیەنێت تۆهاوبەشی ناکەیت لەدیاری کردنی ئایندەی نەوەکانت، بەڵام پێویستە لە روانگەی بەهرەو تواناوبیرۆکەکانیەوە هەنگاو بنێیت تا هاوکاریان بکەیت بۆ دیاری کردنی ئایندەیەکی گەش وجوان.

١٠- یەکێك لەو کارە گرنگانەی کەپێویستە فێری نەوەکانتی بکەیت ئیستیخارەکردنە چونکە پێغەمبەری ئازیز (صلی الله علیه وسلم) هاوەڵانی فێری ئیستیخارەکردن دەکرد هەروەك چۆن فێری سورەتی قورئانی دەکردن .هەروەها راوێژکردن بەکەسانی شارەزاو بەئەزموون ئەوانەی کەجێگای متمانەن .

١١- دوعاو نزای خێریان بۆبکەو چونکە بەسۆزو میهرەبانی خوای گەورە ئامانجەکان دێتەدی وناخۆشی و نارەحاتیەکانیش و لادەچن.